# وێنەکان دووبارە دەبنەوە

ئارام کاکەی فەلاح

# وێنەکان دووبارە دەبنەوە

کورتە چیرۆک

**Kurdistan 2003**

ناوی کتێب: وێنەکان دووبارە دەبنەوە
بابەت: چیرۆک
نووسەر: ئارام کاکەی فەلاح
چاپی یەکەم
تیراژ: ١٠٠٠
سلێمانی: ٢٠٠٣
تایپ و مۆنتاژ: عەبدوڵا قادر دانساز

**بۆ كاريتەی كچم**

**هەميشە لێم دەپرسێ: بابە! چيرۆكەكانی تۆ، باسی چی دەكەن؟**
**منيش هەميشە خۆم لەو پرسيارە دەدزمەوە.**

**وێنەکان دووبارە دەبنەوە**

ئەوە دیسان هاتمەوە ڕیزیان... خۆ دەیانبینن! لەپێشمەوە دەڕۆن... هەرسێکمان لۆژلۆژ بەرەو ماڵەوە دەچینەوە. وەک هەمووکات باوکم لەپێشەوە دەڕوات... برا گەورەکەم بە چەند هەنگاوێک لەدوای باوکمەوەیە... منیش لەسەر هەمان هێڵ... لەسەر هەمان ئاوازی ڕۆیشتن لەدوای برا گەورەکەمەوە دەڕۆم. من لەوەتی چاوم کردۆتەوە هەروا بووە، باوکم خۆی دەیوت کە ئەویش لەدوای باپیرمەوە دەڕۆیشت. ئەم قسەیەی کاتێک بۆ کردم کە من، منی کوڕی بچووکی باوکم... برای بچووکی کاکم، ڕۆژێ لە ڕۆژان بەخەیاڵمدا هات و زۆر لاسارانە ویستم شان بەشانی باوکم برۆم، ئەویش مستەکۆڵەیەکی پیا کێشام و بەناچاری هاتمە ڕیزی دووەم، ئای خوایە! براکەم چ خێسەیەکی لێکردم... خۆشی ئامادەکردبوو عەکسییەکم لێبدات، هەر پێش ئەوەی دەست بجوڵێنێتەوە هاتمەوە ڕیزی سێیەم.

باوکم کە قسەشی لەگەڵ دەکردین هەر لەپێشەوە بوو، ئێمەش کە وەڵاممان بدایەتەوە هەر لەدواوە... هەر لە شوێنی خۆمان و بەڕۆیشتنەوە قسەکانمان دەکرد. هەتا بڵێی شێوەیەکی پێکەنیناویمان هەبوو. ئەو خەڵکەی کە زوو زوو دەهاتن بۆ دووکانەکەمان و چلوورە و ئایسکریم و مۆتا و دۆڵدرمەیان لێ دەکڕین ناویان نابووین مێرووولە گەورەکان. ئاخر ڕاستیان دەکرد هەر کتومت

وەک مێروولە دەڕۆیشتین. گەر باوکم لەپێشەوە لەبەر هۆیەک لە هۆیەکان بوەستایە، ئێمەش لەدواوە دەوەستاین. گەر کاکم کە لەبرسێتیدا هەمیشە چارەکێکی دۆڵدرمەکانی دووکانی دەخوارد و چەند لیترێکیش ئاوی دەکرد بەسەریا، لەڕێگا بەدزییەوە لە پەنا دیواری ماڵێکدا میزی بکردبایە، من دەبوایە لە شوێنی خۆم بوەستم تا ئەو میزەکەی تەواودەکات، دەنا ڕیزەکەمان لێ دەشێوا و بە دارکاری کردنی منیش تەواو دەبوو.

ڕاستییەکەی من و براکەم دووانەین و بەیەک سک لەدایک بووین، بەڵام چونکە ئەو لەپێش مندا هاتۆتە دەرەوە، دەبوایە من بەو بڵێم کاکە. بەسەریاندا دابڕیم و کردیانە براگەورەم. وەک هەموو سیستێمێکی خۆرهەڵاتی، ئێمەیش بۆ خۆمان لە ماڵەوە یاسای پادشایەتی خۆمان هەبوو. گەر باوکم لەوێ نەبوایە، کاکم شوێنی دەگرتەوە و دوای ئەویش من.

من و کاکم هەر زۆر لەیەک دەچین، لە هەموو شتێکدا وەک یەک واین. لە سیمادا... لە باڵا و تەمەن و جوڵاندنەوەی دەستەکانماندا... لە نووستن و هەستانی بەیانیان... کارکردنیشمان بەیەکەوەیە... هاوڕێکانمان... حەزلێکردنی کچانمان... تووڕەبوونمان... حەزکردن لە دەسەڵاتمان... لەش و لارمان... جلەکانمان... بۆنی گۆرەوی و دەرپێکانمان زۆر لەیەک دەچن. هەردووکیشمان زۆر لە بابە دەچین... بەتایبەتی کاکم وەک باوکم چاوی کزە. بەڵام من تەنها شتێک کە لەوانم جیادەکاتەوە چاوەکانمە. من چاوم زۆر تیژە... لەیەک کاتدا زیاتر لە دە شوێن دەبینم... وەک باز وام، لەدووری دوورەوە شت دەبینم، جا لەبەر ئەوە بە منیان دەوت «چاومار». ئێواران درەنگ کە دەگەڕاینەوە بۆ ماڵەوە، بەو کۆڵانانەدا کە گڵۆپەکانیان شکاندووە و چاو چاوی نەدەبینی، من زۆر بە ڕوونی وێنەکانم دەبینی. کە دەڕۆیشتین، هەندێ جار پێم دەوتن، ئاگاتان لەخۆتان بێ! دوای دە مەتری تر چاڵێک دێتە ڕێگەتان... وریا بن! دوای

سەد مەتر بەردێک، کاکە نەکەوی! بابەگیان! ئاگات لێ بێ لە دوورەوە پشیلەیەک دەبینم تۆپیووە پێی پیا نەنێی. لەسەرخۆ! لێرەوە کۆترێک دەبینم باڵی چەپی بریندارە و گیاندەدا، نەیفلیقێنیتەوە... ئەو شارەمێرووڵەیە تێک نەدەنەوە... ئەو شتەی کە دەبریسکێتەوە نە ئاڵتونە... نە پارەیە، دڵی خۆت خۆش مەکە کاکە! تەنەکەیە.

تەنانەت لە دووکانیش هەر بە هەمان شێوە... لەدووری فەرسەقێکەوە موشتەرییەکان دەناسمەوە... بە سیمایاندا... نیگای خواروخێچیاندا دەزانم حەزیان لە دۆڵدرمە بێ تامەکەمەی براکەمە یان مۆتا و چلوورە و ئایسکریمی نازداری من. دوو دووکانمان هەیە بەتەنیشت یەکەوە. کاکم لەودیو، منیش لەمدیو... باوکمیش لەمدیو بۆ ئەودیو. ئێوارانیش درەنگ دایدەخەین و یەک بەدوای یەکدا دەچینەوە بۆ ماڵەوە، ئەگەر من لەپێش براکەمدا لەدایک بوومایە، ئێستا خۆشبەختانە لەڕیزی دووەم دەبووم. ئەو ماوەیەش کە لەو ڕیزەدا نەمام، ژیانێکی هەتا بڵێی سەیر بوو بۆ من. ئیشێکی تریان بەسەرما سەپاند و کاکم بە هەر شێوەیەک بێت دەیویست دوورمبخاتەوە. گرفتەکەش هی خۆی بوو نەک هی من. دڵپیسی و عەشقی کوێر و گڕگرتووی کاکم بوو بۆ ماوەی ساڵێک منی لەو ڕیزە... ئەو ڕیزەی کە بە غەریزەیەکی سەیر لە یەک کاتدا خۆشم دەویست و ڕقم لێدەبووەوە دوورخستەوە. هەمووشی لەبەر دەرکەوتنی کچێک بوو کە قوتابی بوو لە قوتابخانەی ئامادەیی کچانی سەرو دووکانەکەمان. هەموو ڕۆژێ ئەو کچە دەهات و دۆڵدرمە و ئایسکریمی لێ دەکڕین. لە منی دەکڕی و سەیری براکەمی دەکرد. بۆ بەیانی براکەم وەک شێت جێگاکەی خۆی لەگەڵ مندا دەگۆڕییەوە، کچەکە دەهات و ئەمجارە دۆڵدرمەی لە من دەکڕی و سەیری براکەمی دەکردەوە. ئیدی بەو شێوەیە براکەمی هارکرد. بۆ فێڵێک دەگەڕا من دووربخاتەوە. جا نازانم کاکم لەکوێ بیستبووی کە ئەندازیارێک لە شارێکی

ترەوە هاتووە و بەتەمایە یانەیەک بۆ پیرەکانی شار بکاتەوە. ئەو پیرانەی نە کەس خزمەتیان دەکات، نە کەس قسەی خۆشیان لەگەڵدا دەگۆڕێتەوە. ئەندازیار دەشەلی یەک قاچی هەبوو، دەیانوت کە بە منداڵی قاچەکەی تری لەدەست داوە... «مین»ێک تەقیوەتەوە و پەڕاندوویەتی. دوایش بە پارەیەکی زۆر کە خەڵک خێریان پێ کردووە، قاچێکی ئاسنینی ڕێکوپێکی تێکردووەتەوە. جا هاتۆتە ئەم شارە و دەیەوێ «یانەی پیران» بکاتەوە و خزمەتی پیرەکان بکات. کاکم چووە بن کلێشەی باوکمەوە بۆئەوەی ئەو ئەندازیارە لەو یانەیەدا ئیشێک بە من بدات. دوای دوو ڕۆژ باوکم وتی: (کوڕم! لەگەڵ ئەو ئەندازیارە قسەم کردووە و ئیشت دەداتێ). یانەکە هۆڵێکی گەورە و ژوورێکی بچووک بوو. لە هۆڵەکەدا پیرەکان بەڕووخۆشییەوە یەکە یەکە دەهاتن و دادەنیشتن و قسەیان دەکرد و بیرەوەری خۆیان دەگێڕایەوە، منیش چام بۆ دەبردن و سەر مێزەکانم پاکدەکردەوە. کابرای ئەندازیاریش لە ژوورە بچووکەکەی خۆیدا، کە بریتی بوو لە مێز و کورسییەک... تەلەفونێک و گوڵدانێک و ڕەفەیەکی درێژ بەدیوارەکەدا کە پڕی بوو لە کاسی پاڵەوانێتی و مەدالیا. لە بەیانییەوە تا ئێوارە نەدەهاتە دەرەوە. دوو ڕۆژی پێ چوو پیرەکان زۆر بێتاقەت بوون. هەرچی سەرگوزشتە و یادگاری خۆیان هەبوو بۆ یەکترییان گێڕایەوە و ئیتر کەس هیچی پێ نەما. هەموو تەمەنیان بەشی گێڕانەوەی دوو ڕۆژی نەکرد. هەر لە ژیانی منداڵی و عەشق و چاوبازییانەوە... تا ژیانی باوک و باپیران... تا ژن هێنان... منداڵ خستنەوە... کوڕەزا و کچەزا و تا دەگاتە یادگاری سیاسییان. هی وای تیابوو پانزە منداڵی هەبوو، هەر هەموویان بەجێیان هێشتبوو. دانەیەکی تر لە بومەلەرزەکەی ساڵی سیدا بلۆکێک بەر ڕانی کەوتووە و سوێندی دەخوارد دەیوت تا ئێستاش دێشێ. پیرێک بە موعجیزە لافاوەکەی ساڵی پەنجا نەیبردووە. هی واش لە هەموو شۆڕشەکانی کوردا بەشداری کردووە.

یەکێکیان لە چوارچرادا و لەکاتی دروستکردنی کۆماردا چەپڵەی لێداوە. پیرەمێردێکیان لە سەرەتای شەستەکاندا دوو دۆشکەی لە دیوی ئەودیووەوە کردووە بەمدیوودا. دانەیەکی تر لە کۆنفرانسێکی جیهانیدا بەشداری کردووە. ئەمیان «شا»ی بینیووە. ئەوەی سەر مێزی لای دەرگاکە باسی فڕۆکەوانێکی دەکرد، کە کاتێ فڕۆکەکەی دەخرێتە خوارەوە، بە خۆی و پەڕەشووتێکەوە لەسەر قەڵاودۆشکانی ئەم نیشتۆتەوە.

بەڕێوەبەری یانەی پیران لە ژوورەکەی خۆی هەر نەدەهاتە دەرەوە. من دوایی بۆم دەرکەوت کە پیلانێکی دۆزەخی لەسەردایە. دوو سێ ڕۆژ تێپەڕی بە خۆی و زەرفێکی نایلۆنەوە هاتەلایان. ئەمە یەکەمجار بوو بێت. پێی وتن: (چۆنن!) هەموو بە یەک دەنگ: (دەستت ماچ دەکەین... باشین.) وتی: (ئەوە بێتاقەت نین؟) وتیان: (تۆزێ.) ئەمیش چەند دەستێک دامە و دۆمینە و تاوڵە و یاری کاغز و شەترەنجی لەبەردەمدا دانان و وتی: (فەرموون خۆتان بەمانەوە خەریک بکەن.)

هەموو گەشانەوە و پڕبەدڵ سوپاسیان کرد و ئەویش بە پەلە وەک میزی بێ ڕایکردەوە ژوورەکەی خۆی. جا لەو ڕۆژە بەدواوە هەموویان چالاک چالاک هەر لە سەعات حەوتی بەیانییەوە تا حەوتی ئێوارە یارییان دەکرد. جا چونکە بەڕێوەبەر بەناوی ئەوەوەی کە خزمەتی پیرەکان دەکات و یارمەتییان دەدات، پارەیەکی باشی لە دەوڵەت وەردەگرت بۆیە لەم یانەیەدا «چا» بۆ هەمووان بە خۆڕایی بوو. ئەوان ئەم شتەیان نەدەزانی، لەبەرئەوە پێیان وابوو کە ئەندازیار پارەی چایەکەی ئەمان دەدات بۆیە دەیانوت کە ئەم پیاوە، خێرومەندێکی هەتابڵێی بەدڵ و دەروونە و لە باشیدا کەم وێنەیە. من هەندێ جار کە «چا»م بۆ دەبرد گوێم لێبوو بە تەلەفۆن قسەیدەکرد و داوای پارەی دەکرد. گوێم لێبوو کە گلەیی لە بەختی خۆی و یانەکەی دەکرد، کە ئەمەی کەمە و ئەوەی نییە و

دوایش ژمـارەی وەکـو دە هـەزار و بیـسـت هـەزاری دەوت و بە دڵخـۆشـیـیـەوە تەلەفۆنەکەی دادەخستەوە و تۆزێکیش پارەی بۆ من زیاددەکرد.

هـەردووکیـان دیسـانـەوە لەپێشـمـەوەن... منیش هـەروەکـو جـاران بەدوایاندا ڕێگا دەبڕم بـەرەو مــاڵەوە. دوای ســاڵێک دوورخــســتنەوە هـاتمەوە ڕیزیان. وێنەکـان وەکـو خـۆیانن... دیمەنـەکـانیش هـەمـان دیمەنن... ڕۆشـتنەکـەمـان... ئاگـادارکردنەوەی من لەدواوە بۆیان هـەروەکـو جـارانە و نـەگۆڕاوە. باوکـە! لە دووری پەنجا مـەترێکەوە، بزمارێک لەسەر زەوییـەکە کەوتووە، ئاگـات لێبێ پێی پیـانەنێـی. کـاکی خـۆشـەویست! جـاریّ خـۆت بگرە و مـیـز مـەکە، ئـەوە کـچێک لەدووری هـەشـتـا مـەترەوە لـەبەردەرگـا وەسـتـاوە. دەڵێم با لەم کـۆڵانەوە بڕۆین چاکـتـرە، چونکە سێ گـەڕەک بـەولاوە دوو مـاڵ شـەڕیـانە. لە دووری دوورەوە کـابرایەک دەبینم شتێکی لە گیرفاندا شاردۆتـەوە، کە گـەیشتە لامان سـەیری مەکـەن... یەکێکی تر جامانەیەکی کردۆتە ملی و لە ئەستێرەکان خێسـە دەکات و لە مـانگیش تف... مـەترسن دەیناسم. ئەو دەنگەدەنگەی ئـەو کـۆڵانەی تر هیچ نیـیـە شـاییـە، بەس سـەیری مـاڵی دراوسـێکەیان مـەکـەن پرسـەیـان هـەیە، کورێکیان لە ئاوی بەینی تورکیا و یۆناندا خنکاوە.

هیچ شـتێ نەگۆڕاوە... تەنها مـاوەیەک لەمـەوپێش براکـەم کـەمێک سـیـمـای تێکچـووبوو... پیرتر دیاربوو، بەڵام ئێـستـا هـاتۆتەوە سـەرخـۆی و وەک جـاران لە من دەچێت. هۆیەکـەشی ئەوەبوو کە نەدەخەوت، چونکە دوای ئـەوەی کە منی لە دووکـانەکـە دەرپەڕاند، خـۆی هـەردوو دووکـانەکـەی بەڕێوەدەبرد. کـونێکی گــەورەی کــردبـووە دیواری بـەینی هـەردوو دووکـــانەکـــە بۆئـەوەی فـــریـای هـەردوولایان بکەوێت. باوکمیش هەروەکـو جاران لەمـدیو بۆ ئەودیو... لەودیو بۆ ئەمـدیو. بۆ بەدبـەختـی کـاکم، لەو ڕۆژەوەی کـە منی دەرپەڕاند، ئیـتـر یەک جـار نەبێ ئەو کـچـە، ئەو کـچـەی کـە هـەمـوو ڕۆژێ دۆڵدرمـەی لێ دەکڕین، نەچووەوە

بەلای دووکان و برا گەورەکەمەوە. ئەو ڕۆژەی کە من لەوێ نەمابووم، چووبوو بۆلای براکەم و وتبوی: کە حەزی لە جۆرە دۆڵدرمەیەکە کە لەمانە نەچێ... شتێکی تر بێ... تۆزێ خۆشتر... بەتامتر بێ... ڕەنگاوڕەنگ بێ... بۆندارتر بێ... سەری زمان سڕ نەکات... دان نەیەشێنێ... ئیدی لەو ڕۆژە بەدواوە کاکم ئەو کچەی نەبینییەوە. بەشەوان هەر بیری لێ دەکردەوە، تا ماوەی چەند مانگێک تووشی بێ خەوی بوو. باوکم چەند جارێک بردبووی بۆ لای دوکتۆر، کەچی دوای پشکنینێکی زۆر بۆیان دەرکەوتبوو کە نەنووستنەکەی هیچ کارێکی خراپی نەکردۆتە سەر مێشک و تەندروستی. ئەویش هەروەکو جاران دۆڵدرمەی دەخوارد و لە هەچ کوێیەک حەزی بکردبایە میزی خۆی دەکرد. ئەو چەند مانگە کە بەشەوان لەجیاتی خەوتن بیری دەکردەوە. خەیاڵی سەیرسەیر و شەیتانیانەی بۆدەهات. فەنتازیای دروستکردنی دۆڵدرمەی تا دەهات دەوڵەمەندتر دەبوو. لە میوەی سەیرسەیر دروستیدەکردن، پڕبوون لە پرتەقاڵ و گێلاس و قۆخ و هەڵووژە و بەهێ و هەنگی دنیا... بەڕۆژی شەممان دۆڵدرمەکانی پڕبوون لە کاکاو و نیسکافێ... ڕۆژی وا هەبوو کۆنیاکی تێدەکردن، بەیەک قەپاڵ دەیگرتی... مشتەری دونیای لێ ورووکان... لە هەموو شوێنێکەوە دەهاتن بۆلای... ناوبانگی لە شاردا دەنگی دابووەوە. کەچی ئەو کچە نەهاتەوە بۆلای... ئەو نازدارەی کە کاکم لەبەر دڵی ئەو... خاتر و عەشقی ئەو، ئەم هەموو دۆڵدرمە جۆربەجۆرانەی لە خەیاڵدا تەقاندبووەوە، کەچی ئەو شۆخە بەو ناوەدا نەهات و نەهات. دوایی کۆڵێ پەشیمان بوو لەوەی کە منی دەرکردووە. بۆیە کەوتبووە گلەیی کردن لەوەی کە تەنیایە و فریای ئەم هەموو مشتەرییانە ناکەوێت... بێکەسە و بەرگە ناگرێت. هەر داوای منی دەکردەوە، بەڵکو بەهۆی منیشەوە کچەکە ببینێتەوە. بەڵام من ڕۆژ بە ڕۆژ حاڵ و کارم باشتر دەبوو... پارەی چاکم وەردەگرت، چونکە یانەکە ڕۆژ لەدوای ڕۆژ سیمای

دەگۆڕدرا... لە یانەی پیرانەوە سەفەرێکی ئەفسووناوی دەکرد بەرەو شتێکی تر... بەرەو قومارخانەیەکی گەورە. ئەوەش هەمووی پیلانێکی ورد و بیرلێکردنەوەیەکی قووڵی ئەندازیار بوو. هەر پاش هەفتەیەک دیسانەوە دەرکەوتەوە و هاتەوە لایان... پێی وتن: (چۆنن)؟ هەموو بەیەک دەنگ (دەستت ماچ دەکەین... باشین). وتی: (ئەوە بێتاقەت نین)؟ وتیان: (تۆزێ). یەکێ وتی: (ئەوەندە تەرەقەم کردووە هەر بێتاقەت بووم). پیرێکی تر وتی: (ئەی من بۆ ناڵێی، هێندە «کش مات»م کردووە تاقەتی شەترەنجم نەماوە). ئەوەی کە کاتی خۆی «شا»ی بینیبوو وتی: (هەتا مەرزی تاوڵەش تامی نەماوە). ئەندازیار زۆر لەسەرخۆ وتی: (ئەوە دەزانن بۆ تامی نەماوە)؟ هەموو شڵەژان و چاویان زەقکردەوە و بە یەک دەنگ وتیان: (بۆ)؟ وتی: (لەبەرئەوەی کە لەسەر هیچ دەیکەن). زەرفێکی نایلۆنی بەدەستەوە بوو، پڕی بوو لە دەنکەشقارتە و وتی: (دەتوانن لەسەر ئەم دەنکەشقارتانە یاریبکەن... پێنجی بە بیست وپێنج... دەی بە پەنجا... بیستی بە حەفتاو پێنج... ئەوەی زۆری دۆڕاند دەتوانێت قەرزم لێ بکات... ئەوەشی بردییەوە من لێی دەکڕمەوە... دەشتوانن هەر خۆتان دەنکەشقارتە لەماڵەوە بهێنن و یاری لەسەر بکەن).

بەو شێوەیە هەموو گورج و گۆڵ بوونەوە. هەریەکە دەستیکرد بە گیرفانیا، وەک مەستێک چۆن شووشەی شەرابەکەی لەسەر مێز دادەنێت، ئاوها قاوغی پڕ لە دەنکەشقارتەیان لەبەردەمیاندا دانا. بسکەی سمێڵیان دەهات... چاویان خۆشی دەباراند... من بە چاوە تیژەکانم هەموو شتێکم دەبینی... بینیم چۆن وروژاون. سەیریانکرد ئەندازیاری ئازیز ڕاستدەکات... مەرزی تاوڵە تامی دەقات خۆشتر بووە... «ئۆین»ێک هەر دەڵێی نیسکێنەی بەیانیانە... «کش مات»ێک ماچی پیرێژنێک دێنێت... تۆپاندنی دووشەشێک لەدەستی بەرامبەردا هەر دەڵێی کفتەی سابوونکەرانە... تەرەقەیەک هەر لە خواردنەوەی دۆیەکی

کەللەتەزێنی ڕۆژێکی گەرمی هاوین دەچێت... دابەزینی پەنجاویەک لە کۆنکەندا هەر تامی دانیشتنی پێشەوەی قەمەرەیەک دەدا کە قۆڵت بەئارەزووی خۆت لەسەر پەنجەرەکەی داناوە.

لەسەرەتادا، پیرەکانیش کەمێک فێڵ و تەڵەکەبازی خۆیان خستەگەڕ. شقارتەیان لە دەرەوە دەهێنا و بە ئەندازیاریان دەفرۆشتەوە. ئەمیش پێدەکەنی و بە بزەیەکی شیرینەوە دەنکەشقارتەکانی لێ دەکڕینەوە. هەر بەو سەرمایەیەی کە بۆ یانەی پیرانی وەردەگرت، هەر بەو پارەیە لێی دەکڕینەوە، تا دوایی یەک دەنکەشقارتە چی بوو پێیان نەما. هەواڵەکە بە شاردا بڵاوبووەوە، هەر خەڵک بوو دەهاتن و بە تەنەکە و کارتۆن و گوێنی خەت سوور دەیهێنا و ئەندازیاریش لێی دەکڕینەوە. تا وای لێهات دەنکەشقارتە قات بوو... دەنکێک چییە لە هیچ شوێنێک دەستنەدەکەوت... سەد جار و هەزار جار گرانبوو. جا بەناچاری هاتنەوە بەردەمی ئەندازیار و زۆر بە گران لێیان دەکڕییەوە: (تووخوا چوار دەنکم دەوێ.)... (پێنج بەرە گیانە!)... (ئەگەر بەجارێ دە دانە بکڕم، خاترم دەگری؟) ئەگەر یەکێ خۆی بەربدایە و پاکەتێ شقارتەی بکڕیبایە، هەموو بەجارێ سەیریان دەکرد، دەتووت دە کیلۆ گۆشتی کڕیووە، بەجارێ دە کەس دە کەس هەناسەیان هەڵدەکێشا و ئێرەییان پێ دەبرد. کەس دەنکەشقارتەی لە ماڵەوە نەهێشتبوو... شەڕی گەورە لەبەینی ژن و مێردەکاندا ڕوویدا... کە پیاوان لەماڵ دەهاتنە دەرەوە، ژنەکانیان گیرفانیان دەگەڕان، نەوەکو دەنکەشقارتەیان شاردبێتەوە، چونکە دەنکەشقارتەیان لەماڵدا نەهێشتبوو تا ژنەکانیان بتوانن ئاگربکەنەوە و چێشت لێبنێن، تا وای لێهات «مۆم»یش گران بوو، جا کەوتنە تایە سووتاندن... خەڵک لە شوێنی ترەوە، بە خۆیان و دارێکی ئەستووری دەستیانەوە، ئاگریان دەدزی. دەتووت تازەبەتازە لە دارستانەکانەوە هاتوونە دەرێ و بەرەو ئەوێش دەگەڕێنەوە.

پیـــرەکـــان هەمـــوویان جگەرەکـــێش بوون، بەڵام کـەس جـــورئەتی نەدەکـــرد جگەرەیەک دابگرســـێنێ... دەنکەشـــقـــارتـەیەک بەفـــیـــڕۆبدات... هەمـــوو بە دانەگیـرساوەیی دەیاننا بە لالێویانەوە، سـەیری یەکتریان دەکرد و چاوەڕێ بوون یەکێ عەقڵی لەدەست بدا و دایگرسێنێ. ئەندازیار ئاگای لەم بەزمە بوو، خـۆی دەنکەشقـارتەیەکی بۆ داگیـرساندن... هەمـوو گەشـانەوە و سـوێندیان خـوارد کـە مرۆڤی وا دڵسـۆزیان لە هیچ شـوێنێک نەبینیـووە، ئیتر جگەرە بە جگەرەیان دادەگیرساند تا شەو درەنگ.

ئەندازیار ژوورەکـەی پڕبـووبوو لە قـاوغ و دەنکەشـقـارتە... بە ملیـۆنەهای لێبـوو. ئیمـپراتۆرێکی بۆ خـۆی دروستکردبوو، ئیمـپراتۆرێکی وا کـە بەیەک دەنکەشقارتە دەسووتا. شوێن نەمابوو لەژوورەوە دابنیشێت، جا کورسییەکی لەبەر دەرگاکەیدا دانابوو، پەیتا پەیتا پێی دەفرۆشتنەوە. پیرەکانیش کەوتنە دزی و گـزی کردن لـە یەکتـر. دەنگەدەنگ و دەمـەقـاڵێی زۆر دروست بوو. ئەم دەیوت: (تۆ نابێ بە جۆکەر دابەزی)... ئەو دەیوت: (بە بیـلاهـی و بەتەڵڵاهـی لای ئێـمـە خـەڵک بـە جـۆکـەر پـەنجـاویەکی پێـبێت، دادەبەزێت)... بەرامبـەرەکـەشـی دەیوت: (بۆ تـۆ خـەڵکی کـوێیت؟) یەکـێکی تر دەیوت: (مـردووت نەمـرێ ئـەمـە شـەترەنج نییـە تـۆ دەیکەیت... تۆ «پادشـا»کەت جولاندووە ئیـتـر چۆن «تەبیت» دەکـەیت؟) ئەوەی کـاتی خـۆی لە کـۆنفـرانسی جـیـهـانیـدا بەشـداری کـردبوو هـاواری دەکرد و دەیوت: (خـۆ تۆ ئێسـتـا یەک داشـە هـەرەت هـەبوو... بۆ بوو بە دووان؟) ئەوەی کـە دۆشکەکـانی کـاتی خـۆی هێنابوو بەمدیوودا دەیوت: (من لەسـەر دەنکەشـقـارتەی سـووتاو نایکەم.) ئەو پیرەمێـردەی کە فـڕۆکـەوانەکە لەســەر قـەڵادۆشکانی نیشـتـبووەوە دەینەڕاند: (من کـەیفی خـۆمـە عـەسکەرم گەیشـتۆتە خانەی هەشتەم... دەیکەم بە قـەڵا... دەیکەم بە فیل... دەیکەم بە وەزیر خـۆم بڕیاردەدەم.) بەرامبـەرەکەشی شـەترەنجی باش نەدەزانی دەیوت: (ئاخـر

تۆ وەزیرێکت هەیە، خۆ نایکەی بە دوو.) ئەویش دەیوت: (دەیکەم و ئەولاتریش، ئەم ولاتە پەنجا وەزیری هەیە، بۆ من دووانم نەبێت.) بوو بە شەڕیان. هەر جارێکیش کە شەڕ و دەمەقاڵێیان ببوایە... بەڕێوەبەر دەچووە بەینیانەوە و بە دوو دەنکەشقارتە دڵی هەموویانی ئاشتدەکردەوە و بەمنی دەوت: (چایان بۆ بێنە... چا). ئەو کەسەی کە کاتی خۆی لە پارکی لالە بەڕێکەوت «شا»ی بینیبوو، لەپڕ هەستا و دوا دەنکەشقارتەی پێمابوو، دایگیرساند، دە کەس بەجارێ جگەرەیان پێداگیرساند. یەکێ وتی: (شێت بووە)... ئەوی تر وتی: (بەخوا تەنگەتاوە)... یەکێکی تر وتی: (نا، ڕەنگە ئیتر واز لە یاری بێنێت)، ئەویش ڕووی تێکردن و وتی: (من سەفەردەکەم).

خۆ دەیانبینن چۆن لەپێشەوە دەڕۆن... دیسانەوە من لەدوای دواوەم... هەموو شتێ وەکو خۆیەتی... هیچ شتێ نەگۆڕاوە... ئەوە نەبێ کە ماوەیەک لەمەوپێش، براکەم هەتا بڵێی پارەی چاکی بە فرۆشتنی دۆڵدرمەکانی پەیدادەکرد... ناوبانگی لە شاردا دەنگی دابووەوە. ئای چ هەوڵێکی کوشندەی دا بۆئەوەی من بگەڕێنێتەوە بۆ دووکانەکە، بەڵکو ئەوە خوایە بەهۆی منیشەوە، کچەکە بگەڕێتەوە. ئەو شەوانەی کە خەوی لێنەدەکەوت، خەیاڵی سەیرسەیری بۆ دەهات، بۆ هێنانەوەی من. بە هەر شێوەیەک بوو باوکمی ڕازیکرد بەوەی کە دووکانێکی تەنیشتمان بکڕێتەوە، بەبیانووی ئەوەی کە پارەی باشیان هەیە و پێویستی بە چەند بەفرگرێکی ترە و لەم دوو دووکانەشدا جێگای تر نابێتەوە، چونکە موشتەرییەکانی تا دەهات زیاتر دەبوون، تەنانەت زستانیش دۆڵدرمەی دەفرۆشت. تا دووکانی سێیەمیان کڕییەوە، جا دیسانەوە دەستیکردەوە بە گلەیی کردن لەوەی کە فریا ناکەوێت سێ دووکان بەرێت بەڕێوە و داوای هاتنەوەی منی دەکرد، بەلام من هەتا بڵێی کارێکی چەورم هەبوو. باوکم بە هیچ جۆرێک ڕازی نەدەبوو بەوەی من دەست لەو کارە

هەڵبگرم، چونکە بە دەستـە پارەم بۆ دەهێنایەوە، ئەویش لەبەرئەوەی «یانەی پیـران» تا دەهات قـەڵەباڵختـر دەبوو. سـیمـای پیرەکـان... هەڵسـوکەوتیـان... ئاکاریان... بیرکردنەوەیان... یاری کردنیـان لە گۆڕانێکی خێرادا بوو، چونکە دوای ئەوەی کـە ئەندازیار بۆ سـەعـاتێک دەرگاکـەی لەسـەر خـۆی داخـست و لەنێـوان دەنکەشـقـارتەکـانیـا نەخـشـەیەکی نائـاسـایی داڕشـت. من ئاگـام لە هەموو شتێک بوو... بەچاوە تیژەکانم هەموو شتێک کە نەدەبینرا من دەمبینی. لەپڕ ئەندازیـار هاتەدەرەوە، هـەر زۆر بە هەرزان، هـەرزانتـر لە نرخـی جـاران دەنکەشــقـارتەکـانی پێ فـرۆشـتـنەوە. هەمـوو شـڵـەژان... بـوو بە ڕاکـەڕاکـە... فڕاندن... پاڵپێوەنـان... دەست ڕاوەشاندن و کەوتنەخوارەوەی تاقمی دان... قۆڵ گرتن... بەشان خستن. بوو بە هەرا... بەم دەست و ئەودەست دەنکەشقارتەیان دەکڕییـەوە... ئەندازیار فـریـانەدەکـەوت پارەیان لـێ وەربگرێ جـا بـە منی وت، منیش گیرفـانی ڕاستم بۆ ئەندازیار و گیرفـانی چەپیش بۆ خۆم. ئەم هەواڵە لە هەمـوو لایەک بڵاوبووەوە، لە هەمـوو شـوێنێکەوە دەهاتن و هەرچی پارەیەک کە پێیان بوو، دەنکەشـقارتەیان پێ دەکڕی. لە ماڵەکاندا بوو بە جەژن... دیسانەوە وەکو جـاران ئاگـر دەکرایەوە، چێشـتـی چەور لێدەنرا. هـی وا هەبوو مـانگێک بوو خۆی نەشتبوو، جا حەمام گەرمکرا... پەرەمێز داگیرسا... عەلادین خرایەوە ژوورەکـان. هـی وا هەبوو لە خــۆشـیــاندا بـە دە دەنکەشــقــارتە یەک مــۆمـی دادەگیرسـاند... دایدەگیرساند و دوایش دەیکوژاندەوە. هی وا هـەبوو قاقای لێ دەدا و دەنکەشقارتەیەکی بە پێکراوی دەخستە ناو قاوغەکەی خۆیەوە بۆئەوەی بتـەقێتـەوە. چەند مـاڵێک ئاگری گرت... خـەڵکی دەیانوت: (ئەوە نوورە... نوور... ڕووناکی خێرە). چەند کەسێک سـووتان و بوون بە خەڵووز... دەوڵەت ئاگای لە هەمـوو شـتێ بوو، بەڵام ئەندازیار لـە ماوەی ئـەو چەند مـانگەدا ئەمـەندەی پارە دەسـتکەوتبـوو، هەمـوو ئەو دەنگە ناڕازییـانەی بە چەند هەزارێک بێدەنگ کرد.

به چەند ڕۆژێکی کەم هەموو دەنکە شقارتەکانی فرۆشتەوە. هێندە هەرزان پێی فرۆشتنەوە، کە ئیتر پیرەکان هەستیانکرد کە یاری کردن لەسەر دەنکەشقارتە تامی وەک جاران نەماوە. ئەندازیار یەکسەر هاتەوە لایان وتی: (چۆنن؟) هەموو بە یەک دەنگ: (دەستت ماچ دەکەین... باشین). (ئەوە بێتاقەت نەبوون بەم دەنکەشقارتە بێبایەخانە یاری دەکەن)... هەموو بە یەک دەنگ: (با، زۆر). پیرێک وتی: (سەیری دەستم بکە هەمووی بووە بە گۆگرد، دەڵێی دەستکێشم لەدەستدایە). یەکێکی تر وتی: (بۆنەکەی منی وڕ و کاس کردووە)... ئەوەی ئەولا وتی: (هێندە تەڵیزمی وردی دەنکەشقارتە چووە بە دەستمدا، سەیری دەستم بکە چۆن کوڵەوار بووە). یەکێکی تر وتی: (ئەوەندەم دەنکەشقارتە برد بۆ دەمم... سەیری زمانم بکە چۆن قاش قاش بووە). ئەوەی ئەولا وتی: (من یەک هەفتەیە سکم دەچێ... پێمان بڵێ چی بکەین). ئەندازیاریش وتی: (من سەفەرێکم بەدەستەوەیە، دوو ڕۆژم پێ دەچێ، کە هاتمەوە پێتان دەڵێم چی بکەن... ئێستا بچنەوە بۆماڵەوە و دوو ڕۆژی تر وەرنەوە). هەموو وەک مار پێوەی دابن، داچڵەکین و لەشوێنی خۆیان بەرزبوونەوە و بە یەک دەنگ هاواریان کرد: (چۆن، ئێرە دادەخەن)؟ (تەنیا دوو ڕۆژ). (ئەی ئێمە ئەم دوو ڕۆژە چی بکەین... قوڕی کوێ بکەین بەسەری خۆماندا). یەکێکیان بەو قسەیەی ئەندازیار زۆر تێکچووبوو وتی: (وا خوومان گرتووە بەم شوێنەوە، ئەگەر نەیەین ناتوانین و ڕەنگە دڵمان بوەستێت). یەکێکی تر هەموو گیرفانەکانی پڕبوو لە دەنکەشقارتە و ڕەنگی زەرد بووبوو وتی: (من مەحاڵە ئەم دوو ڕۆژە خەوم لێ بکەوێ). ئەندازیاریش سەیرێکی منی کرد و وتی: (باشە ڕۆڵە! چوار پێنج سەعاتێک بۆیان بکەرەوە تا من دێمەوە، بەس یەک تکام هەیە، ئەم دوو ڕۆژە لەسەر هیچ یاری بکەن. بۆ خۆشی باشە)؟

دوو ڕۆژی پێچوو، ئەندازیار بە خۆی و پیکابێکەوە گەڕایەوە. چوار خزمی خۆی هێنابوو، هەندێ شتیان داگرت و هەر کە خۆی کرد بە ژووردا، هەموو بە خۆشییەوە بەرەو ڕووی چوون. وتی: (چۆنن؟) هەموو بە یەک دەنگ: (دەستت ماچ دەکەین... باشین... ماوین... دەژین). وتی: (بێتاقەت دیارن)؟ وتیان: (هەر مەپرسە). وتی: (دە باشە ئێستا بچنەوە بۆ ماڵەوە... بەیانی وەرنەوە... ئەگەر کوڕی گەنجتان هەیە لەسەرروو هەژدەوە لەگەڵ خۆتان بیهێنن... کوڕەزاتان... کچەزاتان... هاوڕێکانیان، هەموویان با بێن... بەیانی پێیان دەڵێم چی بکەن).

هەموویانی ناردەوە بۆ ماڵەوە... بە خۆی و من و خزمەکانی شتەکانمان لە هۆڵەکە دانا و هۆڵەکەمان کرد بە دوو بەشەوە. لەم لا و لای دەرگاکە، دۆمینە و تاوڵە و شەترەنج و کاغزی یاری کۆنکەن، لەولاشەوە ئەو شتانەمان دانا، کە ئەندازیار لەگەڵ خۆیدا هێنابوونی: کە بریتی بوون لە ڕۆلێتێکی گەورە... لگاو... کاغەزی بیستویەک و یاری پۆکەر. بە هەر چوار خزمەکەشی وت کە ئەوان دەبێ ئەم یارییانە بەرن بەڕێوە. جامخانەیەکی بچووکیشی کڕیبوو، شووشەکەی ڕەش بوو، بەجۆرێک کە نەدەبینرا چی لێ دانراوە. جا هەڵمان واسی و پڕی کرد لە عارەق و کۆنیاک و ڤۆدکا و جن و شەراب و شەمپانیا و مارتینی جۆراوجۆر و بیرە. باڕێکی بچووکی دروستکرد و بە منی وت کە لەولا چا دەبەخشمەوە و لێرەش ئاوی ڕەوان دەفرۆشم. هەموو ناوەکانیشی فێرکردم و نرخەکانی بۆ دانام. بەیانی کە هاتنەوە، هەریەکە و قۆڵی چوار یان پێنج کوڕی گرتبوو، بەڕووخۆشییەوە هاتن و دانیشتن. ئەندازیار وتی: (چۆنن)؟ هەموو بە جارێک: (دەستت ماچ دەکەین... پێمان بڵێ چی بکەین بۆئەوەی بێتاقەت نەبین)؟ وتی: (ئەوە بۆیە بێتاقەتن چونکە لەسەر هیچ دەیکەن). ئەوەی کە لە کۆنفرانسی جیهانیدا بەشداری کردبوو، بەسەر سوورمانەوە وتی: (دەتەوێ جارێکی تر دیسانەوە لەسەر دەنکەشقارتە یاری

بکەین)؟ وتی: (نەخێر... ئەمجارەیان بۆئەوەی هەرگیزاو هەرگیز بێتاقەت نەبن، یەکسەر لەسەر پارە بیکەن... بەڵام کەم کەم، با زۆر نەدۆڕێن، یان لە یەکتر نەبەنەوە، ئێوە هاوڕێی یەکترن و دەمێکە یەکتری دەناسن... عەیبە وانییە)؟ هەموو وتیان: (ڕاست دەکەیت گەورەم! بەڕاستی تا ئێستا کەسمان لە تۆ دڵسۆزتر نەبینیووە). هەموو دەستیان کردەوە بە یاری بەڵام ئەمجارەیان لەسەر پارە... بە منی وت: (کوڕم! چایان بۆ بێنە... چا). جا هەستا و گەنجە سمێڵ بابڕەکانی بانگ کردە ئەولاوە و یەکی بیرەیەکی بەخۆڕایی بۆ هەڵپچڕین و وتی: (نۆشی گیانتان بێ... یەکەم بیرە بەخۆڕاییە). لەو کاتەشدا بە خزمەکانی خۆی وت کە بێن و ئەم جۆرە یارییانەیان فێربکەن... بۆ دوا ڕۆژ بەکەڵکیان دێت. هەندێکیان دەیانزانی و ئەوانی تر هەر ناوەکانیشیان نەبیستبوو. لە بیرەی دووەمەوە، من کەوتمە پارە وەرگرتن لێیان. ئەوانیش بەدزییەوە سەیرێکی باوکیان یان مامیان یان باپیرەیان دەکرد، کە سەرقاڵ بوون بە یارییەکانی خۆیانەوە و تۆزە تۆزەش کەوتنە پارەدانان لەسەر ڕۆڵێت و قومارەکانی تر. ڕۆژی یەکەم ئەندازیار بە خزمەکانی خۆی وتبوو کە تۆزێک خاتریان بگرن و وا بکەن کە ئەو گەنجە خوێن شیرینانە بیبەنەوە... دەیانبردەوە و بە قاقا پێدەکەنین... دەیانبردەوە و پەرداخێک شەرابیان داوادەکرد... جن بە «سێڤن ئاپ»ەوە... مارتینی بە سەهۆڵەوە. ئەندازیار چاوێکی لە خزمەکانی داگرت و بە دەنگی بەرز وتی: (کوڕینە! ئەمڕۆ تەواو، پیرۆزتان بێ پارەی چاکتان بردەوە... بڕۆنەوە، بەیانی وەرنەوە و بە هاوڕێکانیشتان بڵێن با بێن و تۆزێ کاتی خۆش لێرە بەرنەسەر).

ئیدی بەو شێوەیە یانەی پیران بووە قومارخانەیەکی گەورە. لە ڕۆژانی داهاتوودا، دەمبینی چۆن یەکە بەیەکە پارەیان پێ نەدەما... چۆن خزمەکانی ئەندازیار گزییان لێ دەکەن... دەچوون و شتەکانیان دەفرۆشت و بە پەلە

دەهاتنەوە... لە ماڵەوە دەیاندزی... دەستیان دەکرد بە گیرفانی باوکیاندا... جزدانی پارەی دایکیان دەکردەوە و لەویٚ دەیانکرد بە قومار و دەیانکردە گیرفانی ئەندازیارەوە. لەملا... لای پیرەکان چا هەر بەخۆڕایی بوو... پەیتاپەیتا لەیەکتریان دەبردەوە... لەبەرخۆیان ئاگایان لە گەنجەکان نەمابوو. لە ولاش، لای گەنجەکان، ئەگەر زۆریان بدۆڕاندبایە، ئەوا ئەندازیار بە منی دەوت: (کوڕم! ئەم قومە ڤۆدکایە بەرە بۆ ئەو قژ سوورە... ئەم شەرابە سپییە بەرە بۆ ئەو چاوشینە... ئەم بیرەیە بۆ ئەو چاکەت لەبەرە و پارەشیان لیٚ وەرمەگرە... بڵیٚ ئەمە لەسەر ئەندازیارە). قومارخانەکە تا دەهات گەورەتر دەبوو... تا حەزبکەی قەڵەباڵختر... تێکەڵییەکی سەیر بوو لە چایخانە و گازینۆ و قومارخانە و بارٖ. لەو ماوەیەشدا ئەندازیار پەیوەندییەکانی خۆی ڕۆژ بەڕۆژ فراوانتر دەبوو. خەڵکی جۆراوجۆر دەهاتنە ژوورەکەی و بە جانتای ڕەشی گەورەوە دەچوونە دەرەوە. منی چاومار هەموو شتێکم دەبینی. بەڵام ئەو خەڵکەی تر کەس ئاگای لە هیچ نەبوو... کەس سەری نەدەپرژا ئاوڕێک بداتەوە... چاوێک بەرزبکاتەوە... هەموو سەرقاڵ بوون بە خۆشی بردنەوە و گرفتی دۆڕاندنەوە... کەس نەیدەزانی ڕۆژە یان شەو، چونکە ئەو دوو پەنجەرەیەی کە لە هۆڵەکەدا هەبوو، بە فرمانی ئەندازیار، پەردەی ڕەشمان پێوەکردن و دونیای دەرەوە نەدەبینرا... ئەو سەعاتە گەورەیەی دیوارەکەشی لێکردەوە، بۆئەوەی کە ئەگەر یەکیٚ لە بێئاگایدا سەر بەرزبکاتەوە نەزانیٚ سەعات چەندە... بەم شێوەیە ژیان زیاتر و زیاتر لەناو ئەو قومارخانەیەدا خۆی دەشاردەوە... کەس ئاگای لە وەرینی تەمەن نەبوو، تا هەفتەیەک پێش ئێستا، لای نیوەڕۆکەی، ئەندازیار بانگیکردم و وتی: (کوڕم بچۆ بۆ هەموویان کەباب بێنە). وتم: (لە سەد کەس زیاترن، بۆ هەموویان بێنم)؟ وتی: (حەقت نەبیٚ، هەریەکە و نەفەریٚ). کەباب هات و کەس لە خۆشیدا ئاگای لە خۆی نەمابوو.

ئافـرەتێک بـە عـەبـایەکـەوە وەک تیـر هـاتە ژوورەوە و خـۆی کـرد بە ژوورەکـەی ئەندازیاردا... لە من زیاتر کـەس نەیبـینی. کـە هاتە ژوورەوە، یەکێ دەسـتی چەوری دەهێنا بـە سـمێڵیدا... یەکێ ڕیشی بووبوو بە تەماتـەوە... دانەیەکی تر دەیخـــوارد و چاوی لەســـەر یاری تـەیرە هـەڵنەدەبڕی... یەکـــێکی تر بـە بەرامبـەرەکەی وت: (مردووت نەمرێ تۆ لە یاریکردنیشدا هەروا خـاوی... زوو بیـــخـۆ). گـەنجـێک پارووییەکی گـەورەی لـەدەمـدا بـوو... دوو پارووی تریش بەدەسـتیـەوە و سـەیری کـەبابی هاوڕێکەی دەکـرد... پیـرێکی تر وردە پیـاز چووبوو بە لووتیا... زووزوو دەپژمی... یەکێکی تر لەسـەریەک لەسەریەک نزگرەی دەدا. دانەیەک نانی ڕووتی بـە ماسـتاوەوە دەخـوارد، بۆئەوەی دوایی کـەبابەکە بە ڕووتی بخـوات. ژنـەکە چووە ژووری ئەندازیار و دەرگاکـەی پێوەدا. لێرەش کـەباب خـورا... داوای چایان کـرد بیکەن بەسـەریا. هـەر بەدەسـتی چەورەوە تێـهـەڵچـوونەوە، دەسـتیـان کـردەوە بە یاریکردن. بۆ ئێـوارە بوو بە تـەقـە... دەستڕێژ لەسـەر دەستڕێژ. پەردەکەم لابرد و سەیرێکی دەرەوەم کرد. لەدەرەوە، لەناوەڕاسـتی شـەقـامـەکـەدا پۆلیسـێک کـوژرا، لێـرەش لەناوەوە لـە یاری شـەترەنجدا عـەسکەرێک خـورا. لەوێ یەکێ هـەروەکو شێت بە دەمانـچەیەکەوە دەخولایەوە لێرەش ڕۆڵێتـەکە دەخـولایـەوە، کە لەسـەر ژمـارە چوار وەسـتا، لە کـۆڵانـەکـەی ئەوبـەرەوە چوار کـەس بـەلادا کـەوتن و هـەڵنەسـتـانـەوە. لەوێ، دەسـتـڕێژێک هـەرچی نەخـشی کـۆنی دیوارە بەرزەکـەی ئەوبەرەوە بوو تێکی دایەوە، لێرەش یەکێ دوو «بیللی» پێبـوو زووزوو دەیووت: (نەخش... نەخش). لە دەرەوە یەکێ هـەر بەتەواوی شێت بووبوو، تـەقەی بە هـەموولایەکدا دەکرد، لێرە لە یانەی پیـراندا، یەکێ دوو سـێ داشــە هـەرەی دروسـتکرد. لەبـەر دەرگـای یانەکـەدا پشیلەیەک لەترسـاندا هـەر دەیمیـاواند... لێرەش یەکێ زووزوو دەیوت: (تەرەقە و میاو... تەرەقە و میاو).

من هەموو شتێکم دەبینی... چ لەدەرەوە... چ لەناوەوە. ئێوارەیەکی سەیر بوو، من هەر لە خۆمەوە پەیوەندییەکی نزیکم لەنێوان دەرەوە و ناوەوەدا بەدیکرد. دونیا لەو ساتەدا خۆی بووبووە قومارخانەیەکی گەورە... ژیانیش لە قومار دەچوو. هەر ئەوەمان زانی دەرگای ئەندازیار کرایەوە و ژنە بەڕووت و قووتی دەرپەڕییە دەرەوە. عەبایەکی بەدەستەوە بوو، فریانەکەوتبوو بیدات بەسەریا وەک شێت هاواریدەکرد: (قاچێکی ئاسنە... قاچێکی ئاسنە). لەوکاتەدا هەر هەموویان حەپەسان... کەس ئاگای لە یارییەکەی نەما... هەموو بەجارێ جڵەویان لەدەست دەرچوو... یەکێ لە دووەم جولانەوەدا وتی: (کش مات)... یەکێکی تر لەجیاتی شەکری کڵۆ، دووبارەیەکی برد بۆ دەمی... یەکێ لەجیاتی گیرفانی خۆی، دەستی برد بۆ گیرفانی هاوڕێکەی... یەکێکی تر بۆ بیرەی بەرامبەرەکەی، دانەیەکی تر لە یاری بیستویەکدا دوو دەیی پێبوو، دەستی درێژکرد داوای هی تر بکات، دانەیەکی تر یەک پێڕی پێبوو دەیکردە سی، کەچی دابەزی، ئەوەی لای دەرگاکە سێ جۆکەری پێبوو، کابرای ئەندازیاریش، فریانەکەوتبوو پانتۆڵەکەی هەڵکێشێتەوە، بەدوایدا دەرپەڕی سەیرێکی هەمووانی کرد و وتی: (چاوتان لێبوو، ئەوە کێ بوو هاتە ژوورەوە)؟ لەوکاتەدا تەقەی دەرەوە وەستا، لە پەنجەرەکەوە ژنەکەم بینی عەباکەی دایەوە بەسەر خۆیدا و خۆی کرد بە کۆڵانەکەی ئەوبەردا. لەناوەوەش هەموو لە یاریکردن وەستان و سەیری قاچ و قولی ئەندازیاریان دەکرد. ئەندازیار سەرخۆش بوو، پانتۆڵەکەی هەڵکێشایەوە و کورسییەکیان بۆ چۆڵکرد... بە هێمنی دانیشت... هەموو بە پیر و گەنجەوە دەوریاندا... بە تامەزرۆییەوە لەدەوری کۆبوونەوە، چونکە ئەمە یەکەمجار بوو ئەندازیار لایان دابنیشێت، شووشەیەک کۆنیاکی پێبوو، پێنج ئەستێرەی پێوەبوو، زووزوو قومی لێدەدا و پێدەکەنی، وتی: (هیچ نییە خۆتان تێک مەدەن، خۆ کەبابی باشتان خوارد)؟

هەمــوو وتیــان: (ئەرێ وەڵا). وتی: (مـن خـۆشـم نازانم ئـەو سـۆزانیـە چۆن هاتە ژوورەکـەم... من نووسـتـبـووم کـەچی ئەو منی ڕووتکردەوە، تا قـاچمی بینی، کە سـەیری کـرد قـاچێکم دەسـتکردە، ڕووحی چوو، ئیـتـر ئەوە بوو کـە ڕوویدا. پێدەکەنی و دەیوت: (کوڕینە! ئەگەر ڕاسـتـان دەوێ من کـە لەدایک بووم، چوار قـاچم هەبوو). هـەمـوو بەجـارێ: (چی)؟ ئەویش قـوم لەسـەر قـوم کۆنیـاکەکەی هەڵدەدا و بـە قـاقـا پێـدەکـەنی... وتی: (جـەمـاعـەت! ڕەنگە بڕوا نەکـەن، کـاتێ لەدایک بووم مـامـانەکە چوار قـاچی بینیـبـوو، بەدایکمی وتـبـوو، ڕۆڵە دوانەیە، ئیتر دوای ئەوەی کە هـەر من هـاتبـوومە دەرەوە، مامـانەکە هـەر دەستی دەگێڕا و سـەیری دەکـرد، بۆ سـەر و دەسـتی تر دەگـەڕا. کـەس بڕوای نەدەکـرد چۆن منداڵێک چوار قـاچی دەبێت). ئەندازیـار هـەر پێـدەکـەنی و وتی: (دەزانم هـەر باسـی چوار قـــاچ بکرێ، ئـەوا دەکـرێ بـە چوارپـێ و یەکـســـەر گـــوێدرێژتان بیـردەکەوێتـەوە، بـەڵام لەڕاسـتیـدا خـۆ هـەر کـەر چوار قـاچی نـیـیـە). ئەندازیار بەتەواوی مـەست بووبوو... بە کۆنیـاک و پێکەنین سـوور سـوور بووبووەوە، وتی: (بەو چوار قـاچەوە گـەورەبووم، هـەرچـەنـدە مـەسرەفـم لەسـەر مـاڵەوە هـەتا بڵـێی زۆربوو، دەبوایە شـەرواڵ و پانتـۆڵی تایبـەتیم بۆ بکەن... دوو جـووت گۆرەوی و دوو جـووت پێـڵاو... هـی زسـتـانە و هـی هـاوینە... دوو جـووت نەعل... دوو جـووت کـــڵاش... دوو جـــووت پووزەوانـە. بـەڵام چونکـە تاقـــانە بـووم، هـەتا بڵــێی خـۆشـەویست بووم). هەناسـەی ساردی لـەسـەریەک لەسـەریەک هەڵدەکێشـا و دەیوت: ( کـوڕینە! بڕوابکـەن باشــترین یـاری دووگـۆڵیم دەکـرد... یاری نـەبوو گۆڵی تیـا نەکـەم... هەتا بڵێی تەسکینی تۆپم جـوان بوو... لێسـەندن هـەر بەلای خـۆمـەوە بـوو... ڕاکردن بە تۆپەوە هـەر باسـی مەکـەن... هـەرچەندە گـاڵتـەیان زۆر پێدەکردم، من گوێم نەدەدایە، بەڵام بەداخەوە زوو دەریانکردم). قـاقای لێ دەدا و دەیوت: (دەریانکردم لەسـەر ئەوەی کە تیپەکانی بەرامبەرمان داوایان دەکرد،

کە دەبێ تیپی ئێمە لەجیاتی یانزە یاریزان، بە «دە»وە دابەزین، چونکە منیان بە دوو کەس دەژمارد، لەوەوە یاری زۆرمان دۆڕاند... هانی هانییان خستە سەرم و دەریانکردم. ئیتر خووم دایە ڕاکردن، هەچ پێشبڕکێیەکی ڕاکردن بکرایە، من دەمبردەوە، بڕوابکەن، ئێستاش ئەو کاس و مەدالیایانەم هەر ماون... ئەوەتان لە ژوورەکەم دامناون و بە ڕۆح دەیانپارێزم. ئیتر دوای ئەوە بۆ نەگبەتی هەچ پێشبڕێیەک بکرایە کەس بەشداری نەدەکرد، دەیانوت: «ئێمە لەگەڵ چوارپێدا ڕاناکەین». ئای خوایە چۆن گاڵتەیان پێدەکردم... پێشبڕکێیەکیان سازدا و بە منیان وت: «ئەمجارەیان تۆی تیا نیت، بۆ دوو قاچەکانە» ئیدی بەو شێوەیە لەوەش ساردیانکردمەوە... لەوەش دەریانکردم... شەو و ڕۆژ دەگریام... دایک و باوکم بڕیاریاندا بمبەن بۆ بیمارستان، تا دکتۆر دوو قاچم ببڕێتەوە... منیان برد و لەسەر چرپایەک خستیانم و بەنجیان کردم). قاقای لێدەدا و دەیوت: (کوڕینە! بڕوابکەن، دوکتۆرێک هات هەر بەتەواوی سەرخۆش بوو، بۆنی عارەقی لێدەهات، وەکو گای ئیسپانی چاوانی گۆمی خوێن بوو دەیوت: «بیگرن، من دەیبڕمەوە... من دەیبڕمەوە». دکتۆرەکە لەوە دەچوو ئەو ئێوارەیە ژنەکەی خۆی تەڵاق دابێ... زووزوو دەیوت: «چاک بوو تەڵاقمدا... سێ بە سێ تەڵاقمدا... سێ بەردەم کردە دەستیەوە... سێ... سێ... سێ»). دوا قومی لە کۆنیاکە ئەرمەنییەکەی دا و داوای بیرەیەکی کرد بۆ مەزە... پێدەکەنی و دەیوت: (جا ئەو دوکتۆرە ئاگای لەخۆی نەمابوو هەر دەیوت: «سێ... سێ»، جا لەجیاتی دوو قاچ، سێ قاچی بڕیمەوە، دەڵێن هەر بە موعجیزە ڕزگارم بووە، لیتر لەسەر لیتر خوێنیان تێکردووم، تا توانیوویانە نەزیفەکەم بوەستێنن و برینەکانم بدوورنەوە. دوایی، باوک و دایکم شکاتیان لێ کردبوو... لیژنەیەکیان دروستکرد بۆ لێپرسینەوە. دوکتۆریان بانگکردبوو... پێیان وتبوو: «جارێکی تر شتی وا نەکەی» ئەویش وتبوی: «باشە». ئیتر

ڕووداوەکەیان گەڕاندبووەوە بۆ ئەو حاڵەتە دەروونیەی کە دوکتۆرەکەی تیابووە و شتەکەیان ونکرد و کەمێک پارەیان پێ داین). پێدەکەنی و دەیوت: (کە دایک و باوکم مردن، منیش بە شارەکاندا گەڕام و وام بڵاوکردەوە کە «مین» بە قاچمدا تەقیوەتەوە و بەو شێوەیە توانیم پارەیەکی باش بۆ خۆم پەیدابکەم). ئەندازیار ئاگای لەخۆی نەمابوو، وتی: (تا هاتمە ئەم شارەی ئێوە و ئەم یانەیەم بۆ کردنەوە، بە هەزارەهام بەهۆی ئێوەی ئازیزەوە پەیداکردووە... خۆ ئێستا بێتاقەت نین). سەیرێکی منی کرد و وتی: (کوڕم... چایان بۆ بێنە... چا). لەدوای ئەو ڕووداوە سەیرانەی ئەو ئێوارەیەوە، ئیتر پیرەکان کەمتر دەهاتنە ئەوێ، هەر باس باسی ئەو ژنە ڕووتەی ژووری ئەندازیار بوو... ژیانی ئەندازیار و فرت و فێڵەکانی... نرخی ئەندازیار هاتەخوارەوە و هەموویان گومانیان دەکرد لە پاکی ئەندازیار... لە خووڕەوشتی... لە دڵسۆزی و میهرەبانی... تا وای لێهات یەک پیر چییە نەهاتەوە. بەڵام گەنجەکان تا دەهات زۆرتر دەبوون... لەسەر پارەی زیاتر دەیانکرد... هەموویان موڵک وماڵیان لەو قومارخانەیەدا دادەنا. من... «منی چاومار»... هەموو شتێکم دەبینی... دەمبینی چۆن خزمەکانی ئەندازیار بێڕەحمتر گزی دەکەن... زۆرم پێ ناخۆش بوو کە کەس قسەی نەدەکرد، تا دوێنێ خۆم نەگرت و پێم وتن: (ئەوە عەیب ناکەن... گزی دەکەن)؟ پاڵێکیان پێوەنام و یەکێکیان چووە لای ئەندازیار و گلەیی لێکردم... ئەویش بانگی کردم و پارەیەکی باشی دامێ و وتی: (ڕۆڵە! تۆ حەقت نەبێ بەسەریانەوە). ئەمڕۆش دیسانەوە لە دووری دوورەوە دەمبینین چی دەکەن و چی ناکەن. لە نیوەڕۆوە تاکو ئێوارە چەند جارێک بە خزمەکانی ئەندازیارم وت: (بەپاکی یاریبکەن)... دیسانەوە پاڵێکی قایمیان پێوەنام و ڕوومکردە گەنجەکان و وتم: (ئەوە کوێرن... نابینن چۆن گزیتان لێدەکەن)؟ بەڵام کەس گوێی لێ نەگرتم... هەموویان مەست بوون. جا یەکێکیان چوو بۆ لای ئەندازیار

و ئەویش بانگی کـــردمـــەوە چەند هەزارێکی دامـێ و وتی: (کـــوڕم! ئیـــتـــر پێویستیمان بە تۆ نەماوە، مەیەرەوە ئێرە). دەرگاکەم کردەوە بڕۆم، لەو کاتەدا ئەو پیرەمێردەی کە کاتی خۆی «شا»ی بینیبوو، چەند مانگێک پێش ئێستا سەفەری کردبوو، بە خۆیی و دەنکەشقارتەیەکی داگیرساوەوە خۆی کرد بەژووردا... دوو کارتۆن دەنکەشقارتەی لەگەڵ خۆیدا هێنابوو... گیرفانەکانی هەموو پڕبوون... سەیرێکی کرد، لە من زیاتر کەسی نەناسییەوە وتی: (ئەمە یانەی پیرانە... من دەنکە شقارتەم هێناوە). ئای خوایە! چۆن هەموومان پێکەنین.

منیش هاتمەوە بۆ دووکانی باوکم... بینیم باوکم وەستاوە و کاکم دووکان دادەخات... وتم: (بابەگیان! ئەندازیار دەریکردم و پێویستی بە من نەماوە... خزمی خۆی لەجیاتی من داناوە). نەمزانی پارەکانم چەند بوون... هەموویم کردە دەستییەوە و بەڕێ کەوتین بۆ ماڵەوە. ئەوەتان لەپێشمەوە... خۆ دەیانبینن... هەروەکو جاران من لەدوای دواوە... هاتمەوە ڕیزیان... بووینەوە بە «مێروله گەورەکان»ی جاران... باوکم هەروەکو خۆیەتی... براکەم کەمێک ڕەنگ و سیمای جارانی بۆگەڕاوەتەوە، بەتایبەتی ئەو کاتەی کە دووکانی سێیەمی سووتاند... هەر بە بیانووی ئەوەی کە بۆ باوکمی بسەلمێنێ کە فریای بەڕێوەبردنی سێ دووکان ناکەوێ، هەر بۆئەوەی من بگەڕێمەوە، دوایی باوکم بە پارەیەکی کەم دووکانەکەی فرۆشتبووەوە... ئێستا هەروەکو جاران دوو دووکانەکەی خۆمان ماوە، ئەو ماوەیەش براکەم سۆراخی کچەکەی کردبوو، بۆی دەرکەوتبوو کە کچەکە لەگەڵ ماڵەوەیاندا سەفەریان کردووە بۆ دەرەوەی وڵات... ئیتر لەو ڕۆژەوە کاکم وازی لە دۆڵدرمە جۆربەجۆرەکانی هێنا... ناوبانگیشی تۆزە تۆزە نەما... ئێستا هەروەکو جاران دۆڵدرمەی بێتام دەفرۆشێت و لە ئێوارەشەوە وەکو من زوو دەخەوێت... هەردووکیشمان وەکو

باوکم. ئەو ماوەیەی کە من لەم ڕیزەدا نەمابووم، چەندجارێک باوکم لە ڕێگا کەوتبوو... قاچی لە شتی سەیر سەیر هەڵخلیسکابوو. جارێکیشیان هەردووکیان کەوتبوونە قوڕولیتاوێکی واوە کە گەڕابوونەوە بۆ ماڵەوە دایکم کەسیانی نەناسیبووەوە... کاکیشم دوو سێ جار بەسەر میزکردنەوە گیرابوو.

ئەوەتان لەپێشمەوە هەروەکو جاران... (بابەگیان! ئاگات لەو سەرولێژییە بێ... نەکەوی)... (براکەم کەس دیارنییە... مەترسە... میزەکەی خۆت بکە).

کانوونی یەکەم ١٩٩٨

* لە گۆڤاری (بینین)دا بڵاوکراوەتەوە، ژمارە «7» زستانی «1999» ل. «38-53»

# سێوە لاسوورەی دڵ بەشی قەپاڵێک ناکات

جارێ زووه، هەر زۆر زووه باسی ئەو ڕووداوه بکەم، هەر زۆر زووه وەڵامی ئەو پرسیارانه بدەمەوه کە جارێ لەلای تۆ نەبوونە بە پرسیار. بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە فەنتازیای من دەرەقەتی ئەو پرسیارانه نایەت کە دەوروخولی ئەو ڕووداوەیان داوه و کەسیش نە بڕوایکرد و نە بڕوادەکات.

زۆر بوون ئەوانەی وتیان کە ئەو بەسەرهاتە درۆیە. درۆش نەبێ، بە خەیاڵ و خەون و فێڵی گێڕانەوه نەخش و بۆیە و ڕەنگکراوه و هەر بەتەواوی سیمای ڕاستەقینەی خۆی ونکردووه و منیش هەر جارەی بە جۆرێکی جیاواز دەیگێڕمەوه.

بەڵام ڕاستییەکەی وا نەبوو. من هەمووجارێ هەمان شتم دووبارە کردۆتەوه و هەمان ڕووداوم زیندوو کردۆتەوه، بەڵام بە وشە و ڕستەی جیاواز، جیاواز لە گێڕانەوەی دوێنێ و پێرێ.

ئەمەش هەمووی لەبەر ئەوه بوو کە ئەو ڕووداوه هێندە گەورە بوو، هێندە لق و پەلی پەرش و بڵاوبوو، هێندە نەبینراو و پڕ نهێنی بوو کە لە سنوورەکان و لە توانای زمانی تابیرکردنی من دەچووه دەرەوه، دەچووه ئەو شوێنانەی کە وشە نە توانای هەبوو نە چاوی هەبوو بیدۆزێتەوه.

ئیدی کە پرسیارە دڵڕەقەکان وەک تەرزەیەک لە چەکوش، بارانێک سووژن،

دەبارین بەسەرمدا، ناچاربووم هەر جارەی بە خەیاڵێکی جیاواز ئەو ڕووداوە بگێڕمەوە. چارەم نەبوو هەر دەبوایە چەترێکی پۆڵاین دروستبکەم لە وشە، بۆئەوەی هیچ نەبێ بتوانم بەهانەیەک بدۆزمەوە و بەجۆرێک لە جۆرەکان خۆم لە پرسیارێک یان دووان بدزمەوە، ئاخر بە هیچ جۆرێک ڕەوا نەبوو من، هەموو شتێکم بدرکاندبایە و بگێڕایەتەوە. هۆیەکەشی ئەوە بوو، کە من خۆشم نەمدەزانی.

ئێ کە من تا ئێستاش لەو ڕووداوە سەرم سوڕما بێت چی بڵێم؟ کە کیشوەرێک بەستبێتی، مۆمێک دەتوانێ چی بکات! چ هەوارێک ڕووناک و چ جەستەیەکی تەزیوو گەرمبکاتەوە! من تەنها دەتوانم بڵێم چۆن ڕوویدا؟ کەی ڕوویدا؟ بەڵام بۆچی وا کەوتەوە، ئەوەیان ئیتر دەستەپاچەم بەرامبەری و بە جۆرێک لە جۆرەکان هەوڵدەدەم بیگێڕمەوە.

من هەمیشە لە گێڕانەوەمداو لە دووپاتکردنەوەمدا بۆ ئەو ڕووداوە، هەر لەو چرکە ساتەدا کە وەڵامی پرسیارەکانم دەدایەوە، من خۆم کۆمەڵێ کۆدی نهێنی بەگیریان هێنابووم و پێویستم بە یەکێک بوو پشتمبگرێ و لە کردنەوە و تێگەیشتنیدا یارمەتیم بدات، بەڵام کوڵێ دڵم بەوە خۆشە کە جارێ زووە باسی ئەو کارەساتە بکەم، من تا دەتوانم خۆمیشی لێ دەدزمەوە، بەڵکو هەرچۆنێ بێت ناچاری گێڕانەوەی نەبم و ئێوەش تۆزە تۆزە بیرتانچێتەوە و لە کۆڵانە قوڕاویی و تاریک و پێچاوپێچەکانی ئەو بەسەرهاتەدا ون و بزر و دەستەخەڕۆ و ماندوو بن. چاوێکی واتان پێ دەبەخشم کە کۆشکی ڕاستەقینەی ئەو ڕووداوە هەرگیز نەدۆزنەوە، چونکە من هێندە تووڕە و هێندە تەنیا و ئەمەندە بریندارم، دێم و نەخشەیەکی واتان دەخەمە بەردەست کە هەمووی فڕوفێڵە.

من هەمیشە بە هەمان ڕستە، سەرەتای ئەو بەسەرهاتەم گێڕاوەتەوە،

ئەگەر ئەوە وای دابنێین سەرەتا بێت.

ـ وەک دەبینن، ئەمانەیان لەدوای خۆیانەوە بەجێهێشتووە.

ئیدی جامخانەکەم پێشان دەدان و یەکەیەکەش شتە بەجێماوەکانم بۆ ڕووندەکردنەوە. «ئەو سەبیلە، سەبیلی باوکمە، لە باپیرمەوە بۆی ماوەتەوە. ئەو سەرپۆشە، سەرپۆشی دایکمە، کەس نازانێت تەمەنی چەندە! ئەو چەقۆیەش هی مامە و وەک مەدالیا هەمیشە بەدەستییەوە یاری پێدەکرد و ئێمەی پێ دەترساند. ئەو تاکە پێڵاوەش هی برا گەورەکەمە.»

ڕاستییەکەی ئەوەیە کە من ئەمانەم لەم جامخانەیەدا هەڵگرتووە، هی ئەوەیە کە ئەوان تەنها و تەنها ئەمانەیان لەدوای خۆیان بەجێهێشتووە. تاقە یادگارێکی بینراون کە بۆ ئێمە ماوەتەوە. من کە دەرگای ژوورەکەم کردەوە، ئەم شتانەی کە دەیبینن لەوێ بوون.

ئەوانەی کە دەیانووت ڕووداوەکەم بۆیە و نەخشکردووە، ڕاست ناکەن، بەڵام لەو شتەدا بەهەڵەدا نەچوون کە من، بەسەرهاتەکەم بەجۆری جیاواز جیاواز و وشە و ڕستەی جۆربەجۆر دەگێڕایەوە. جارێک دەمووت کە قیژەی برا بچووکەکەم منی ڕاپەڕاند، چونکە من نووستبووم و کاتیش شەشی بەیانی بوو. ڕۆژێک دەمووت کە هەستی خۆم بەرەو ئەو ژوورەی بردم و کەرەتی واش هەبوو کە دەمووت کە من خۆم پێشبینی ئەو شتەم دەکرد و بەتەواوی چاوەڕێی بووم. ئان و ساتی وا هەبوو دەمووت کە هەر چواریان پێکەوە و لە یەک کاتدا هاوارێکی شێتانەیان وەک دووکەڵێکی دڕندە لێ بەرزبووەوە، هاوارێکی وا کە هەموو ماڵەکەی دەلەراندەوە. کاتی وا هەبوو بەبێ بیرکردنەوە دەمووت کە من خۆم کچێکی شومم و هەچ کەسێ بیەوێ ئازارم بدات تووشی شتی وا دەبێت. وەک دەبینن، من هەر جارەی جۆرێک لە گێڕانەوەم دەستپێدەکرد کە لەوەی پێش خۆی نەدەچوو، هۆیەکەشی ئەوەیە کە هەموو ئەو گێڕانەوانە ڕاستن و

وەک شتێ بەیەکترییەوە بەستراونەتەوە و یەکتریش تەواودەکەن. بەڵام جارێ زووە هەر زۆر زووە باسی ئەو ڕووداوە بکەم، هۆیەکەشی ئەوەیە کە خودی ئەو بەسەرهاتە بەجۆرێکی سەیر و نهێنی بە چەند سەرەتایەکەوە بەستراوەتەوە کە باسنەکردنیان هەر بەتەواوی شەبەقێکی گەورە دەخاتە گیان و جەستەی ڕووداوەکە.

من هەرگیز ناشتوانم ئەوە بڵێم کە کامە لەمانە سەرەتای یەکەمینە، کامەیانە سەرەتای سەرەتاکان، کامیان بەدوای کامیاندا هاتووە و چ جۆرە پەیوەندییەک لەنێوانیاندا هەیە و چ دانەیەکیان دەبێتە کۆتایی. وەک دەبینن من ناتوانم تەنانەت سەرەتاکەشی دەستنیشان بکەم، ئیدی چۆن چۆنی هێز و توانا و تاقەتی جیاکردنەوەیانم دەبێت. بە چ شێوەیەک! چ سیحرێک بۆ گێڕانەوەی ئەو ڕووداوە بەکاربهێنم، ئەو ڕووداوەی هەندێ جار هەر بەتەواوی دەمخاتە گومانەوە کە ڕاست بووە و خەون نەبووە، وشە کەی و چۆن دەتوانێ خەون بگێڕێتەوە؟ پێم دەووتن کە ئێمە بۆیە خەون دەبینین چونکە ناتوانین بیگێڕینەوە، گەر وشە توانای ئەوەی هەبوایە خەون بگێڕێتەوە، ئێمە هەرگیز خەونی گەورەمان نەدەبینی.

دەستە بەدەستە، کۆمەڵ بە کۆمەڵ، بە جلی ڕەش و شینەوە دەهاتن بۆ سەرخۆشی لێکردنمان، بۆ دڵدانەوەمان، بۆ پشتگیریمان. ئێمە، من و برا بچووکەکەم، هەر فریای ئەوە دەکەوتین خەڵک ڕایی بکەین. ئاخ بۆ ئەو برا بچووکە نەگبەتەی من، لەو ڕۆژەوە، لەو سەعات شەشی بەیانییەوە، لەو چرکەساتەوە کە هاواری کرد، ئیدی مانی گرتووە و وشەیەک چییە لە دەمی نایەتە دەرەوە. کەس نازانێت چییەتی!

«خۆتان خۆش بن، بەڕاست چی ڕوویداوە؟ چۆن و لە کوێن؟ کوا باوکتان، دایکتان، مامتان، برا گەورەکەتان، چییان لێهات؟ ئەی کوا تەرمەکانیان؟

ئیدی منیش جامخانەکەم دەکردەوە و یەکەیەکە ئەو شتانەم پیشاندەدان کە لەدوای خۆیانەوە بەجێیان هێشتووە.

من هەرگیز لە پرسیارە سادەکانیان سڵم نەکردووەتەوە، بۆ نموونە کە دەیانپرسی کەی ڕوویدا؟ من دەمووت «سەعات شەشی بەیانی، من چوومە ئەو ژوورەی کە باوکم و دایکم، مامم و کاکمی لێبوو، کە دەرگاکەم کردەوە، کەسیانی لێ نەمابوون. دەیانووت، باشە، ئەو ژوورە بۆ وای لێهات؟ بۆ زەوییەکەی شەقی برد و بۆ سەقفەکەی لەیەکتر ترازا؟ پەنجەرەکەی بۆ نەمابوو؟ دەمووت، نازانم! لەوانەیە هێزێکی ئەفسووناوی، ڕەشەبایەکی تووڕە و شێتۆکە، گێژەڵووکەیەکی سیحرباز هەموویانی ونکردبێت. پێم دەوتن: کە ئەوەی من زۆر لێی دڵنیام، ئەوەیە کە دایکم لە سەقفەکەوە فڕیووە، چونکە سەرپۆشەکەی لە درزی سەقفەکە گیربووبوو، من ئەوەش دەزانم کە دایکم، خۆی سەرپۆشەکەی نەبردبوو، بەڵکو بۆ منی بەجێهێشت. ئەم سەرپۆشە مێژوویەکی سەیر و پڕ نهێنی هەیە، لەوانەیە دە پشت زیاتر دایکەکان بۆ کچەکانی خۆیانیان بەجێهێشتبێ. دەمووت: لەوانەیە پێکەنینتان بێت و بڵێن، ئێ خۆ دایکت چۆلەکە و کۆتر نییە... خۆ سارووخ نییە بفڕێت بۆ ئاسمان. دەمووت: نازانم! بەڵام دایکم هەمیشە دەیووت، کە نەنکم لەسەر مانگ چاوەڕێی دەکات. هەر لەو کاتانەدا کە لەتێک لە مانگ لە ئاسمان دەردەکەوێت، ئیتر نەنکم دادەنیشێ و قاچەکانی شۆڕدەکاتەوە و چاوەڕێی دایکم دەکات. دایکم دەیووت، کە منیش بە هەمان شێوە، کاتێ کچێکم دەبێ، دەبێت سەرپۆشەکەی بۆ بەجێبهێڵم و بچم بۆلایان. دەمووت، کە باوکم و مامم لە پەنجەرەکەوە فڕێندراون، چونکە سەبیلەکەی بابە و چەقۆکەی مامم هەر لەسەر تاقی پەنجەرەکە بەجێمابوون. بەپێکەنینێکی تاڵەوە دەمووت، جووتە برا ڕەنگە چووبن بۆ بیرە خواردنەوە، چووزانم! ئەی کاکت؟ دەمووت؛ کە ئەو بەداخەوە

چووە بەناخی زەویدا، چونکە تاکە پێڵاوێکی بەدرزی عەردی ژوورەکەوە بەجێمابوو. سەریان بادەدا و پێکەنینیان دەهات. دەمووت، مافی خۆتانە، چەند پێدەکەنن، چەند قاقای شێتانە بێئاگا فڕێدەدەنە هەوای ئەم ژوورەوە، چەندێکیش بزەی شەرمنانەتان دێ، با بێت، بەڵام هەر دەبێ وا ڕوویدابێت. دڵنەواییان دەکردین و بە غەمبارییەکەوە دەیانووت، بەڵام ئەوان لەوە ناچێ مردبن، خۆ تەرمەکانیان نەدۆزراوەتەوە، بەڵکو ڕۆژێ لە ڕۆژان بگەڕێنەوە. من دەمووت: بڕوا ناکەم تازە ئەوان بێنەوە، چونکە من دڵم خەبەری دابوو کە کەسیان دیارنامێنن. هەر لە ئێوارەی ئەو ڕۆژەوە، کە هەرچواریان لە ژووری لای دالآنەکە کۆبوونەوە، ئیدی من دەمزانی کە کارەساتێک بەڕێوەیە. باشە ئەوان لەو ژوورەدا چییان دەکرد؟ بۆ هەرچواریان کۆببوونەوە؟ دەمووت، باسی منیان دەکرد، دەیانوویست سزام بدەن. منیان بانگکرد و پێیان وتم، کە بچمە ژوورەکەی خۆم و نەیەمە دەرەوە، هەتا ئەوان گازمدەکەن. ئێوارەیەکی درەنگ بوو، هەتا بڵێی تاریک و غەمگین، من دڵم لەسەر سەد لێیدەدا، دەمزانی کە ئەوە دوا ئێوارەیە بیانبینم، بۆیە بۆ ماوەی چەند چرکەیەک سەیری سیمای شەکەت و تووڕە و ماندووی هەموویانم کرد، دەگریام، فرمێسک چاوەکانمی خۆشەکردبوو، هەر بە نیگای تەڕەوە، من و دایکم، خواحافیزییەکی وشکمان لەیەکتر کرد و هاتمەوە ژوورەکەی خۆم. لە پەنجەرەکەوە سەیری پەنجەرەی بەپەردە داپۆشراوی ژوورەکەیانم دەکرد، ئەوان ببوونە کۆمەڵێ تارمایی دڕندە بەناو یەکتریدا دەچوون. شتی سەیرم دەبینی: قۆڵی دایکم دەچوو بە چاوی باوکمدا، لووتی مامم دەچوو بەگوێچکەی کاکمدا، تارمایی لایەکی باوکم و مامم تێکەڵاوی یەکتر دەبوون و دەبوونە یەک کەس. چەقۆکەی مامم دەبووە سەبیلەکەی باوکم. سەبیلەکەی دەبووە چەناگەی کاکم. ئاخ! بۆ ئەو ئێوارە درەنگ وەختە! چ ئازارێکی هەبوو ڕۆحم! کێتان لەمانە تێدەگات؟ دەیانووت،

باشە بۆچی دەیانوویست سزات بدەن؟ چیت کردبوو؟ هیچم نەکردبوو، تەنها ئەوە نەبێ کە کوڕێکم خۆشدەویست. هەرچەندە ئەم جۆرە دەستپێکە، ڕەنگە لەلای ئێوە، دەستنیشان کردنێکی گرنگی سەرەتای یەکەمینی ڕووداوەکە بێت، هەرچەندە ئەوەش دەزانم کە ئەم دێڕە لەم شارەی ئێمەدا نەشاز دێتە بەرگوێ، بەڵام ئەمە ئەو کلیلە زێڕینە نییە کە هەموو دەرگاکانی ئەم ڕووداوە بکاتەوە. ڕەنگە ئەمەیان پەنجەرەیەکی بچووک بێت، بەسەر ڕووداوەکەدا بڕوانێت، بەمەرجێکیش ڕووداوەکە هەر لەو ناوە نەبێت. پێم دەوتن، دەرگا و پەنجەرە هەرگیز نابن بەیەک، نە کلیل دەبێتە دەرگا و نە کلیل دەبێتە پەنجەرە.

دەستەیەک دەهات و دەستەیەک دەڕۆشت. دە کەس دەهاتن و چوارکەس هەڵدەستان و دەڕۆشتن. منیش جامخانەکەم دەکردەوە و یەکەیەکە شتەکانم بۆ ڕووندەکردنەوە. جامخانەکە لای ئەوان ببووە تەلەڤیزیۆنێک هەر سەیریاندەکرد، لای منیش دوا مەنزڵگای بیرەوەرییە تاڵەکانی ماڵی خۆمان بوو. پێم دەوتن، ڕەنگە لەلاتان سەیربێت، کە هەموو تەمەنی ئەم کەسانەی کە لەم ماڵەدا ژیاون و دەژین لەو جامخانە بچووکەدا جێگەی بێتەوە. دەمووت، سەیری تەنیایی من بکەن دەیبینن؟ گەر باسی تەنیایی خۆمتان بۆ بکەم هەمووتان دەتۆقێن. خۆم بۆنەدەگیرا و دەگریام، ئەوانیش دڵخۆشیان دەدامەوە. دەمووت، من منداڵێکی گەورە و پیرم... تازە بە ئێوە ژیر نابمەوە. دەیانووت، کچی باش! دەتۆ واز لەم گریانە بهێنە و باسی ڕاستی ڕووداوەکەمان بۆ بکە. دەمووت، مەبەستان لە ڕاستی ڕووداوەکە چییە؟ باسی ئەو کوڕەمان بۆ بکە کە خۆشتدەویست و ئەم کارەساتەشی بەدەمەوە هات.

لەڕاستیدا زۆر، هەر زۆر زەحمەتە باسکردنی بوون و سیما و ڕۆحی ئەو کوڕە، چونکە دوای تەمەنێک لە پەیوەندی نهێنی هەردووکمان، ئێستا من لەو بڕوایەدام کە ڕەنگە ئەو پیاوە، هەر بەتەنیا دروستکراوی خەیاڵ و ئەندێشەی

من بێت. خەونە تەنیاکانی من ڕایانکێشابێتە ئەم دونیا جەنجاڵەوە. بەهانەیەکی پڕ ناچاری و درۆیەکی پیرۆزی بیرکردنەوەکانم ئەویان پێکهێنابێت.

پێنج کەس زەنگیان لێدەدا و دادەنیشتن. سێ کەس تەوقەیان لەگەڵ دەکردین و دەڕۆیشتن. منیش جامخانەکەم دەکردەوە و یەکەیەکە شتەکانم بۆ ڕووندەکردنەوە.

ئێستاش دوای مانگێک لە بەخێرهاتن کردن و ڕاییکردنی خەڵکی، ئەو خەڵکەی کە بەشێوەیەکی نهێنی و نەوسن و سەیر لەو ڕووداوە ورووکابوون، گەیشتوومەتە ئەو بڕوایەی کە هەتا زۆرتر باسی ئەو ڕووداوە و لق و پەلەکانی بکەم، زیاتر و زیاتر لێی دووردەکەومەوە. هەتا قووڵتر بەدوای نهێنییەکانیدا بگەڕێم، دەست بەتاڵتر دەگەڕێمەوە. گەر بێتو ئازاتر وەڵامی پرسیارەکان بدەمەوە، بێ وەڵامتر دەمێنمەوە. لەڕاستیدا سەرنەکەوتنی من لە گێڕانەوەمدا بۆ ئەو ڕووداوە، هەر بەتەنیا ناگەڕێتەوە بۆ لاوازی تابیرکردنم لە خەون و دونیا و پەیوەندی و دیاردە ئاڵۆزەکان، بەس تەمەڵیم نییە لە یاریکردنمدا بە زمان، هەر ئەوەش نییە کە من بەجۆرێک لە جۆرەکان سەرەتاکەیم بۆ دەستنیشان ناکرێت، بەڵکو ڕەنگە زیاتر هی ئەوە بێت کە هەر کوچەی دێڕێک داگیردەکەم بۆ نزیک کەوتنەوەم لەو کۆشکی ڕووداوە، چەندەها شەقام و کۆڵانی ترم لێ دووردەکەونەوە. هەر وشەیەک کە وامدەزانی دەبێتە کلیلێک بۆ کردنەوەی کوێرە دەرگایەک، بە هەزارەها دەرگای نەبینراو بەڕوومدا دادەخران. پێیان دەوتم، ئەوە تۆ باسی چی دەکەی؟ دەمووت، ئەو ڕووداوە وەک جەستەیەکی سەربەخۆ وایە، ناتوانم ئەندامێکی ئەو لەشە بگرم و بەتەنیا باسی بکەم. دەستی باس بکەم، چاو و دڵ و ڕۆح و گیانیم لێ زویردەبێ، هەر بەتەنیا دڵ بگرم و بیکەمە تابلۆیەک و بیخەمە چوارچێوەی باسکردنمەوە، نە قژ دەمێنێ،

نە گـوێچکە، نـە بیـرەوەی، نە جلە جـوانەکـانی، قـسـەکـانـی، جـووڵانەوەی دەسـتـەکـانی، نە شـنەی هەناسـەکـانی، نـە ئاخ و ئۆفی... نە خـەونـەکـانی... نە ئازاری قـووڵی نێـوچاوەکـانی. گـێـژەڵووکـە ناکـرێ بە گـێـژەڵووکـەی بچـووک بچـووکەوە... تەپـوتۆز دابەش ناکرێت، زەحـمـەتە باسکردنی دەریایەک لە مـاسـی سـەرئاوکەوتوو، کـە مـردوون و لەگـەڵ هـەر مـاسـیـیـەکیـشـدا یادگاری خـۆت هـەبێت... زەحمەتە.

هەندێکیـان، هـەر زۆر بەتـوورەیی، بێ خـواحـافیـزی دەرۆیشـتن، هەندێکی تر بەبێ ئەوەی لە دەرگا بدەن، دەهـاتن و بەپێوە دەوەستان. پێم دەوتن، لەڕاستیدا من ئەو کورەم زیاتر لە خـەونەکانمدا بینیـووە. دەمووت، جارێکیـان لە خەونێک، لە خـەونەکـانمدا پێکەوە بووین. من لـەخـۆشـیـانـدا دەگـریام، ئـەو دەیووت، ئەو بارانە چ وەرزییـە لە چاوتا دەبارێت؟ کە ژیر دەبوومەوە دەیووت، مـەیموون! ئەم هەمـوو گێـلاسـە وەریوانە چۆن کۆبکەمـەوە! ئاخـر پێـم بڵێ ئەم هەمـوو یاقـووتە ئاوییـانە چی لێبکەم! پێدەکەنیم و دەمووت ئەوەیان گرفـتی خـۆتە. دەیووت، تۆ سـەیری ئەو هـەموو باڵندە کۆچەری و بزێوانە ناکەی، ئەمانە هـی گـەرمیانن یان کوێسـتـان، دەمـووت، هـی هیـچیـان. دەیووت، ئاخـر ئـەمـانە دەبێ ناوێکیـان بۆ بدۆزینەوە چونکە نە بڕوایان بە قـەفەز هـەیە، نە بە ئاسمان... نە بە سـەربەستی و نە بە درەخت و نە بـە هـەتاو و نە بـە مـاچ و نە بە باران. وتی، من ئێـسـتـا دێمـەوە. من بـەتەنیـا مـامـەوە. لەگـەڵ پەپوولەکـاندا بـە باران خـۆم شت، پەلکەزێڕینە هێندە نزیک کەوتبـووەوە لێم، دوو سێ ڕەنگمـان لەگـەڵ یەکتـردا گۆڕییەوە، لەگەڵ کـەروێشکەکاندا چاوشارکێم دەکرد، کە تینووم دەبوو، بینم دەنا بـە شـەونمی گـوڵـەکـانەوە، لـەگـەڵ سنەوبـەرێکی پیـردا، بە مـازۆکـانی هەڵمەقۆمان دەکرد، کە لێم بردەوە، خۆی ڕاوەشاند و نوقمی کردم لە مازوودا. لەپڕ خـەبەرم بووەوە، سـەیردەکەم هـەموو بەسـەر سـەرمـەوە حەپەسـاون و دایکم

دەگری، لەخۆشیانا پڕی پیاکردم و ماچی کردم. وتم ئەوە چی ڕوویداوە؟ وتیان، کچێ! ئەوە تۆ ماویت؟ زیندوویت؟ وتم: بۆ؟ وتیان کە ئێمە دوو ڕۆژی تەواوە خەبەرت دەکەینەوە و بەئاگا نایەیتەوە، دوو جار بردوومانی بۆلای دوکتۆر. دەیانووت بووراوەتەوە، یان نووستووە، مەترسن دڵی زۆر خێرا لێدەدا. چەند جارێک بە ئاو دەموچاومان تەڕکردوویت، بۆنمان کردووە بە لووتتدا، دەست و قاچمان بەرزکردوویتەوە، چارەی نەبووە... چەندەها پڕوپیرێژن هاتوون و دوعایان خوێندووە بەسەرتا... دوو جاران لەپی دەستمان خوێندوویتەوە... یەک بار پارەمان لە فاڵچی و غەیب دۆزەکاندا سەرفکردووە، کەس سەری لەم بوورانەوەیەی تۆ دەرنەکردووە، دایکت بە دەیەها قاوەی لەم دوو ڕۆژەدا خواردۆتەوە بۆ قاوەگرەکان. تەندروستی هەر بەتەواوی تێکچووە. منیش خەونەکەم بۆ گێڕانەوە. کاکم شەقازللەیەکی لێدام... دایکم گریا و بە سەرپۆشەکەی زوو زوو چاوی دەسڕی... مامم زوو زوو چەقۆکەی پێشان دەدام... باوکمیش لەسەر خەونەکەم سزای دام و تا هەفتەیەک نەیهێشت بخەوم. بەڵام هەموویان بەهەڵەدا چوون، چونکە ئەو کوڕە لە هەموو شوێنێ لەگەڵمدا بوو... لە ژوورێک لە ژوورەکانی دڵمدا خۆی حەشاردابوو. هەندێ جار ماسی سووردەکردەوە. بە هەچ لایەکدا دەچووم... بۆنی ماسیم لێدەهات... دایکە کڵۆڵەکەم چەندەها بۆنی گرانبەهای بۆ کڕیم... دەمووت دایکە پێویست ناکات سوودی نییە. لە هەموو شوێنێ پێیان دەوتم: ئەوە چییە ماسیت خواردووە؟ دەمووت: نەخێر، یەکێ لە دڵمدایە و ماسی سووردەکاتەوە. ئەفسووس، پێم پێدەکەنین چونکە لە من زیاتر کەس ئەو دووکەڵی خۆشەویستییەی نەدەبینی کە لە دڵمەوە هەڵدەستا.

لە دەرگایان دەدا و بەپێوە دەوەستان. هۆڵەکە و هەیوانەکە پڕبووبوو لە خەڵک. لە پەنجەرەکانەوە سەیریان دەکرد و گوێیان دەنا بە شووشە

ساردەکەیەوە، منیش جامخانەکەم دەکردەوە و شتە بەجێماوەکانم بۆ ڕووندەکردنەوە. دەیانووت: کەواتە ئەو کوڕە، بەس تەنها لە خەونەکانتا هەبووە، بوونێکی ڕاستی نەبووە؟

دەمووت نازانم! چیتان پێ بڵێم! هەندێ جار دەمبینی لەناو کتێبەکانمدا دەهاتە دەرەوە... لەبەردەممدا قوت دەبووەوە. لەناو ئاوێنەکەمدا دادەنیشت. هەندێ جار دەستی دەکردە شانە، جاری تر بە تەوقە و قردێلە. جارێکیان لەسەر سفرەکە لەگەڵماندا دانیشت و لە خواردنی قاپەکەی منی دەخوارد... دایکم سەیرێکی کردم و وتی: کچم وا زوو نانەکەت تەواوکرد. بە هێواشی بیخۆ، تۆ کچی. من بڕوا ناکەم، ئەو بەس بەتەنیا کوڕی ناو خەونەکانم بووبێت. چونکە زۆر کەس ئەویان لەگەڵ مندا بینیووە، بینیوویانە کاتێ پیاسەمان کردووە. چەند لە هاوڕێکانم پرسیاریان لێ کردووم وتوویانە ئەو کوڕە کێ بوو لەگەڵتا پیاسەی دەکرد و زوو زوو پەنجەکانی نوقم دەکرد لە قژتا؟ زۆر کەس گوێیان لێ بووە کە گۆرانی بۆ ووتووم. وتوویانە ئەوە بەڕاست کێیە گۆرانی دەڵێ؟ منیش دەمووت، هیچ نییە، ئەوە هەندێ جار لە دڵمدا باران دەبارێت.

پێم دەوتن: لەو ڕۆژەوەی ئەو کوڕە هاتۆتە ژیانمەوە، هەموو شتێ لەلام گۆڕاوە... چاوەکانم لە چاوی ئاسایی ناچن. چاوەکانی جاران نین و شتێکی ترن. ئەو بوو بەهەزارەها مانای تازەی بەخشی بە گیانم... بە ڕۆحم... بە هەستی شێواوم... بە هەناسەکانم... بە دوودڵی و خەونەکانم. من هەرگیز نەمدەزانی کە ئەم دڵە چکۆلانەیەی من، هێندە بۆی هەیە گەورە بێت، باران تیایدا ببارێت... گێلاس چەکەرەبکات و کەستانی بوەرێت. هەتاو بەو هەموو سیحری سووتان و ڕووناکییەوە تیایدا هەڵبکات... ئاسمان ببێتە سەقفی و خۆشەویستی بە دەرگا و دڵنیایش بە پەنجەرەی. خۆشی لە ژوورێک لە

ژوورەکانی دڵمدا ماسی سووربکاتەوە.

بەڵام هەر زۆر دڵم بەوە خۆشە کە جارێ زووە... هەر زۆر زووە باسی ئەو ڕووداوە بکەم. ئەوانیش هەر دەهاتن و دەڕۆیشتن، منیش جامخانەکەم بۆ دەکردنەوە و یەکە بەیەکە شتەکانم بۆ ڕووندەکردنەوە.

کۆتایی شوبات ـ سەرەتای مارت

٢٠٠٠

* لە گۆڤاری (ڕامان)دا بڵاوکراوەتەوە، مانگی حووزەیرانی ساڵی «2001».

# كۆڵانی تەنیاكان

لەکاتی کەوتنەکەدا، هەردوو دەستی خستبووە سەر دەموچاوی، لەوە دەچوو گریابێت، پێدەچوو ویستبێتی فرمێسکە بەستووەکانی چاوانی بتەکێنێت کە وەک دوو چلوورەی لاواز و بنیست لە پێڵووەکانییەوە تا ڕوومەتی داچەقیووی شۆڕبووبوونەوە. لەوە دەچوو فریا نەکەوتبێ ئەو دوو هێشووە فرمێسکە، لەو دارمێوانەی برژانگی لێ بکاتەوە.

من خۆم کە یەکەمجار بینیم، نەمزانی دەبێ ئەوە یەکێ بێت و ئاوا بەو شێوەیە کەوتبێتە ژێر قورسایی جەستەی بەفرەوە، یان کونجێکی گەرم و گوڕی لەسەرما بۆ خۆی دروستکردبێت. لەوە دەچوو ڕەقبووبێتەوە، چونکە من کە هەر زۆر زوو بەیانییەکەی بە کۆڵانەکەدا ڕۆیشتم، ئەو کۆڵانەی کە من ناوم ناوە کۆڵانی تەنیاکان و تۆش بە گاڵتەوە پێی دەڵێیت کۆڵانی زوگورتییەکان. شتێکی گرمۆڵەم لە چەقی کۆڵانەکەدا بینی کە نەمدەتوانی هەستی پێ نەکەم. نەدەبوو، نەدەکرا هەروا بەئاسانی لێی ڕابکەم. لە بەفرێک دەچوو لە ڕۆحیدا نهێنییەکی حەشاردابێت و لەترسی ئەوە و لەسەرمادا گرمۆڵە بووبێت، چونکە سەرمای ئەو بەیانییە لە سەرمای هیچ بەیانییەک و زەمانێکی تر نەدەچوو. هەرچەندە دونیا بەتەواوی ڕووناک نەبوو بووەوە، بەڵام ئەو شتە گرمۆڵەبووەی چەقی کۆڵانەکە هەر دەبیندرا. جا ئەوە کەی پەیوەندی بە یاساکانی بینین و

نەبینینەوە هەبوو؟ کـوا دەچووە ژێر دەسـەڵاتـی تیشکی ڕووناکی و کۆنتـرۆڵی قـەدەری تاریکییـەوە؟ نـەشـتـبـینیـایە، هەسـتت پـێ دەکـرد. هەسـتـیـشت پـێ نەکـردبـایە، بە هـەزار و یەک گـوێچکە، گـوێت لـێ دەبوو. گـەر ئەوەش نـەبوایە، ئەوا دەستێکی نهێنی و سەیر دەیبردیتە بەردەمی. من نەمدەزانی نهێنییەکە لە سـەرمـاکـەی ئەو بەیانـیـەدا بوو؟ لـە سـروشـتـەوە هەڵقـوولابوو؟ یان لە لاشـە چەقیووەکەی چەقی کۆلان؟

من، سـەرەتا خـەیاڵم هەر لـەلای سـەمـوونەکـانم بوو کـە هـەڵمـیـان لێ هەڵدەستا. هەر بیرم لەوە دەکردەوە کە بەزووترین کات دەرگاکانم لێ بکرێنەوە و بیـانفـرۆشم، کـەچی ئەوەی جـێگای داخی گـرانم بوو، یەکـەمـجـار بـوو هیچ کـەسێ نـەیـەت بە دەنگ و هـاوارمـەوە، نـەفـرێ بە بـۆن و بـەرامـەی سەموونەکانمەوە. بەتایبەتی لەم کۆلانەدا، کۆلانی تەنیاکان. وەک خۆت دەزانی مـشـتـەری چاکم هەیە کـە هەمـوو بـەیانیـیـەک وەک لەسـەر ئاگـر دانیـشـتبن، چاوەڕێم دەکەن. هێندە هاوارم کرد، هێندەم ووت: «سەمـوون... ئەوە سەمـوونی گەرمە... سەمـوون»، خەریک بوو قووڕگم بێتە دەرەوە. نەخێر، کەس دەرگای لێ نەکردمەوە... کەس نەهات بەلامەوە... نەفەرێکیش چییە چاوەڕێم نەبوو. کۆلانە و کۆلان هەر دەگـەڕام. یەکەم ڕێبواری نـامۆی ئەو بەیانیـیە سامناکـە بووم کە بەفرەکەم وەک قورێکی سارد و سپی دەشێلا. لەسـەرما و هەستی تەنیـایی و نەفرۆشتنی سـەموونەکاندا دەلەرزیم. چاوم گێڕا و کەسم نەدی. نازانم بۆچی خـۆم کـردەوە بـە کـۆلانی تـەنیـاکاندا... ئـەو کۆلانەی کـە ئەوی لێ بـوو. وا هاتە بەرگـوێم کە لەو کـۆلانەوە بانگم دەکەن. نـەخێر، نـەک وا هاتە بەرگوێم، ئـەمـە تابیرێکی هەڵەیە، چونکە بەڕاستی یەکێ بانگی کردم. یەکەمجار کەسم نەدی. چاوم گێڕا و لە بەفر زیاتر، هیچ مشتـەرییـەکم نەبوو. ئاخر کە بەفر دەبارێ، هەمـوو شـوێنێ لەیەک دەچێ. زۆر بە زەحـمـەت کـۆلانەکـەم ناسـیـیـەوە و بە

شانازی و خەواڵووەوە چاوم دەگێڕا و خەیاڵم هەر لەلای سەموونەکانم بوو، کەچی کەس دەرگای لێ نەکردمەوە. ئەی ئەوە کێ بوو بانگی کردم؟ خۆ من دەنگی یەکە بەیەکەی ئەو کەسانە دەناسمەوە کە لەو کۆڵانەدا بانگم دەکەن و سەموونم لێ دەکڕن. بەڵام ئەو دەنگە غەریب بوو، ئاواز و مۆسیقاکەی بە ڕۆحی ئەو کۆڵانە نەشاز بوو. کۆڵانەکەم بڕی و ویستم پێچێ بکەمەوە بۆ کۆڵانێکی تر، کەچی دیسانەوە دەنگەکە زرنگایەوە. منیش هەروەک عەرەبانچییەکی تووڕە سەد ئەسپ ڕامکێشێت، ئاوها خۆم پیا کردەوە، شتێکم بینی لە چەقی کۆڵانەکەدا گرمۆڵە بووبوو. من گوێم پێ نەدا، چونکە خەیاڵم هەر لەلای سەموونەکانم بوو کە تا ئەو کاتەش هەر هەڵمیان لێ هەڵدەستا، بۆ کوێ دەچووم، قاچەکانم هەر دەیانبردمەوە سەری، هەموو ڕێگەیەکی ئەو بەیانییە، بە شەقام و کۆڵانەکانییەوە هەر دەچووەوە بەردەمی ئەو شتە گرمۆڵەبووە. یەکەمجار وام زانی ئەوە لاشەی ئەسپێکی تۆپیووە، کە لە دڵڕەقی و زوڵمی زۆری خاوەنەکەی هەڵهاتووە و بەفرەکەی ئەم شەو داپۆشیووە. من زۆر گوێم پێ نەدا، ئاخر بەو بەیانییە زووە و بەو سەرمایەی کە قەپاڵی دەگرت لە جەستەم بۆ دەبێ بچم بەلای ئەسپێکی لەدەست چووەوە؟ بەڵام کە بەئاستەم لێی نزیک بوومەوە، دوو جێگادەستی چکۆلانەم بینی کە لەناو بەفرەکەدا بەجێمابوون، لە جێگادەستی مرۆڤ نەدەچوون. شتێکی تر بوون، جوان و بۆندار و سەرنجڕاکێش، بەشێوەیەک کە ئەو هەموو بەفرەی کە بەسەریدا باریبوو، نەیتوانیبوو جێگاکەی پڕبکاتەوە. ڕەنگە بڕوام پێ نەکەی ئەگەر بڵێم کە کلووە بەفرەکان کاتێ نزیک دەکەوتنەوە لەو دوو جێگادەستە، خۆیان لێ لادەدا.

من بینیمن، بەم دوو چاوە بێکەڵکەی خۆمەوە بینیمن، دوو جێگادەست وەک یاقووت و پشکۆ و چاوی پشیلەی شەوان دەبریسکانەوە، لەوە دەچوو کە یەکێ

ویستبێتی لاشەکە دەربهێنێ و بەرزیبکاتەوە، بەڵام بۆی نەلواوە. توورەکە گەرمەکەم لەناو بەفرەکەدا دانا و بە دەستکێشە شڕ و دڕاوەکانم کەمێک لە بەفرەکەم لادا، جا زانیم کە ئەمە ئەسپ نییە بەڵکو لاشەی یەکێکە ڕەقبووەتەوە. کە جێگاکەیم زیاتر کران، پشتیم بینی. یەکەمجار وام زانی سەرخۆشێکی شەوانە و لە بەدمەستی خەوێکی قوڵدایە، زۆر ئاسایشە کە لەو کۆڵانەدا سەرخۆشێک ببینی. چونکە عارەق فرۆشێکی تەنیا لەوێ دەژی کە یەکێکە لە مشتەرییەکانم. جا خۆم لێ گێلکرد و کەمێک دوورکەوتمەوە. هەر سەیری دەرگای ماڵەکانم دەکرد، چونکە من خەیاڵم هەر لەلای سەموونەکانم بوو کە بێئاگا لای لاشەکەوە، لەسەر بەفرەکە بەجێم هێشتبوون. جا بەناچاری گەڕامەوە، تا توورەکەکە هەڵبگرمەوە و بیدەمەوە بە کۆڵمدا. بەڵام لەو چرکەساتەدا ئێستێکم کرد و بیرمکردەوە کە ڕەنگە ئەمشەو کوژرابێت و هەر لەوێدا گۆڕێکیان بۆ هەڵکەندبێت و کێلیشیان لە بەفر بۆ دروستکردبێت. ئەمەش زۆر دوور نییە، بەتایبەتی کە لەو کۆڵانەدا زێوانێکی تەنیا دەژی، کە چەند مانگێکە هاتووەتە ئەم گەڕەکە و یەکێکە لە مشتەرییە هەمیشەییەکانم. بەڵام کە زیاتر لێی وردبوومەوە، سەیرمکرد، هیچ خوێنێکی پێوە نییە، جا بڕیارمدا بیخەمە سەر پشت هیچ نەبێ بزانم مردووە یان ماوە! گەر مردووە، کێیە و چۆن؟ ئەگەر نا، بەڵکو سەمونێکم لێ بکڕێت چونکە من خەیاڵم هەر لەلای سەموونەکان بوو. بە هەر جۆرێک بوو وەرمگێڕا، جەستەی بەستبووی. جا زانیم کە ئەم لاشەیە، ئەم لەشە ماندووە زیندوو نییە و یەکەم مشتەری خوێن گەرم و چاو گەرمی ئەم بەیانییە ساردەی من نییە. زۆر ترسام و بە چەند لۆقێک خۆم دوورخستەوە، موچڕک لەسەر موچڕک وەک گوێزان جەستەمی قاش قاش دەکرد. سەیربکە چۆن مەرگ مرۆڤەکان لەیەکتری دووردەخاتەوە؟ چۆن لە یەکتریان دەترسێنێ و ڕۆحیان بەیەکتر نامۆدەکات؟

لەهەمانکاتیشدا چۆن چارەنووسەکان بەیەکترییەوە گرێدەدات؟ بەڵام ئەوەی منی بردەوە لای، ئەوە بوو کە سیمایم نەبینیبوو، چونکە هەردوو دەستی خستبووە سەر دەموچاوی، لەوە دەچوو پێش ئەوەی مردبێت و ڕەقبووبێتەوە گریابێت. بەوە دەچوو پڕ بەم دونیایە هاواری کردبێت، چونکە دەمی کراوەبوو. سەرەتا دەم کراوەیی ئەو هیچ شتێکی ئەوتۆی لام نەورووژاند، چونکە من خەیاڵم هەر لەلای سەموونەکان بوو. بیرم کردەوە و لە دڵی خۆمدا وتم کە ڕەنگە پێش ئەوەی ڕەقبووبێتەوە، باوێشکی دابێت و توانای دەم داخستنەوەی نەمابێت. دووەمجار وا هات بە خەیاڵمدا، کە ڕەنگە هاوارێکی شێتانەی کردبێت و داوای یارمەتی کردبێت، جا کێ بەدەنگ کێوە دەچێ؟ بێ ئاوات مابێتەوە و ئەو بێ ئاواتییەش تێکەڵاوی سەرما و بەفرەکە بووبێت و پێکەوە بەو تاریک و ڕوونە زەفەریان پێ بردبێت. یان ڕەنگە لە شتێک واقی وڕمابێت و بەسەریا ڕۆحی بەستبێتی. سیمایەکی هەمیشە واقوڕماو لەم شار و لەم زەمەنەدا، ئای چەندە ئاسایییە. چوارەمجار وتم کورە بۆ ئەوەندە من ڕەشبین بم، ڕەنگە بۆ خۆی لەناو بەفرەکەدا گۆرانی وتبێت و بەسەریا ڕەقبووبێتەوە. ئای چەند خۆشە بەدەم گۆرانی وتنەوە بمریت. بەڵام دوایی کە ناو دەمیم بینی، پڕبوو لە بەفر، بەفرەکەم لابرد سەیردەکەم هەمووی بۆ لانابرێت، چونکە سەهۆڵێکی گەورەی لەدەمدا بوو، حەپەسام. یەکەمجار وام زانی برسی بووە و وەک شێت بەفرەکەی خواردووە، ئەمەندەی خواردووە تا گەدەی شوێنی نەبووەتەوە، جا لە قورگ و دەمیا ماوەتەوە. دوەمجار وا هات بەخەیاڵمدا کە ڕەنگە ڕشابێتەوە و لەو کاتەدا یەکسەر گەدەی بەستبێتی و لەوێشەوە بە دەمارەکانی خوێنیا گەیشتبێتە دڵی. جا کە دڵ بەستی چی دەمێنێتەوە؟ بەڵام هەر زوو وازم لەو خەیاڵانە هێنا، چونکە من مێشکم هەر لەلای سەموونەکان بوو کە تا ئەو کاتەش هەر هەڵمیان لێ هەڵدەستا.

ڕاستییەکەیت لێ ناشارمەوە، من ئەو کاتە ترسێکی شێتانە چووە ڕۆحمەوە، ترسێک لەو ترسانەی کە لە چرکەیەک لە چرکەکاندا، لە ساتێکی ناوەختا لە ساتە شێتەکاندا هیچ مرۆڤێک بەرگەی ناگرێت. ترسێکی وا کە نەک تەنها ماڵی دڵنیایت لێ دەشێوێنێ، بەڵکو لەیەک کاتدا دیوارەکانی وەک بوومەلەرزەیەکی ناوەخت و نابەدڵ بەسەرتا دەڕمێت و سەقفەکەی دەتەپێت و زەوییەکەی شەق دەبات و پەنجەرە و دەرگاکەی وەک تیر لە سیمات دەچەقن بەجۆرێک، کە لەشی تۆ لەگەڵ بەردە خاشبووەکاندا، سیمای تۆ لەگەڵ بۆیەی سووری دیوارەکەدا، هەناسەی بەجێماوی تۆ، لەگەڵ تەپوتۆزی ئەو ناوەدا زەحمەت دەبێ جیاکردنەوەیان لەیەکدی... زەحمەت دەبێت. ئێستاکەش کە ئەمەت بۆ دەگێڕمەوە، ئەو ترسە لە ڕۆحم جیانەبووەتەوە و لێم نابێتەوە. ئاخر ترسی وا لە ژیاندا تەنها یەکجار ڕوودەدات، ترسێکە کە یەکجار دێت و ئیتر بۆ هەتاهەتایی شوێنی قووڵ قووڵ لە نیگا و چاواندا جێدەهێڵێ و هەڵدەکەنێ و دروستدەکات، چونکە هەردوو دەستی لەسەر دەموچاوی دانابوو، بەوە دەچوو کە شەرمی کردبێت بەو شێوەیە و لەو تەنیاییەدا ڕەقبووەتەوە و حەزی نەکردبێت کەس بیناسێتەوە و نەیوسیتبێت کەس چاوەکانی ببینێت نەوەکو پاشماوەی ئەو شەرمە خنکاوەی تیا ببینرێت.

زۆر هەوڵمدا دەستەکانی لاببەم و سیمای ببینم. بۆم نەکرا، هەردوو دەستی بەستبووی، لە سیمای نەدەبوونەوە، دەتووت بە کەتیرە و سیکۆتین پێوەی لکاوە. من لەوکاتەدا بە هیچ جۆرێک نەمویست بۆ لابردنیان هێز بەکاربهێنم، چونکە ترسام دەستەکانی هەڵبوەرێن و لەدواییدا هەر ئەم دیمەنە بێ ئاگا بئاڵێتە خەونەکانم. لەوە ڕۆحم چووبوو کە لەکاتی ڕاکێشاندا هەردوو دەستی بێنە دەرەوە بە دەستمەوە، چونکە هەموو جەستەی بەستبووی، هەر لە لاشەیەک دەچوو لە چاخە سەهۆڵینەکانەوە لەوێدا بەجێمابێت.

من، لەوکاتە سەختەدا نەمدەزانی چی بکەم و بەفری کوێ بکەم بەسەر خۆمدا. ویستم بەجێی بهێڵم چونکە من خەیاڵم هەر لەلای سەموونەکان بوو کە تا ئەو حەلەش هەر هەڵمیان لێ هەڵدەستا. لەپڕ خەیاڵێکم بۆ هات و توورەکە گەرمەکەم لەسەر دەستەکانی دانا، لەسەری پەنجەکانییەوە تا ئانیشکی، چەند جارێکی زۆر لێم خشاندن... هێنام و بردم. ماوەیەکی پێچوو بەریدان و کەمێک خاوبوونەوە، جا توانیم هەردوو دەستی لەسەر دەموچاوی لاببەم، بەڵام ئاخ! خۆزگەم بە خۆزگەی خوا ئەوەم نەکردبایە، چونکە سەرەتا، من دەموچاویم نەبینیبوو، خەیاڵ و هۆشم هەر لەلای دەستەکانی بوو، مەچەک و قۆڵ و پەنجە و نینۆکی، هێندە سپی بوون، سووراوییان تیا نەمابوون، بەئاستەم لەگەڵ بەفرەکەدا بۆم جیادەکرانەوە. زۆر بەزەیم پیاهاتەوە و دەستکێشەکانی خۆمم داکەند و کردمنە دەستی ئەو، ئاورێکم لە سەموونەکانم دایەوە، چەشنی ئاوڕدانەوەیەک لە ڕابردوو، لە منداڵی، لە شتێکی بەسەرچوو، چونکە من خەیاڵم هەر لەلای ئەوان بوو، دوایی داچڵەکیم و بیرم کەوتەوە کە من ئەو هەموو هەوڵەم داوە بۆ ئەوە بوو کە دەستەکانی لاببەم و سیمای ببینم. جا یەکسەر بێ ئاگا سەرێکم بەرزکردەوە و بۆم ڕوونبووەوە، کە پێش ئەوەی ڕەقبووبێتەوە گریاوە، چونکە من دوو چلوورەی بەستووم بینی وەک دوو سیگاری بێ فیلتەر، لە پێڵووەکانییەوە تا ڕوومەتی داتەپیووی شۆڕبووبوونەوە، لەوە دەچوو پێش مردنی فرمێسکەکانی بەستبێتی و ئەویش ویستبێتی لێیانبکاتەوە، بەڵام نەیتوانیووە. چونکە من خۆم هەوڵێکی بێ سنوورم دا بۆ لێکردنەوەی ئەو دوو چلوورە باریکەی کە وەک دوو سووژن چەقیبوونە ناوچاوی. من لەوکاتەدا نەمویست زیاتر ئازاری بدەم، چونکە ئەگەر لێم بکردنایەتەوە، ئەوا برژانگەکانیشی لەگەڵیا هەڵدەکەندران، یاخود هەردوو سۆمای چاوانی وەک دوو هەڵماتی کۆنبوو بەدەست ئەو چلوورە باریکەوە،

بەدەستمەوە دەهاتنە دەرەوە.

بەڵام وەستا گیان! لێم ببوورە! ئەگەر ڕاستیت پێ بڵێم لە ئیش دەرممەکە. من هەموو کاتێک سەموونەکانم بۆ فرۆشتوویت... بەزیادەوە فرۆشتوومن و درێخیم نەکردووە. گەر لە ئیش دەرمبکەیت، من ئیتر هیچ کاسبییەکی تر نییە بیکەم. خوویەکی سەیرم بەم چارەنووسە ڕەشە و ئیشە سەختە و نالەبارەی تۆوە گرتووە. ئاخر بەیانیان زوو، بەو سەرمایەی کە ئاژەڵە دڕندەکانی دارستانیش دەتەزێنێت و تووڕە و کەللەیی دەکات، من تەورەکەی پڕ لە سەموونەکانتم خاڵی نەکردبایەتەوە، نەدەگەڕامەوە بەردەمت. تۆش بسکەی سمێڵت دەهات و فلس فلس حیسابت دەکردن و شتێکی کەم و چەند سەموونێکی ساردەوەبووت دەدامێ و بە زەردەخەنە سەهۆڵینەکەتەوە کە هەر لە ڕەشەبای بەیانیانت دەچێت. دەتووت: «بەیانیش وەرەوە». ئێ خۆ من گلاراوم نەگرتووە، کۆڵان بە کۆڵان دەگەڕێم تا سەموونەکانت بۆ بفرۆشم. گەر بژێوی ئەم ژیانە تاڵە نەبێ، کێ بەرگەی ئەم بەیانییە تاریک و ساردانەی تۆ دەگرێت؟

ئای وەستا! تۆ بەس بەتەنیا لەبەردەم تەنوورە دەم بەئاگرەکەتا دەوەستیت. ڕەنگە بیرت چووبێتەوە سەرما چییە؟ تەزین خەڵکی کوێیە و کەی وەک پڵەنگێکی بریندار و برسی شاڵاوت بۆ دەبات؟ چۆن دەبێتە گوێزان و قاشقاشت دەکات؟ گەر دەزانی، تەنانەت بە هاوینانیش، بەیانیانی ئەم شارە دۆزەخە هەر ساردە. ڕەشەباکانی وەک دەرزی بەگیانتا دەچەقن. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، من دەزانم کە دەبێت هەر سەموونەکانت بفرۆشم. من دەزانم کە دەبێ خەیاڵم، هەست و هۆش و ڕۆحم هەر لەلای ئەوان بێت و هیچی تر. بەڵام ڕاستییەکەی ئەوەیە کە من لەوساتەدا، لەبەردەم تەرمێکی ئاوها غەمگین و جێهێشتوودا، تەرمێک کە «شەو» بەدڵخۆشییەوە بەتەمابوو بیداتە دەست

بەیانی، هەر بۆئەوەی لەکۆڵی بێتەوە، هەرەسم هێنا و سەموونەکانم بێئاگا لە خۆم و لە دونیا. لە سەرما و تەزین و بەدبەختی و سەرسەختی لەبیرکردن و هەر لەسەر دەستەکانی مابوونەوە، چونکە من لەو چرکەساتە دژوار و سەیرەدا خەیاڵم هەر لەلای ئەو دوو چلوورە فرمێسکە بوو کە وەک دوو گوێزەرە ساوای باریک و سپی ڕەگیان لە چاوەکانیدا پەخشکردبووەوە و زۆر بەقووڵی چەقاندبوو. نەمدەزانی ئەو تاڵە مولوولە خوێنانە هی چاوی ئەون یان ڕەگی چلوورەی فرمێسک بەستووی چاوانی غەمگین و واقوڕماوی ئەو. ئای دەتووت ماسییە و لەناو بەفردا نووستووە،

وەستا گیان! شتێک هەیە کە من کاتی خۆی پێم نەوتوویت، هەر لەبەر ئەوەش بوو کە ئەمەم بە عەیب لێ وەرنەگریت و ئەم ئیشەم پێ ببەخشیت. ئەویش ئەوەیە کە من خۆم چاوەکانم ئاودەکەن کاتێ کە سەرما و ڕەشەبا و بەفر بێت. من هەر دەبێ زوو زوو فرمێسکەکانی چاوم بسڕم کە هی گریان نین بەڵکو هی سەرمای بەیانیانن. کە چاوانیشم ئاودەکات، ئیتر هیچ شتێک بەباشی نابینم. هەموو موشتەرییەکانم لێ دەبنە تارمایی سەیر سەیر، هەروەک تارماییە سەقەت و جۆربەجۆرەکانی ناو خەونەکانم. جاری وا هەبووە کە عەموودی چەقیووی ناو کۆڵان و شەقامەکانم لێ بووەتە موشتەری. من هەمیشە بیرم لەوە کردووەتەوە کە تۆ بڵێی ڕۆژێ بێت و فرمێسکەکانم بیانبەستێ و منیش هەوڵبدەم لێیان بکەمەوە و لەوکاتەدا هەردوو گلێنەی چاوانم وەک دوو دەسکەلای سەهۆڵ بکەونە خوارەوە و وردوخاش بن. جا چونکە من هەمیشە خەیاڵم هەر لەلای سەموونەکانمە، توورەکەکەم تاقە بەدبەختی و شادی و هاوڕێی تەنیایی بەیانیانی منە، بۆیەکە هەمیشە پێم دەوتیت وەستا سەموونەکانت لەسەر چاوانم... مەترسە دەیانفرۆشم. ڕاستم دەکرد، هەمیشە دەمخستە سەر چاوەکانم تا فرمێسکەکانم بسڕم و چاوانم

گەرمبکەمـەوە. کە دەشگەڕامـەوە بەردەمت، توورەکەکـەت لێ وەردەگرتم، پێت سـەیر بـوو، نەتدەزانـی بۆ وا تەڕە. سـەیرێکی چاوەکـانت دەکـردم، دەتووت چاوەکانت سوورسـوور بوونەتەوە و خـوێنیـان تیـاتێزاوە. بڕۆ کوڕم! کـەمێک بخـەوە ئەوە دیارە هی ئەوەیە کەم دەنوویت. بەڵام وا ئێسـتا پێت دەڵێم کە ئەو سـوورێتـیـیـە هی بێ خـەوی نەبوو، بەڵکو هی ئەو توورەکـە گـەرمـەت بوو کـە هەمـیـشـە لەسـەر چاوم ڕامـدەگـرت بۆئەوەی دونیـا ڕونتـر ببـینم و سەموونەکانیشت باشتر بۆ بفرۆشم.

جـا ئـەوکـاتە کـە ئـەو فـرمـێـسکە بەسـتـووانەی چاوانیـم بینی قـەتارەیان بەستبوو، خۆم بیرکەوتەوە و سـەموونە گەرمـەکانی تۆشم لەبیرکردن و بێئـاگا لەسـەر دوو دەسـتی سـپی هەڵگەڕاوی خوێن تیانەمـاوی بەجێمـابوون. دڵۆپ ـ دڵۆپ ئاو لە هـەردوو دەست و مـەچـەکـیـیـەوە تنۆکـەی دەکرد و دەبارییـە سـەر بەفرەکە. جا چونکە سـەموونەکـانت تا ئەو کاتەش هەر هـەڵمیان لێ هەڵدەستا، بەفـرسـەتم زانی و هەروەک چۆن لـەسـەر چاوەکـانی خـۆم دادەمـدەنـان، ئاوهـا توورەکـەکـەم خـسـتـە سـەر چاوەکـانی ئـەو، بۆئەوەی هیچ نـەبێ ئەو دوو تیـرە چەقیووەی ناو چاوانی لێببنەوە.

ئای وەسـتا! گـەر دەزانی من لە چ حـاڵەتێکدا بووم. گـەر دەزانی لەبەردەم چ دیمەنێکی تۆقێنەر و چ تەرمێکی کەساسی بەجێهێشتووی خەمـهێنەردا بووم، بەو بەیانییە سـاردە، منیش ڕۆحێکی تەزیو و هەسـتێکی سـووتاو و خەیاڵاتێکی شێواوی ناو ڕەشـەبا و بەفر، قەت گلەیی ئەوەت لێ نەدەکردم کە سـەموونەکانم بۆ نەفـرۆشـران و بە سـاردوسـڕی وەک دەمی مـردوو هێنـامنەوە بـەر تەنوورە گەرمـەکـەت. ئاخـر چی دەکەی؟ هـەڕەشـەی دەرکـردنم لێ دەکەی؟ چـۆن هێندە دڵت ڕەقـە و لەبەردەم ئـەم ئاگرە بەجۆشـەدا نەبووە بە ئـاوێکی کوڵاتوو. دەزانم وەسـتا! دەزانم کە ڕەنگە تۆش هەمـان ئەو گرفتانەی منت هـەبێت، بەڵام تەواو

پێچەوانە. تۆش لەبەردەم ئەم کوورەیەدا دەسووتێیت. من لەدەرەوە سەرماکە دەستی تەزاندووم، تۆش ئاگرەکە توێخی پێستی دەستتی هەڵماڵیووە. من لەدەرەوە کە هەناسە دەدەم، هەر زوو هەوای ناو سییەکانم فڕێ دەدەمە دەرەوە، دەترسم لەناو سییەکانمدا هەناسەکانم بیانبەستێ، تۆش لێرە، لەژوورەوە هەناسەکانت ئاگراوین، گەر زووزوو نەیانکەیتە دەرەوە، سییەکانت دەسووتێنن. من، چاوەکانم دەیانبەستێ، هی تۆش لێرە هەڵقرچاوون. لووتمان، من بە ڕەشەبا و تۆش بە ئاگر سوور هەڵگەڕاون. من برۆکانم بە بەفرەکە سپی دەبن و برژانگەکانم دەبنە درک و دەچەقنە چاڵی چاوم، تۆش پڕیشکی پشکۆی تەنوور هەر برۆ و برژانگی بە ئارد سپی بووی پێوە نەهێشتووی. بەڵام دڵمان جیاوازە جیاواز. دڵی من وەک هی تۆ نییە، هی من نەرمە، نەرم و گەرمە هەر لە سەموونەکان دەچێ، گەر دونیا ساردتریش بێ، زیاتر هەڵمی لێ هەڵدەستێ. دڵی من وەستا! وەستای گیرخواردوو بەدەست نەفرۆشتنی سەموونەکانەوە، دڵی من تەنوورێکە بۆ خۆی. کەچی گلەیی ئەوەم لێ دەکەی کە بە ساردوسڕی... نەفرۆشراوی هێنامنەوە بەردەمت. ئاخر تۆ هەرگیز دیمەنی وا تۆقێنەر بەڕێکەوتیش نەهاتووەتە خەونەکانتەوە.

ئای وەستا! بەس پێم بڵێ تۆ خەون دەبینی؟ مەبەستم خەونی ناخۆشە... ناخۆش. شەوانە بێتە ناو کەللەی سەرتەوە و وەک شووتییەک قاشی بکات... لەناکاو بێت و وەک هەورێکی ڕەش لە ئاسمانی ڕۆحتا لەجیاتی نمەی باران ڕێژنەی بزمارت بەسەردا ببارێنێت. واز لەوانەش بێنە و بیهێنە بەرچاوی خۆت، تۆ لەبەردەم کوورەی ئاگرەکەدا دانیشتوویت و خەیاڵ بردوویتییەوە، لەبەردەم ئەم تەنوورەدا هەڵتروشکاویت و بە چاوێ چاوەنواڕی سەموونە نازدارەکانتی و چاوەکەی تریشت بڕیووەتە دەرگاکە تاکو من بێم. هەر ئەوەت زانی لەجیاتی سەموونی گەرم و نەرم، برژاو و گۆپکەکردووی کەمێ قاوەیی،

خـەڵکی سـووتاوی لـێ دێتـە دەرەوە، بەپرتاو دێنە دەرەوە و پـەلامـارت دەدەن... باوەشت پیـادەکەن و ماچت دەکەن... داوای یارمەتیت لـێ دەکەن. یەکێ بووە بە خەڵووز و داوای قومێ ئاوی ساردت لێدەکات نیتە بیدەیتێ. یەکێکی تر لایەکی سـووتاوە و لەنـاو باوەشـتـا ڕۆحی دەردەچێت... چـی دەکەیت؟ کـیـژێک سـیـمـای هەڵقـرچاوە و خـاولـیـیـەکی تەڕی دەوێت. ئەمـلا دەکەی... ئەولا دەکـەیت درەنگ دەیگـەیتێ. شـۆخـەژنێک پرچی خـاوی چەشـنی پووشـی نـاو ڕەشـەبا ئـاگـری گـرتـووە، فـریانـاکـەوی سـەیری بکەی. یەکـێکی تـر خـەڵووزێکی داگـیـرسـاو چەقیووەتە چاوی ڕاستی و بە چاوی چەپ خێسەت لێ دەکات، جورئەت ناکەی لەگەڵیا بدوێی.

لێم ببوورە وەسـتـا گـیـان! لێم ببوورە کە هێندە دڵڕەقانـە دەدوێم لەگـەڵتـا... مـەیبە سـەر خـۆت. لەڕاسـتیدا من مـەبەسـتم تۆ نییە. بەڵام وەسـتـا! ئەوەی من بینیم خـەون نەبوو. بەم دوو چاوە بێکەڵکەی خـۆمەوە بینیم. بینیم کـە ناو دەمی پڕبوو لە بەفر. کە بـەفرەکەم لابرد، سـەهۆڵێکی درێژکـۆڵەم بینی لە دەمـیـیـەوە لەوانـەیـە تا گـەرووی درێژ بـووبێـتـەوە. چونکە وەک وتم دەمی کـراوەبـوو. پێش مـردنی گـۆرانـی دەچـڕی یان هـاواری دەکرد، یان لە قـێـزکـردنەوەی ئـەم ژیانەدا ڕشابووەوە نازانم! هەندێ جار ئەم دونیایە بۆنێکی ناخـۆشی لێ دێ. چیت پێ بڵێم و چی بگێڕمەوە وەستا؟ سەموونەکانم لەسـەر چاوەکانی دانان، وەستا! لە چاوییـەوە دڵۆپ ـ دڵۆپ فـرمـێـسـک دەباری. هـەر بـەڕاسـتـی لە یەکـێـک دەچوو بگری. ئاخر وەسـتا گـیـان! مردووت نەمـرێ، مـردووت بینیـووە بگری؟ بەڵام من بینیم و ئـەو کـارەش هـەر سـەمـوونەکانت پێـیـان کـردم. خـۆ ئێـسـتـا دەزانی کـە ئەوانە چـەند یارمــەتیـدەرێکی ڕەسـەن و خـەمــەـێـنـەرێکی ڕەسـەن بوون بۆم. نەمـدەزانـی چی بکەم! توورەکـەکـەم هـەڵگرتەوە، سـەمـوونەکـانـت هـەر بەتەواوی سـارد بووبـوونەوە. تف لەو بەخت و چارەنووسـەم... تف لەو قـەدەرە ڕەشـەم کـە

منی کرد بە سەموونفرۆش. ئاخر تاقەکەسێ کە لەم شارەدا مابێت و بەیانیان زوو توورەکەیەکی گەرم بدات بەسەر شانیدا، ڕەنگە هەر من بم. کێ ئێستا کاسبی وا دەکات؟

ئاخ وەستا! لەسەرەتادا چەند گرفتی سەیرسەیرم تووشبوون... گرفتی چۆنێتی بەخەبەر بوونەوە و لە خەو هەستانی سەعات چواری بەیانی... بە دەموچاوی خەواڵووەوە... بە تۆپەڵێ ئەندێشەی بریندار و پاشماوەی ترسی ناو خەونەکان و کفرکردنەوە، لۆژلۆژ بەرەو بەردەرکی سەرا دەکەوتمە ڕێ بۆئەوەی لەکاتی خۆیدا بگەمە سەموونخانەکەت و لەبەردەم تەنوورەکەتدا قوتببمەوە. ئەو تەنوورەی کە تۆ لە مێژ بوو ئاگرەکەیت خۆشکردبوو. ئەو کوورەیەی کە حەزمدەکرد لەبەردەمیا بنووم. لەبەردەمیا نا وەستا! تۆ بڵێ لەناویا، هەموو زستانەکە... هەموو ساڵەکە... هەموو تەمەن بنووم و هەڵنەستمەوە.

کە دەگەیشتمە لای تۆ، هەویرەکانی تۆ، گونکەکانی تۆ لەمێژ بوو هەڵاوسابوون. تۆش بە زەردەخەنە تاڵەکەتەوە، زەردەخەنەیەک کە دەتووت هەر بەزۆر لە سیمایەکی مردووی دەسەنی... بەشەڕ لەسەر لێوێکی خەمگینی دەڕفێنی... دەتووت: «درەنگ هاتوویت کوڕم! درەنگ هاتوویت. دانیشە و چایەکی شیرین و گەرم بخۆرەوە، با خەوەکەت بەرتدا.» منیش دەمووت: «وەستا! چۆن تۆ وا زوو لە خەو هەڵدەستی؟ بە ئێواران کەی دەنوویت؟ ئایا بەشەوان هیچ کتێبێک ناخوێنیتەوە بتهەژێنێ؟ هیچ خەون و دڵەڕاوکێیەک سرت ناکات؟ نیوەشەوان هیچ دێڕێک نانووسی؟» دەتووت: «ئێ کوڕم! خۆ من شاعیر نیم بەشەوان بنووسم و بەبەیانیان درەنگ لە خەو هەستم... مردووت نەمرێ من کاسبی دەکەم... کاسبی.» ئەوا ئیتر ئێستا منیش دەمێکە وەکو تۆم لێ هاتووە. جاران... جارانی زوو وام هەستدەکرد کە تەنها دوو ئازیز بۆیان هەیە من خەبەربکەنەوە، دایکم یان هەتاو، بەڵام ئێستا وازم لەو خەیاڵە

ڕۆمانسیانە هێناوە. هەر خۆم خەبەرمدەبێتەوە. هەروەک ئەوەی تارماییەکی دڵڕەق بەئاگام بێنێتەوە، وەک ئەوەی دەرزی و سووژن و دڕک و گوێزان بچەقنە جەستەمەوە، ڕادەچڵەکێم و بەتانییە شڕەکەم تووڕهەڵدەدەم نەبادا پەشیمان ببمەوە و بچمەوە ژێر جێگا. ئێستا ئیتر من دەمێکە زەنگی کاتژمێرەکەش بەکارناهێنم، ئەو زەنگەی کە خوشک و برا چکۆلەکانمیشی بەئاگا دەهێنایەوە. هەموو ڕادەچڵەکین و خەواڵو ـ خەواڵو خۆیان بەیەکتردا دەدا... دەکەوتن و دەنووستنەوە. ئێستا بەبێ ئەو زەنگە وەڕسکەرە، سووک و باریک هەروەک دزێکی خاوەن ئەزموونێکی دوورودرێژ دەرگاکە دەکەمەوە و دێمە حەوشەکە... یەک بەیەک دەرگاکان لەدوای خۆمەوە دادەخەم... نە خوشک و براکانم پێدەزانن، نە کەڵەشێر و مریشکەکانی دایکم کە هێلانەکەیان لە حەوشەکەماندایە. ئای خوایە ئەو کەڵەشێرە شامییە چەند ڕقی لە من دەبێتەوە! ئای چەندی پێ ناخۆشە کە من پێش ئەو خەبەرمدەبێتەوە! هەندێ شەو ناخەوێت و تا بەیانی پیش دەخواتەوە. جاری واش هەیە ماندەگرێت و نازونووز و گارەگاری مریشکەکانیشی لەسەرە و بانگ نادات، کەچی تۆش خەریکە دەرمکەیت. ئاخر گەر دەرمبکەیت، تازە وەک دەبینی ڕاهاتووم و خەوم لێ ناکەوێتەوە. گەر بەخۆڕایش بێ هەر دێم و سەمموونەکانت بۆ دەفرۆشم. بەڵام ئیتر ئەم جارەیان وای لێهات. خەتای خۆشم نەبوو. ڕەنگە بڕوا نەکەی کە لە دەرگایماڵەکانیشم دا... قاپییەکانیانم بە تۆپەڵە بەفر داگرتەوە. کەس دەرگای لێ نەکردمەوە... کەسم نەدی بێت بەدەنگ و هاوارمەوە. ئاخر من لەو کۆڵانەدا، کۆڵانی تەنیاکان وەک خۆت دەزانی مشتەری هەمیشەییم هەن، کە ڕۆژ نییە سەموونم لێ نەکڕن. وەک شێت هاوارمدەکرد و لە دەرگاکانیانم دەدا. ببوورە گەر بڵێم بۆ فرۆشتنی سەموونەکانت نەبوو، ئەمجارەیان بۆ ئەوە بوو کە داوای یارمەتی بکەم... یارمەتی.

لەو تەنیاییە سەختەدا و لەبەردەم تەرمێکی تەزیووی چاو بەفرمێسکی لەو جۆرەدا نەمدەزانی چی بکەم. وەستا! نەمدەتوانی بەجێیبهێڵم و لەوکاتەدا سەموونەکانت بۆ بفرۆشم، چونکە تازە پێوەی تووشبووم و نەدەبوایە هەر لەوێدا وازی لێ بهێنم. نە ئاکارم ڕێگەی شتی وای دەدا نە دڵم... نە هەستی بریندار و شێواوم. ئاخر بۆ کێ وازی لێ بهێنم؟ بۆ کێ بەجێیبهێڵم؟ بۆ ئەو سروشتە دڵڕەقەی کە ئەم گیانەی وا تەزاند، یان بۆ ئەو خۆویست و کەڕانەی کە هەرچەند لە دەرگایانم دا، یەکێکیان زیندوو نەبوونەوە و گوێیان لێم نەبوو، یان بۆ فریشتە دڵڕەقەکانی ئاسمان. بۆ کێ پێم بڵێ... بۆ کێ؟ ئاخر هەریەکە لە ئێمە، لە ژیان و مردندا فریشتەیەکمان هەیە، دەستمان دەگرێ و ئەستێرەیەکیشمان هەیە چارەنووسمان دیاریدەکات. ئەی کوا ئەستێرەکان لە کوێ بوون؟ کوا پێشبینییەکان؟ فریشتەکان لەوکاتەدا چییان دەکرد؟ بۆ یەکێ نەهات بەلایەوە؟ بەلامەوە؟ ئاخر کەس هەیە لەبەردەم تەرمێکی ئاوها دڵی نەبێ بە ئاو؟ ئاوی چی وەستا! هێندە سارد بوو، تۆ بڵێ بە سەهۆڵ. ئاخر ئەگەر لەوکاتەدا فریشتە نەیەت بەدەنگییەوە، ئیتر مرۆڤ فریشتەی بۆ چییە؟ لە کوێ بوون فریشتەکان؟ فریشتە ترسنۆکەکان؟ سەرما بردەڵەکان؟

وەستا گیان! دڵت نەرم بێ و دەرمەمەکە. تۆ لە من زیاتر کەست چنگ ناکەوێ شەڕی خۆتی لەگەڵ بکەی؟ ئاخر بوەستە و لەسەر سەموونەکانت شۆڕشێکی بێ سوود لەدژم بەرپا مەکە. خۆ منیش دەمەوێ شەڕی خۆم بکەم و شەڕی خۆم بفرۆشم و دونیاش بەسەریەکتردا قڵپ بکەمەوە. بەس لەگەڵ تۆدا نا، بەڵکو لەگەڵ ئەو فریشتە ترسنۆکانە و ئەو سروشتە دڵڕەقە و ڕەشەبای ئەو بەیانییە ساردانەی کە دەست و پل و ڕوومەت و لووت و لچ و لێو و هەست و نەست و بیرکردنەوە و تێڕامانمی قاش قاش و هەلاهەلا کردووە. من، شەڕ لەگەڵ تۆدا ناکەم وەستا! چونکە من خۆم لە دەرگای دووکانم داویت

و داوای ئیشم لێ کردوویت. من شەڕ لەگەڵ ئەو بەختە ڕەشە و ئەو گیرفانە «لە سەد لاوە» دڕاوە و ئەو خەیالات و مێشکە پووچەی خۆم دەکەم کە وام دەزانی بە فرۆشتنی سەموونەکانت دڵشاد و کامەران و سەربەرز دەژیم و خوشک و برا مل باریک و ڕەقەڵەکانمی پێ قەڵەو دەکەم. من شەڕ بەو چارەنووسە ڕەشەم دەفرۆشم کە نازانم لە چ ئەستێرەیەکی کلۆڵ و بەتاڵ و حەتاڵەوە بەسەرما بارییوە و تووشی ئەو بەیانییە ساردانەی کردم و دوایش تەرمێکی تەزیوی، چاو بە فرمێسک سەهۆڵینی لەسەر ڕێگام قوتکردەوە. سەموونەکانی تۆشم لەبیرچوونەوە و لەسەر چاوانی تەڕی ئەو تەرمەدا گیانیان دەدا و هێدی هێدی و ئەندەک ـ ئەندەک ساردبوونەوە، ئەو تەرمەی کە لە هەنگاوەکانم ئالا و دەست و بیرکردنەوەمی بە جارێ کلۆمدا.

تۆ حەقتە و شەڕی خۆتم لەگەڵ بکە و من نایکەم، من لەگەڵ تۆم نییە. من لەگەڵ ئەو فریشتە ترسنۆکانە و ئەو پەرییە بێباکانەی کە بەتەنیا جێیان هێشتم و ئەو کۆڵانە مردووە و ئەو مشتەرییە کەڕ و لالانەمە کە هەرچەند دەرگایانم کوتی و وام کرد کە جێگەی مستەکۆڵەم تا هەتاهەتایە لەسەر دەرگاکانیان بمێنێتەوە کەچی یەکێکیان دەرگای خۆی لێ نەکردمەوە. تەرمەکەم کۆلان بە کۆلان بەدوای خۆمدا ڕاکێشا. نە ئەستێرەیەک بەدەرەوە بوو... نە تارماییەک... نە خێویێک... نە شەولەبانێک... نە هەناسەی مشتەرییەک. تا گەیاندمە ئەو گۆڕستانەی کە هەر دوو سەد مەترێک لەولاوە بوو. چاڵێکم بینی هەڵمی لێ هەڵدەستا... گۆڕێکی حازروبزر هەر دەتوت چاوەڕێی ئەم تەرمە دەکات. کێ ئامادەی کردووە؟ نازانم! خستمە ناوی و بە چنگ و بە قاچ و بە لەقە لەجیاتی خۆڵ بەفرم دا بەسەریا و شاردمەوە. ئاخر خۆڵەکە بەستبووی وەستا! منیش نە پاچێکم پێبوو... نە خاکەنازێک. هەناسەیەکم هەڵکێشا و توورەکەی سەموونەکانم دایەوە بەکۆڵمدا و هاوارم کرد: «دڵ

ڕەقینە! بێ سفەتینە! ئەوە سەموونە... سەموونی گەرمە... سەموون.»

ئای وەستا! ڕەنگە بڕوا نەکەیت، کە هەر بەیەکەم هاوار دەیەها دەرگام لێ کرانەوە و بە دەیەها کەس بانگیان دەکردم... دوو - دوو چاوەڕێیان دەکردم، بەڵام کەسیان سەموونێک چییە نەیانکڕی، چونکە سەموونەکان بووبوون بە بەرد، هەر دەتوت تازە بەتازە لە فریزەر هاتوونەتە دەرەوە، هەڵمیان لێ هەڵدەستا. دەستیان تێوەدەدا و پێدەکەنین. بەلاچاو سەیریان دەکردم و بەتەوسەوە دەیانوت: «ئەوە چییە کوڕی باش گاڵتەمان پێ دەکەیت.» منیش نە تاقەتی وەڵامدانەوە و نە ئازایەتی گێڕانەوە و نە توانای وشەیەکم هەبوو. چاویشم هێندە ئاوی کردبوو، سیمای هیچیانم بەباشی نەدەبینی. ئاخر تۆ کە قسە لەگەڵ یەکێکدا دەکەی، دەبێ سیمای لەبەرچاوتا بێ «با خەیاڵیش بێ» بۆئەوەی بیدوێنی. نەمدەزانی ئەم فرمێسکانە هی کاری سەرماکەن، یان گریان یاخود هی ترسی نەفرۆشتنی سەموونەکانی تۆ. هەرچەندە لەکاتی بەفربارینیدا وەک وتم هەموو شوێنێ لەیەک دەچێ، بەڵام هەرچۆنێ بێ هاتمەوە بۆ کۆڵانی تەنیاکان، ئەو کۆڵانەی کە تەرمەکەی ئەوم لێ دۆزیبووەوە، بۆ ئەو کۆڵانە خۆشەویستەی کە مشتەری هەمیشەیم هەیە. هەر هەموویان لەبەردەرگا بوون، چاوەڕێم بوون. یەکەیەکە دەستیان لە سەموونەکان دا. عارەقفرۆشەکە، جارێ دونیا ڕووناک نەبووەوە، سەرخۆشبوو وتی: «ئەوە چییە کوڕم! باشە ئەمڕۆ سەموونەکانت بۆ وا ڕەقن... هی دوێنێن... هی پێرێن... یان هی پارن؟» زێوانەکە وتی: «ئەوە چییە مردووت نەمرێ، سەموونەکانت بۆنی مردوویان لێ دێت... من ئەم بۆنە دەناسمەوە و غەریب نییە پێم.» مامۆستاکەش سەری بەسترابوو، وتی: «ئەم سەموونانە هەر بۆ ئەوە باشن، پەنجەرەیان پێ بشکێندرێت.»

وەک دەبینی وەستا! ئەمڕۆ بەختەکەم وای هێنا. شانسەکەم کورتی هێنا و

عانەیەک چییە لەگەڵ خۆمدا نەمهێناوەتەوە. ئەوەش سەموونە نازدارەکانت، بیانژمێرە بزانە تەواوە. لێم وەربگرە و چییان ناودەنێیت، سەربەستبە و چیشت لەدەست دێت درێخی مەکە. ها ئەوە توورەکەکەت، بەس ڕزگارم بکە.

ڕاستە یەکێ وەک شێت لە دەرگاکەمی دەدا. پەیتاپەیتا، لەسەریەک ـ لەسەریەک بێ ڕاوەستان، هەراسانی کردبووم. لە یەکێ دەچوو بەو نیوەشەوە عارەقی لێ بڕابێت و هاتبێت بۆ بوتڵێکی تر. بەڵام من ئاگام لە خۆم نەمابوو. لەسەر برسێتی دوو لیترم هەڵقوڕاندبوو. مەزەیەکی چاکم هەبوو. سفرەیەکی بچووکی یەک نەفەریم ڕازاندبووەوە، مۆمێکم داگیرساندبوو، تەنیا دوو سەموونی گەرمم کەمبوو. چاوەڕێی ئەوە بووم کە دونیا بەحاڵ ڕووناکبێتەوە و ئەو سەموونفرۆشە شەرمنە خۆشەویستە خۆی بکات بە کۆڵانەکەماندا. بەئاستەم پەردەکەم لادا... شتێکم بینی، تارمایی یەکێک هەر لە فریشتە دەچوو. جلێکی سپی جوانی لەبەردابوو، ئەوسا ئیتر زانیم کە بەتەواوی سەرخۆشم. ئاخر چاوەکانی من لەم بەیانییەدا کەی هی ئەوە بوون خەڵکی پێ بناسمەوە... چاوەکانم بەس بۆ ئەوە چاکن کە بڵێن ئەم عارەق فرۆشە دوو چاوی هەیە، ئەوەتان دەیبینن، دەنا هیچ شتێکم بەباشی نەدەبینی، چونکە من فوول بووم. هەر چاوەڕێی ئەوە بووم سەموونفرۆشەکە بێت و دوو سەموونی گەرم و نەرمی لێ بکڕم. کەچی تا لای بەیانییەکەی کە دونیا تازە خەریکبوو ڕووناک دەبووەوە، من تۆزێک بەری دابووم، چونکە چەند جارێک ڕشابوومەوە، گەدەم هیچی تیا نەمابوو... زۆرم برسی بوو، هەر چاوەڕێی دەرکەوتنی ئەو سەموونفرۆشە بووم، کەچی ئەوە یەکەمجار بوو سەموونی کۆن و ڕەق بفرۆشێت. تۆ سەیری ئەو خەڵکە چەند دڵڕەق و بێ ویژدانن... چییان لێ هاتووە؟

من خۆم سەموونفرۆشەکەم بینی لە دەرگاکەمی دەدا. تەرمێکی پێبوو

بەدوای خـــۆیدا ڕایدەکـــێـــشــا. تەرمـی یەکـــێک بوو، لـەوە دەچوو لـەناکـــاو خنکێندرابێت، یـان لەپڕ دڵی وەسـتـابێت. کێ نـاڵێ هـەر ئەو سـەمـوونفـرۆشـە دەسـتی نەخـسـتـووەتە بینی، چونکە کـە بەدزییـەوە سـەیرمـدەکـرد، بەتەواوی شڵـەژابوو، ئارامی لەبەر بڕابوو. بۆ کونێ دەگەڕا تەرمـەکەی تیا حەشـاربدات. هـەر لە دەرگاکەی منیشی دەدا، چونکە دەیزانی کـە من زێوانی ئەو گۆڕستانەم کە هـەر دووسـەد مـەترێک لێرەوە دوورە. منیش هـەر بەئەنقـەست خـۆم کرد بە نووسـتـوو. ئاخـر بیـهـێننـە بەرچاوی خـۆتان، من لە بەیـانییـەوە تاکـو ئێـوارە پاســەوانی گـۆڕسـتـانێکم کـە مـردووی لێ نابڕێت. ئەو خـەڵکە پەیتـاپەیتـا تەرمەکانیـانم بۆ دێنن، هـی کوژراو... هـی سووتاو... دڵ وەستاو... مێشک تەقیو... لەش تـەزیو... کـچی گـەنجی لووت بڕاو... ئافـرەتی دوو گـیـان و سـێ گـیـان... ئەمـەیـان کوڕی مـامی کوشـتـوویەتی ئەوەیـان براکەی داخی کردووە و ئینجـا بەناوی پاراسـتنی شـەرەف و نـامـووسی خـێـزانەوە خنکاندوویەتی. ئەمـیـان لەسـەر نووسـینی کتێبێک، دانەیەکیـان لەسـەر مـاچێک... ئەوی تریان لەسـەر قسە و قسـەڵۆکێک... یەکێکی تر وایان زانیـووە ئەو بووە... دانەیەکی تر لەسـەر براکەی بەر گوللەیان داوە... ئەویان لەسـەر جوانی خـوشکەکەی... دانەیەکی تر لەسـەر حیـزبەکەی. نووسـەرێک لەسـەرئـەوەی کە لە وتارێکدا نووسـیـبووی کە ئێمـە دیاڵۆگمـان نییـە، ئەوانیش لەسـەر ئەوە کوشـتـبوویان و وتبـویان چۆن نیـمانە. لە بـەیانییـەوە تاکو خـۆرنشین لەناو ئـەو مردووانەدا هـەنـاسـە دەدەم. هـەمـوو تەمـەنم لەم گۆڕسـتـانەدا بـەسـەربرد. هـەر ئەوەم باش کرد کـە دووسـەد مـەترێک لە گۆڕسـتـانەکە بۆ خـۆم دوورکەوتمەوە. من ئێسـتـا پیربووم و تاقـەتی زۆر شـتم نەمـاوە. پارەی چاکیـان دەدامێ بـۆ شـاردنەوەی ئەو تـەرمـانەی کە بە نیوەشـەوان بۆیان دەهێنام تا بیـانشـارمەوە. شـەوی وا هـەبوو چەند تەرمێکیان بەیەکەوە بۆ دەهـێنام، منیش پارەی خـۆم وەردەگرت و هـەموویانم بەیەکەوە لە

یەک چاڵدا دەشاردەوە. ئاخر ئەو گۆڕستانە گەورەیەی من ماوەیەکە تەسک و بچووک بووەتەوە، لەوە زیاتر جێگەی کەس نابێتەوە. لە مێژە یەکێکیان نەهێناوە پیربووبێت و مردبێت. هەموو تەرمەکان گەنج و تازە و تەڕن هەڵمیان لێ هەڵدەستێ و دوا هەناسە لە سینەیاندا ماوە و چاوانیان پڕە لە ژیان. بە پارەی ئەوان بوو، بە شاردنەوەی تەرمەکانیان بوو کە دوو پوولم پێکەوەنا و دووسەد مەترێک لە گۆڕستانەکە دوورکەوتمەوە. هەموو ئێوارانێکیش درەنگ، خۆم گۆڕێک هەڵدەکەنم و ئینجا دێمەوە بۆ ماڵەوە، بۆئەوەی وەک جاران، بە شەوان لە شیرینی خەوم نەکەن و خەبەرم نەکەنەوە. با ئیتر لەمەولا خۆیان، تەرمی خۆیان بشارنەوە. پارەشم ناوێت و منەتی کەسیش نازانم. من تازە دوو مانگ نابێت، ماڵێکی یەک ژووریم کڕیووە. بە پارەی مردووان ئەم کولانە سەگەم بۆ خۆم پێکهێنا، هەر بۆئەوەی لە تەمەنی پیریدا کەمێک بحەوێمەوە، کەچی ئەو سەموونفرۆشە خوێڕییە کە دونیا جارێ بەتەواوی ڕووناک نەبووبووەوە، لە ماڵەکەی خۆمدا دەیویست تەرمێکم پێ ببەخشێ، تووخوا ئەمە حاڵە؟

ئەی بۆ من نالێی؟

من ئەمشەو ئەو سەموونفرۆشە هەر بەتەواوی نارەحەتی کردبووم. پەیتا پەیتا لە دەرگاکەی دەدام، لەوەش خراپتر پەنجەرەیەکی شکاندم. لەوە دەچێ، حەقی مامۆستا لەم وڵاتەی ئێمەدا هەر بەردباران کردن بێت.

من، ڕاستە کە هەموو بەیانییەک زوو، سەموونی گەرمی لێ دەکڕم. من خۆم دەزانم، ئەو کەی دێت و کەی نایەت. ئەوە ماوەیەکی زۆرە، هەموو بەیانییەک بە دەنگی زوڵاڵی ئەو سەموونفرۆشە بەخەبەردێم. بەڵام قەت نەمدیووە بەو نیوەشەوە سەموون بفرۆشێت. لەسەریەک ـ لەسەریەک لە دەرگاکەی دەدام. ئاخر ئەو هیچ وەختێک بۆ سەموون فرۆشتن لە دەرگای نەداوە، کە پەردەکەشم

لادەبرد و سەیرمدەکرد، کەسم نەدەدی. من هاوارەکەی دەناسمەوە و مۆسیقای دەنگی بە ڕۆحم ئاشنایە. کە دەرگاکەم نەکردەوە و خۆم کرد بە نووستوو، بەردێکی گرتە شووشەی پەنجەرەکەم و شکاندی... هەر باش بوو بەر سەرم نەکەوت. هەر بەتەواوی لەوە دەچوو شێت بووبێت. شتێک لەبەرچاومدا تێپەڕی لە فریشتە دەچوو، کە جلێکی سپی لەبەردابوو. من چاوم هەڵگڵۆفی و وامزانی خڵەفاوم. ئیدی لەبەردەمی پەنجەرەکەدا وەک پەیکەرێک چەقیم، هەر سەیری دەرەوەم دەکرد، لە بەفر زیاتر هیچ شتێکی ترم نەدەدی. ماوەیەکی زۆری پێ چوو، گوێم لە دەنگە خۆشەکەی بوو. ئەو بوو بە خۆی و سەموونەکانییەوە، کۆڵێ دڵم کرایەوە. بەڵام دوایی سەیرم کرد هاواردەکات و وەک شێت لە دەرگاکان دەدا. لە چەقی کۆڵانەکەدا خەریکی شتێک بوو نەمدەزانی چییە. چوومە حەوشەکە و بەپێدزکێ خۆم گەیاندە دەرگای دەرەوە. درزێکم کردە دەرگاکە و سەیرم کرد بەدیار تەرمێکەوە دەگری. تۆ بڵێی لەسەر نەفرۆشتنی سەموونەکانی یەکێکی سارد نەکردبێتەوە. چاک شڵەژابوو... پیس ڕەنگی هەڵبزڕکابوو. تەرمەکەی بەدوای خۆیدا ڕادەکێشا. نەمدەزانی بۆ کوێی دەبات؟ لەوە دەچوو بییەوێت لە شوێنێک بیشارێتەوە. بەم دەست و ئەو دەست لە دەرگای ماڵەکانی دەدا. کەس دەرگای لێ نەکردەوە. دەستیان خۆش بێ. ئاخر خەڵک سەموونیان دەوێ نەک تەرم. من زۆر ترسام، هەموو لەشم دەلەرزی و لەسەرمانیشدا بووبووم بە شەقشەقە. دانەچۆقەم پێکەوتبوو. لەوە دەترسام تەرمەکە لەبەر دەرگاکەی مندا فڕێبدات. دەنگی دانەکانم کە بەریەک دەکەوتن، ڕۆژە ڕێیەک دەڕۆشتن. بۆیە سووک و باریک هاتمە ژوورەوە، نەوەکو ئەو گوێی لێ بێت و پێ بزانێت. دوایی زۆر کەساس و تەنیا و غەمبار تەرمەکەی بەدوای خۆیدا ڕاکێشا.

ئاخر من مامۆستایەکم حەقم بەسەر وەرگرتنی تەرمەوە چییە؟ من خۆم لە

ڕۆژێکدا، دەیەها مردوو دەبینم... دەیەها تەرم دەهێنن بۆ ئەو گۆڕستانەی کە هەر دووسەد مەترێک لێرەوە دوورە. گرفتەکەش لەوەدایە کە قوتابخانەکەمان هەر لەلای گۆڕستانەکەوەیە... تەواو تەنیشتێتی، دراوسێی یەکترین و مووبەبەینمانەوە ناچێ. لە پەنجەرەکانەوە هەمیشە ئەو تەرمانە دەبینین، کە دەیهێنن و بە گریان و شین و شەپۆڕ ئەو ناوە پڕدەکەن. ئەو قوتابییە نەگبەتانەی ئێمە، هەمیشە سەیری دیمەنی ئەو گۆڕستانە وڕوگێژی کردوون و دەنگی گریان و واوەیلاش کەڕیکردوون. من هەر زۆر لەمێژە زەردەخەنەیەک چییە بەسەر لێوی یەکێکیانەوە نەمبینیووە. یەکێکیان خەیاڵ و هۆشی لای ئەو وانەیە نییە کە دەیخوێنێ. هەمیشە هەر وەک پەیکەر لەبەردەم پەنجەرەکاندا وەستاون و سەیری دیمەنی غەمباری ئەو تەرمانە دەکەن کە پەیتاپەیتا گۆڕستانەکە ئاوەدان دەکەنەوە.

من خۆم لە کۆبوونەوەیەکی مامۆستایاندا هەر پێرێ ئەوەم خستەبەر باس و خواس کە دەبێت پەنجەرەکان بە گۆڤار و ڕۆژنامە بێبایەخەکان بگرین، تا ئەو قوتابیانە ئەوەندە تەماشای ئەو گۆڕستانە نەکەن و تۆزێ مێشکیان لای وانەکەیان بێت. هەندێکیان پێکەنین... چەند کەسێکیان ڕامان... دوانیان دەستیانکرد بە باوێشکدان، مامۆستایەک هەر بۆ خۆی نووستبوو. یەکێکیان وتی: «ئاخر ئەوە گرفتەکە چارەسەر ناکات، قوتابخانە نابێت لای گۆڕستانەوە بێت.» یەکێکی تریان وتی: «بۆ؟ خۆ عەرزەکەی خوار نییە، هەتا قوتابخانەیەک لە شوێنێکی تر دروست دەکەین، هەموومان بێ مەعاش دەبین.» هەموو پێکەنین. ئەو مامۆستایەش کە نووستبوو، ئەویش خەبەری بووەوە و پێکەنی. یەکێکی تریان وتی: «بەپێچەوانەوە، دەبێ گۆڕستان لای قوتابخانەوە نەبێ.» دووانیان سەریان بۆ بادا و پێیان جوانبوو. مامۆستایەکی تر کە هەمیشە چاویلکەیەکی ڕەش لەچاودەکات وتی: «ئاخر بابە وا نابێت، خۆ هەموو شوێنێ

لەم شارەدا هەر لە گۆڕستان دەچێ.» مامۆستایەکی گەنج کە تازە دامەزرابوو قسەکەی قۆستەوە و وتی: «بەبڕوای من، قوتابخانە هەر دەبێ لەناوەڕاستی دەریادا دروست بکرێت.» مامۆستای زانیاری قیژاندی بەسەریا و وتی: «ئەها... هەر ئەوە ماوە دیلفین بمانخوات.» مامۆستای جوگرافیا هاواریکرد و وتی: «بابە... دیلفین کەس ناخوات.» مامۆستای مێژوو وتی: «کەی ئێمە دەریامان هەیە؟» ئەو مامۆستایەی کە تازە خەبەری بووبووەوە هاواریکرد: «با بڕووخێ.» وتیان: چی بڕووخێ؟ ڕەنگی زەرد بوو وتی: «ئاخر ئێمە کەسمان مەلە نازانین... تا فێری دەبین چەند ساڵێکمان دەوێ.» وتیان فێری دەبین و قوتابییەکانیش فێردەکەین. مامۆستای وەرزش حەپەسا و وتی: «ئینجا خۆ هەمووتان دەبن بە مامۆستای وەرزش... ئەم هەموو مامۆستایەمان بۆ چییە؟» ئای خوایە هەموومان وەک شێت قاقامان لێدا... تەنانەت بەڕێوەبەریش کە دە ساڵ بوو پێنەکەنیبوو، پێکەنینێک پێکەنی، وەک پاروو لە قوڕگی گیرا. دوو کەس پەیتا پەیتا کۆڵەمستەیان دەدا بە پشتیا. لەپڕ یەکێ وتی: «پێویستمان بە فێربوونی مەلە نییە، بە بەلەم دەڕۆین.» ئەمیان وتی: «ئینجا ئێمە کوا بەلەممان هەیە.» ئەویان وتی: «تا دروستی دەکەین، هەموومان پیردەبین و خانەنشین دەکرێن.» ئەو وتی: «چی دروستبکەین؟ قوتابخانە یان دەریا؟ ئێوە باسی چی دەکەن؟» «بەلەم... بابە ئەو باسی بەلەم و پاپۆڕ دەکات.» بوو بە غەڵبەغەڵب... بەڕێوەبەر تووڕەبوو وتی: «واز لەم قسانە بهێنن... هەر ئێستا هەر هەموو پەنجەرەکان بە گۆڤار و ڕۆژنامە و کارتی کۆن و فایلی بێحەیایی قوتابییەکان دەگرین و تەواو.»

ئیدی هەر بۆ بەیانییەکەی هەرچی شووشەی پەنجەرەکان بوون شکان. فایل و گۆڤار و ڕۆژنامەکان چوون بە ئاسماندا. دەتوت چۆلەکە و سارووخی کاغزن دەفڕین و لەسەر گۆڕەکان و سیمای قوتابی و مامۆستاکان

دەنیشتنەوە. دوو دانە هەر لەسەر کڵاوی فەڕاشەکە لەنگەری گرت. کەس نەیزانی، کێ پەنجەرەکانی شکاند؟ بەڕێوەبەر وتی: «لە کۆبوونەوەی دوێنێوە بۆم دەرکەوت کە ئەوە هەبێ و نەبێ مامۆستاکان بوون... لەوە دەچێ کەس تاقەتی وانە وتنەوەی نەمابێت.» مامۆستاکان دەیانووت: «ئێمە نەبووین... ئەوە لە ئیشی قوتابییەکان دەچێ.» هەموو قوتابییەکان، بە زیرەک و تەممەڵەوە دارکاری کران... لەئازاردا هاواریان دەکرد و دەیانقیژاند: «بڕوابکەن ئێمە نەبووین... خۆ ئێمە لە پۆلدا دانیشتبووین... ئەوە هەبێ و نەبێ مردووەکانی گۆڕستانەکە بوون.» فەڕاشەکەش ماندوو ـ ماندوو، وردە شووشەی ڕادەماڵی و کاغەزەکانی لە زەوییەکە کۆدەکردەوە، لەبەرخۆیەوە وتی: «بڕوا بکەن منیش نەبووم... بۆ وا سەیرم دەکەن... تۆ بڵێی من بمەوێت ئیش بۆ خۆم زیادبکەم.» ئیدی بەڕێوەبەر، لەو کارە زۆر تووڕەبوو. بڕیاریدا کە کەس شووشەی پەنجەرەکان چاک ناکاتەوە و کەسیش بە کاغەز و موقەبا نابێ بیگرێ. با هەمووتان بەو هەوا ساردەی گۆڕستان ڕەقببنەوە و بەو دیمەنەی کوێر و بەو بۆن و بەرامەیشی برشێنەوە چش.

لەڕاستیدا، من تاقە کەسێک بووم کە بەردێک بەر سەرم کەوت و خراپ بریندارى کردم. بەڵام هەموومان وەک شێت هاوارمان دەکرد... کەس ئاگای لە کەس نەمابوو. لەپڕ قوتابییەک قیژاندی: «مامۆستا! سەرت شکاوە و خوێنی لێ دەڕوات.» مامۆستای ڕەسم، هەر لە قوتابخانە سەری بۆ بەستم. بەڕێوەبەر وتی: «بچۆرەوە بۆ ماڵەوە.» هەر کە لە دەرگای قوتابخانە چوومە دەرەوە، گوێم لە قوتابییەکان بوو، لە پەنجەرەکانەوە سەریان هێنابووە دەرەوە دەیانوت: «ئەرێ وەڵا... مامۆستا چووەوە بۆ ماڵەوە... ئەم وانەیە ناخوێنین.» ئەمشەو هەر لەبەر ئازار خەوم لێ نەکەوتووە، کەچی ئەو سەموونفرۆشە، سەرەڕای ئەوەی لە دەرگاکەی دەدام و پەنجەرەیەکی شکاندم، دەیویست تەرمێک لەبەر

دەرگاکەمدا دابنێت و تووشمبکات، لەوەش خراپتر و نالەبارتر دەیویست ئەو سەموونە ڕەقانەم پێ بفرۆشێت کە هەر لەو بەردانە دەچوون کە پەنجەرەکانی قوتابخانە و ماڵەکەی منیان ورد و خاش کرد و سەری منیان پێ شکاند.

نەخێر من لەگەڵ تۆم نییە وەستا! من شەڕ لەگەڵ تۆ ناکەم. وەک دەبینی کەسیان سەموونێک چییە نەیانکڕی. بڕوا دەکەی یان نا، کەیفی خۆتە. ئەوا من دەڕۆم... بەس پێم بڵێ بەیانی بێمەوە یان نا؟

نووسینی ئەم چیرۆکە ١٩٩٩

نووسینەوە و پاکنووسکردنی سەرەتای ٢٠٠١

# خەونی زێوان

ئەوە چ بڕیارێکی شێتانە بوو، سیمای ئەم شارەی گۆڕی؟! بڕیارێک لەسەر سفرەی نانخواردن، لەلایەن پارێزگاری شارەوە لەدەم کەوتەخوارەوە و هەموو ژیانی وەک چەند بەرمیلێک بەسەریەکتردا قلْپکردەوە.

بڕیارێک بوو لەسەر تێریی، پارێزگار خۆی نەیدەزانی کە چ دەرئەنجامێکی ترسناکی لێ دەکەوێتەوە.

پارێزگار خۆی، لە دەفتەری بیرەوەرییەکانی ڕۆژانەیدا، ئەوەی تۆمارکردبوو، کە ئەو نەیدەزانی ئەو بڕیارە بەو شێوە سەختە جلْەوی ژیانی لەدەست دەفڕێنێت، دەنا هەرگیز ئەو هەنگاوەی نەدەنا و ئەو خەیاڵەی بۆ نەدەهات و بە قسەی ئەو چوار پێنج زێوانەی نەدەکرد، کە ئەو ئێوارە درەنگ وەختە، بە خۆیان و لافیتەیەکی دەستیانەوە، لەبەر دەرگای ماڵەکەیدا کۆبوونەوە و بەشێوەیەکی ئاشتییانە کەوتنە هوتاف کێشان و بمرە و بژی و فیکەلێدان.

کە پیاوانی ئاسایش ویستبوویان سەرو کەللەیان لێ بدەن و بڵاوەیان پێ بکەن و دووریان بخەنەوە، ئەوان بەپەلە نامەیەکیان پێشان دابوون و ئەوەیان دووبارە کردبووەوە کە هەر دەیانەوێت نامەکەیان بگاتە پارێزگار و هیچ بەرپاکردنی شۆڕشێک و هیچ ئاژاوە نانەوەیەکیشیان لە خەیاڵدا نییە و ئەم

کارەش هەر بۆ خزمەتی جوانکردنی ئەم شارەیە و دەستی وڵاتانی دراوسێ و بێگانە و ئیمپریالیزمی لەپشتەوە نییە. ئەو دوا پارووی دەگلاند کە نامەکەیان بۆ هێنا، نەیانهێشت بەشێنەیی قووتیبدات بۆیان خوێندەوە: «ئێمە چەند زێوانێکین، داوا لە جەنابت دەکەین، کە گۆڕستانی تازەمان بۆ بکەیتەوە. گۆڕستانەکانی ئێمە هێندە پڕبوون، جێگەی کەسی تری تیا نابێتەوە. ئەگەر ئەم داوایەمان بۆ جێ بەجێ ناکەیت، ئەوا مردن قەدەغە بکە.»

ئیدی هەر ئەوە بوو، پارێزگار بڕیاری دا کە مردن لەم شارەی ئێمەدا قەدەغەیە.

هەر خۆی لە دەفتەری یاداشتەکانیدا نووسیبووی: «کە ئەو وای دەزانی ژیان بەم شێوەیە جوان دەبێ.» «کە ئەو دەیەوێت ئەم شارە یەکەم شاری ئەم گۆی زەوییە بێ کە کەس تیایدا نەمرێت.»

هەر ئەو ئێوارە درەنگ وەختە، هەموو هەواڵەکانی تەلەڤیزیۆن و ڕادیۆ، هەر دەیانووت و دەیانووتەوە: «کەس بۆی نییە مردنی ئاسایی بمرێت، بڕۆن بۆ خۆتان بژین... تەمەن درێژبن... ئەوەی بمرێ قەرزاربار دەبێت، کەسوکاری لەپاش خۆی، دەبێت پارەیەکی زۆر بداتە دەوڵەت.»

ئەم هەواڵە وەک هەورەتریشقە لە هەموو لایەکەوە دەنگی دایەوە. ئەو شەوە تا بەیانی کەس خەو نەچووە چاوی. پارێزگار نووسیبووی کە ئەو پێی خۆش بوو کە ئەو خەیاڵەی بۆ هات... «لەڕاستیدا من ویستم خزمەتی ڕۆڵەکانی شارەکەم بکەم.»

هەر بۆ بەیانی، سەدەها برووسکەی پیرۆزبایی لەلایەن لێپرسراوی گەورە گەورە و بەڕێوبەرەکانەوە، ڕەوانەی پارێزگار کرا. «لەژیانمدا هیچ کاتێ ئەمەندە دەستخۆشیم لێ نەکرابوو.»

هەفتەیەکی تەواوی پێ چوو، تا خەڵک بڕوایان بەوە هێنا، کە ئەو هەواڵە

ڕاستـە و درۆ نییـە، ئەوەش دوای ئەوەی کـە لەو مـاوەیەدا، ئـەو کەسـانـەی کـە دەمـردن، کـەسـوکـاریان تووشـی قـەرزێکی زۆر دەبـوون. ترسـێکی زۆر چووە ڕۆحی هـەمـووانەوە... قـوڕ بەسـەر ئەوەی یـەکـێکی لێ دەمـرێت. جـا وەرە و ناومـاڵەکەت هەڕاج بکە، یادگارە جـوانەکـانی منداڵیت لەسـەر شـەقـامـەکـان هەڵبرێژە و بفرۆشە، ئەگەر پارەکەت بەشی نەکرد، هەموو تەمـەنت لە زینداندا بەسەردەبەیت.

بە سـەدەها کـەس لە خـەم و قـەهری ئەوەی کـە مـردن قـەدەغـەیە مـردن. چەندەهـا کـەس لە ترسـی ئەوەی کـە ئەگـەر بێـتـو بمـرن، ئەوا کـەسـوکـاریان تووشـی قەرزێکی وا دەکەن، کە نەتوانن بیدەنەوە مردن.

لە ڕاسـتیـدا قـەدەغـەکردنی مـردن وای کـرد کـە خـەڵکێکی زیاتر بمرن. ئەو کەسـانـەش کە بە جـۆرێک لە جـۆرەکـان لە ژیان بێزاربوون و خـۆیان بۆ مـردن ئامـادە دەکـرد، دەسـتـیـان کـرد بـە کـۆکـردنەوەی پارەوپـوول. هـەریەکـەو دەخیـلـەیەکی چکۆلانەی لـە تەختـە دروسـتکرد و بـە خـەتێکی ڕەش و گەورەش لەسەری نووسـی پارەی مردن... بژی مـردن... بڕووخێ ژیان. زۆریش لەوانەی کە بڕوایان بەوە بوو کە دوای مردن دەچنە بەهەشت، لەپڕ تێگەیشـتن کـە بەهـەشت هەتا بێت گران دەکەوێت لەسەریان.

هەر منداڵێک کـە لەدایک دەبوو، هەر لە سـاتی ناوک بڕینیـیـەوە، خـەمی مردنیان بۆ دەخوارد و پارەیان بۆ کۆدەکردەوە. هـەر لەگەڵ زۆربوونی پارەکانی ناو دەخیلەکان، تامـەزرۆی خـۆ ئامـادەکردن بۆ مـردن زیادی دەکرد. مـردن تا دەهات شیرینتر و نزیکتر دەبووەوە. کەم بوونی پارەکانیش حەسرەتێکی زۆری دەخـسـتـە دڵیـانـەوە. چەندەها کـەس هـەر بەو قـەهرەوە سـەریان نایەوە کـە دەستیان بڵاوە و پارەیان بۆ کۆناکرێتەوە. بە هـەزارەها کەس لە خـەمی ئەوەی کە گـۆڕێکیـان لە دواڕۆژدا چنگ ناکەوێت، بەئارامـی تیـای ڕابکشـێن، شـار و

وڵاتیان بەجێهێشت و لەسەر سنوورەکانی ئەو وڵاتە کەڕولاڵ و ساردانەدا، ڕۆحیان بە مەرگ و تەلبەندەکانی غەریبی سپارد. تف لەمماڵی ژیانە، گەر پەنجەرەیەکی بچووکی نەبێ، بەسەر مردنێکی خۆڕاییدا بڕوانێت.

کەس نەیدەوێرا پرسە دابنێ. ناشتنی تەرمەکان، بەبێ فرمێسک و شیوەن بووە سیمای ئەو سەردەمە. دەبوایە بەدزییەوە بمریت... بەدزییەوە بگریت... لەژێر جێگاوە... لەشوێنە تاریکەکاندا فرمێسک هەڵبڕێژیت، نەبادا کەشف بیت.

مردن، بەو هەموو تراژیدیا ترسناکانەی خۆیەوە، بووە کۆمیدیایەکی گەورە. هەموو کەس، لە مردن زیاتر، لە بەدەستهێنانی گۆڕێک زیاتر بیری لە هیچ شتێکی تر نەدەکردەوە. نە ژیان ما... نە خۆشەویستی... نە یادگاری مناڵی، نە پاکی و میهرەبانی.

سیمای شارەکە هەر بەتەواوی گۆڕا. کەس فلسێک چییە بەخۆڕایی خەرجی نەدەکرد، بەڵکو خڕیدەکردەوە و لە دەخیلەکەیدا قایمی دەکرد. لەجیاتی ئەوەی ژیانی پێ بکڕێت، مەرگی پێ دەکڕی. کەس نەدەچوو بە میوانی، چونکە وەکو جاران کەس خواردن و میوەی بۆ میوان نەدەکڕی، لەبەردەمیدا گوڵەبەڕۆژە و چەقالەی دانەدەنا. خەڵکێکی زۆر، لەدوای ئەوەی کە هیچ پارەیەکیان نەبوو پێی بمرن کەوتنە دزی کردن. پیشەی دزی تا دەهات زیاتر دەبوو، بەتایبەتی دوای ئەوەی کە چەند دزێک گیران و لە دادگادا بە شەرمێکەوە ئەوەیان درکاند کە دزییان لەبەرئەوە کردووە پێی بمرن. پاکییان سەلمێندرا و بەرەڵا کران.

فەنتازیای مردن، تا دەهات دەوڵەمەندتر دەبوو، خەڵکێکی زۆر کە دەمردن، کەسوکاریان دەهاتن و چەند چەقۆیەکیان لە جەستەیان دەدان، تا لە خەستەخانە بیسەلمێنن کە ئەمانە نەمردوون، بەڵکو کوژراون. دەیانبردن بۆ

لابوورەکان، بۆ پشکنینیان، لەوێ ڕاستیەکان ئاشکرادەبوون و بە پارەیەکی زۆر کوژراندنیان دەسەلمێندرا و دەم بەپێکەنین دەهاتنەوە بۆ ماڵەوە.

دۆزینەوەی ئیش لە لابوورەکاندا خەونی گەنجەکان بوو، چونکە لەوێ لەماوەیەکی زۆر کەمدا، هێندە پارەت دەبوو کە نەک تەنها مەرگی خۆت، بەڵکو هی سەدانی تریشت پێ دەکڕی. جاران، جارانی زوو، خەڵکێکی زۆری ئەم شارە بەوەستانی کتوپڕی دڵ دەمردن، ئیتر ئێستا، گەورەترین کارەسات هیچ کارێک لە دڵ ناکات... هیچ هەستێک نابزوێنێت. بەم ڕۆژگارە کچان و ژنانی ئەم شارە خۆیان دەسووتێنن و هیچ کەسێک دەنگ ناکات. تام و چێژی دڵداریش گۆڕا. جاران عاشقەکان بە نامەیەک دڵیان لەسەر سەد لێیدەدا، ئێستاکە هەزار نامە و چاوبازی و پەرچەم لادان... سەدان ماچ، خورپەیەک ناخاتە دڵەوە... تەزوویەک لە خوێن و دەمارەکاندا دروستناکات.

لە بڕیارێکی کتوپڕدا، هەمدیسان لەسەر سفرەی نانخواردن، پارێزگار هات بە خەیاڵیدا کە بەشێکی کەمی ئەو بڕیارە بگۆڕێت و پیرەکان، ئەوانەی دەگەنە تەمەنی سەد ساڵ، بۆیان هەبێت بمرن. چەند پیرێکی دەگمەن کە لە سەرو نەوەدەوە بوون و چارەنووسێکی تەمومژاویی و ئاڵۆز و سەیر تا ئەو دەمە هێشتبوونییەوە، هەر بیریان لەو ڕۆژە خۆشە دەکردەوە، کە دەگەنە تەمەنی سەد ساڵی و بەئارامی و هێمنی دەمرن.

پیرێک کە بۆ بەیانییەکەی، تەمەنی دەبووە سەد ساڵ، هەر ئەو شەوە لەخۆشیاندا دڵی وەستا و، کوڕ و کچەکانی، کچەزا و کوڕەزاکانی، خزمەکانی واقیان وڕما و نەیاندەوێرا ئەو شەوە بگرین و پرسە دابنێن. مات و مەلوول بەدیارییەوە دانیشتن و سەیری کاتژمێری دیوارەکەیان دەکرد، کەی بگاتە شەشی بەیانی، بۆئەوەی بە خۆڕایی بیکەنە شیوەن و ڕۆڕۆ. فرمێسک ئەو هێز و سیحرەی جارانی نەما. گەنجت دەبینی، منداڵی دوێنێ بوو، کەس نەیدەزانی

چۆن ســەری وا زوو ســپی بوو، دەیووت تەمــەنم پەنجــا ســاڵە. هەریەکــە و پارەیەکی زۆری دەدا بۆ زیادکــردنی تەمــەنی خــۆی و دەســتکەوتنی شوناسنامەیەکی پیرانە. کە بەڕێگادا دەڕۆیشتن، پشتیان کۆم دەکردەوە، هەر لە پیرەمێردێکی ڕاستەقینە دەچوون. تا وای لێهات ئەم شارە گەنجی تیا نەما. پارێزگاری شار ئاگای لە هەموو شتێ بوو.

لە یاداشتەکەیدا ئەوەی تۆمارکردبوو کە ئەو زۆر لەو بڕیارە پەشیمانە، بەڵام ناوێرێت لای ببات، چونکە لەوە دەترسێ کە خەڵکێکی زیاتر لەخۆشیاندا بمرن... ئەگەر وابێ ئەم شارە کەسی وای تیا نامێنێت.

خــەڵکی شــاریش بە گــەورە و بچــووکــەوە ئاگــایان لەوەیە کــە پارێزگــار پەشــیمــانە و ئەوەش دەزانن کــە مــاوەی هەفتــەیەک زیاترە، پارێزگــار و پیاوەکانی، بەدزییەوە بەشوێن ئەو زێوانانەدا دەگەڕێن بۆ سزادانیان، بەڵام تا ئێستا کەسیانیان چنگ نەکەوتووە.

هی وا هەیە دەڵێ کــە ســەری خــۆیان هەڵگرتووە و بە خــشکەیی شــار و وڵاتیان بەجێهێشتووە. خەڵکێکی تریش دەڵێن کە گوایە زێوانەکان بەدزییەوە خۆیان ناشتووە. ئیتر ئێستا کەس نازانێت چۆن بژی... کەس نازانێ چۆن بمرێت. هەموو چاوەڕوانن، کەسیش نازانێت چاوەڕوانی چین.

ئۆکتۆبەری ٢٠٠٠

* لە گــۆڤــاری (ئایندە)دا بــڵاوکــراوەتەوە، ژمــارە «21» ســاڵی «2001» ل. «109-112»

**فرمێسکی شارێک**

کەس نەیزانی چۆن کوژرا و لاشەکەیان بە پارچە پارچەیی، لەناو گوێنییەکی خەت سووردا فڕێدرایەوە بەردەرگای ماڵەکەی. ئەو ماڵەی خەڵکی بە قەڵای جنۆکەیان دادەنا، ئەو خانووەی کە ببووە ناونیشانی دەیەها کۆڵان و ئەملا و دەیەها کۆڵانی ئەولا، دەیەها شەقام ئەملا و دەیەها شەقام ئەولا. بەختەوەربوو ئەو شۆفێرەی کە یەکێکی بە تاکسییەکەی ببردایەتەوە و ناوی قەڵای جنۆکەی ببیستایە، لە هەر شوێنێ بووایە، بە چاونووقاوەیی دەچووە بەردەمی. کەس نەبوو لەو شارەدا نەزانێ قەڵای جنۆکان لەکوێیە، کەس نەبوو دلێری جنۆکە نەناسێت، ئەو کوڕە باڵا کورت و پشت کۆماوەی کە دەیانووت جنۆکان چاوی خۆیان پێ بەخشیووە، بۆیە هەمووشتێ دەبینێت. زۆربەی زۆری ئەو کچ و ژنانەی کە چوونە بۆلای بۆئەوەی بەختیان بۆ بگرێتەوە سوێندیان دەخوارد کە هەستێکی سەیریان هەبووە لەکاتێکدا سەیری کردوون، هەستی ئەوەی کە دلێر بە سەیرکردنێک ڕووتوقووتی کردوونەتەوە.

بەڵام دلێری جنۆکە کوژراو کەس نەبوو فریای بکەوێ. ئەو کە بەخت و دوارۆژ و خەونی هەزارەهای لە چاواندا دەخوێندەوە، هیچ کاتێ نەیتوانیووە چاوی خۆی بخوێنێتەوە. چەندەها جار ئەم پرسیارەشی لێ کراوە: ئەی تۆ دەتوانی چاوی خۆت بخوێنیتەوە؟ من چاوی خۆم بۆ نابینرێت. ئەی بۆ سەیری

ئاوێنە ناکـەیت؟ لـە وەڵامـدا دەیووت: ئاوێنـە درۆدەکـات... من بڕواناکـەم هـیچ شتێ هەبێت لە دونیادا لە ئاوێنە درۆزنتر، مرۆڤ لەوکاتەوە فێری درۆ بووە، کە ئاوێنەی ناسی.

کـارەسـاتی دلێـر هـەر تەنیـا لە کـوشـتنەکـەیدا نـەبوو، هەر تـەنیـا لە پارچەپارچەکردنی و تێکەڵاوکردنی بەشە جیاوازەکانی جەستەی نەبوو لە گوێنێیەکدا، گوێنێیەک کە بە خەتی لاتینی لەسەری نووسرابوو ژمارە سێ، بەڵکو دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای ناسینی لەلایەن خەڵکانەوە، خەڵکانێک کە لەبەردەرگای ماڵەکەیدا ڕیزیان دەبەست بۆئەوەی دلێر سەیری چاویان بکات و ژیانیان بۆ بخوێنێتەوە.

نا، کـارەسـاتەکـە لەوەشـدا نەبوو، بەڵکو لە بینینی خـەونێکدا بوو، لە شەوێکی سارد و ڕەشەبا و بەفردا، شەوێکی هەتا حەزبکەی سپی، دە ساڵێک پێش ئێستا کەسێ هاتە خەوی، کەسێک کە هەرچەند بیری لێ دەکردەوە، نەیدەتوانی بیهێنێتەوە ناو خەیاڵ و بەرچاوانی، نازانێ کێ بووە و چی بووە. شتێک بووە کە نە مرۆڤ بووە، نە دەعبا... نە فریشتە و نە شەیتان. ئەوسا تەمەنی پانزە ساڵ بوو، خەونەکەی بۆ دایکە لاڵەکەی گێڕایەوە. دایکی گریا و باوەشی کرد بەسەریدا و بە دەست و ئیشـارەت و لچ و لێـو تێیگەیاند کـە ئەمیش لە تەمەنی ئەودا هەمان خەونی بینیووە و دوای ماوەیەک لاڵ بووە. فرمێسکەکانی دەڕژان و دەیووت: کوڕە شیرینەکەم! دەبێ تۆ بە قسەی بکەی. من نەمکرد و وەک دەبینی وام لێهات، دە وەرە با بڕۆین بۆلای عەبەخەوخۆش، بزانین ئەو دەڵێ چی، با خەونەکەمان بۆ شیبکاتەوە.

بەڵام خوێندنەوەی دلێر بۆ چاوان لە ترسی ئەوە نەبوو کە لاڵ دەبێت، بەڵکو لەوەوە بوو کە بەڕاستی لەدوای بینینی ئەو خەونە، هەموو شتێکی لە چاودا دەبینی.

یەکەمجار بەسەر هاوڕێکان و منداڵانی گەڕەکەکەیدا تاقیکردەوە. چی پێ وتبوون، هەمووی هاتەدی. بە یەکێکیانی وتبوو کە تۆ شتێکت کردووە، بە دایکت بڵێ یا بۆ باوکتی نەگێڕیتەوە، ئەگینا باوکت لێت دەدات. بڕوای بە دلێر نەکردبوو، کە باوکی هاتبووەوە تێروپڕی لێ دابوو. بە هاوڕێیەکی وتبوو ئەم شەو دز دێتە سەرتان، دەرگا باش دابخەن، ئێمەش دەچینە سەربان و بەردەبارانی دەکەین.

خزمەکانیشی دوای ئەوە دەهاتنە لای، ئەو خزمە بێوەفایانەی کە هیچ کاتێک قاچیان نەخستبووە ماڵەکەیانەوە. بە پوورە بێوەژنەکەی وتبوو: پورێ! تۆ شوو دەکەی. ئەویش وتبووی: دەک ڕۆڵە عەمرت نەمێنێ بۆ خۆت و قسەت. من. بە پێنج منداڵەوە، بەم تەمەنەوە شووی چی دەکەم. ئەمیش وتبووی: جا شووکردن پەیوەندی بە تەمەنەوە چییە؟

- چۆن پەیوەندی پێوە نییە ڕەزاگران.

دوو ڕۆژی نەبردبوو، پیاوێک کە پەنجا ساڵ پێش ئێستا، بە منداڵی حەزی لێ کردبوو، بە قژی تەڕ و شانەکراوەوە، بە گوڵەباخێکی پرتەقاڵییەوە هاتە داخوازی پوور. پوورێ شوویکرد. زوو زوو دەهاتە لای دلێر و دەیووت: وەی لە دەوری سەرت گەڕێم، بە خوا تۆ یان جنۆکەی... یان سیحرباز.

بەڵام دلێر نە جنۆکە بوو، نە سیحرباز، بەڵکو توانایەکی سەیری هەبوو لە بینینی ژیان لە چاودا. هەمیشە دەیووت: «سەیرە، لە چاواندا هەمووشتێ دیارە. چاو ناتوانێ هیچ شتێ بشارێتەوە. چاو وەکو دڵ نییە، لە دڵدا دەتوانی هەموو شتێ ونبکەیت. دڵ گەردوونی نهێنییەکانە، بەڵام لە چاودا هەمووشتێ دیارە. چاو پاکە... بەوەفایە، وەک دڵ نییە».

نا، کارەساتەکە هەر لەوەدا نەبوو کە دلێر توانای خوێندنەوەی چاوانی هەبوو، بەڵکو ڕەنگە لەوەوە بووبێ کە دوای شووکردنی پووری، دیارییەکی

وەرگــــــرت و پووری پێی ووت: ئـێ ڕۆڵـە تـۆ ئـەگـــــەر ئـەوەنـدە بـەتـوانـای لـە خـوێندنەوەی چاودا، حـەق نـیـیـە بەخـۆڕایی بیکەیت. چاوی هـەچ کـەسـێکت خـوێندەوە، دیارییـەکی لێ وەربگرە. هەر دوای مـانگێک مـاڵەکـەیان پڕبوو لە دیاری سـەیرسـەیر. شوێن لەو مـاڵەدا نەمابوو شتی گرانبەهای تیا نەبێ. دلێر و دایکی دەبووایە بەئـاسـتـەم قـاچ دابنێن، دەنا هـەر شت بوو خـرمـەی دەهـات... هـەر شـووشـە بـوو دەشکا. دوای ئەوەی کە زۆربەی دیـارییەکـانیـان بە پارەیەکی کەم فرۆشتەوە ئیتر دلێر بڕیاریدا لەجیاتی دیاری پارە وەربگرێت.

ـ جـەنابی حـاکم! خـۆ دلێری کوڕم پارەی بەزۆر لە خـەڵک نەسـەندووە، ئەوە کاسبییەک بوو دەیکرد و پارەی تیابوو.

ـ ئەی ئەو کۆشکەی کە ناسراوە بە «قەڵای جنۆکان»، ئەوەی بە چی کڕی؟

ـ هەر بەو کاسبییە، جەنابی حاکم.

ـ ئەی تۆ بۆ لەوێ لەگەڵیا نەدەژیایت؟

ـ من دڵم هـەر بەو کـاولـبووەی خـۆم دەکرایەوە، خـۆ ئـەویش ئێـواران درەنگ دەهـاتەوە لای من دەنووست. من دەبوایە هـەمیشە خزمـەتی بکەم... ئەو نەخۆش بوو.

نا، کارەسـاتەکـان هیـچیـان ناگەنە ڕۆژی مـوحـاکـمـەکە. سـەرۆکی دادگـا لەماوەی پەنجا سـاڵی کارکردنیدا هـەرگیزاو هـەرگیز شـتی وای نەبینیبوو، نەک حاکم، بەڵکو لە مێژووی ئەم شـارەدا کوشـتنی لە بابەتی لەوە گەورەتر هـەرگیز ئەو گرنگییـەی نەبووە، وەک کـوشـتنی دلێری جنـۆکە. هـەمـوو خـەڵکی شـار لەو تاوانە زیاتر بـاسـی هیچ شـتێکی تریان نەدەکرد. هۆڵەکە پەنجا کـەسـی زیاتر نەدەگرت. سـەد هـەزار کـەس لەدەرەوە کـۆبـبـوونەوە، بۆئـەوەی بێنە ژوورەوە. دە کـەس هـەر لەو قـەڵەباڵەغی و جـەنجـاڵـیـیـەدا بوون بەژێر هورووژمـی خـەڵکەوە و بوورانەوە. دوو سێ کەس خـراپ بریندارکران. بە سـەدەهـا پۆلیس بـانگکران بۆ

هێمنکردنەوەی ئەو بارە ناهەموارە، چارە نەبوو، هۆڵەکە خەریکبوو بڕووخێ... دەرگای دادگا بە چاوترووکانێک هاتە دەرەوە و دیاریش نەما. بە دەیەها موکەبیەرەی گەورە گەورەیان لەدەرەوە دانا بۆئەوەی ئەو خەڵکەی کە لەسەر شەقامەکان بوون هیچ نەبێ نەیەنە ژوورەوە و لە جێگەی خۆیانەوە گوێبگرن، بەڵام پاڵەپەستۆی دەرەوە، تا دەهات زیاتر دەبوو.

نا، ئەمەیە کارەسات جەنابی حاکم! ئیش بەم شێوەیە ناڕوات بەڕێوە. ئەم مەسەلەیە با دوابخەین. دەڵێی چی بدرێت بە تەلەڤیزیۆن و هەمووکەس لەماڵەوە بیبینێت.

وتووێژ لەگەڵ بەڕێوەبەرانی تەلەڤیزیۆندا دوو ڕۆژی پێچوو. بڕیاردرا کە پەخشبکرێتەوە بۆ هەموو شار. ئەمە یەکەمجار بوو لە مێژووی ئەم شارەدا شتی وا ڕووبدات. ئیتر لەو ڕۆژەوە کەس نەچوو بۆ هۆڵی دادگا، تەنیا شایەتەکان نەبێ. لە سێ ڕۆژی هەفتەی یەکەمدا تەنها ئەو کەسانە چوون بۆ شایەتی کە دوا هەفتە چووبوون بۆلای دلێر. دۆزینەوەی ئەو کەسانەش ئاسان بوو. چونکە دلێر ناوی یەکەم و ئیشی هەموو ئەو کەسانەی لە دەفتەرێکدا تۆمارکردبوو. حاکمیش دەفتەرەکەی لە دایکی وەرگرتبوو. ژمارەی ئەو کەسانەی کە تەنها دوا هەفتە چووبوون لە سەد کەس زیاتر بوون، کە زۆربەی زۆریان کچ و ژن بوون. خەڵکی شار بە گەورە و بچووکەوە... بە گەنج و پیرەوە... بە نەخۆش و لەش ساغەوە لەبەردەم شاشەی تەلەڤیزیۆنەکاندا هەڵتروشکابوون. زۆربەی زۆری ئەو ژنانە باسی ئەوەیان کرد کە ئەوەی دلێری جنۆکە لە چاوانیاندا خوێندوویەتەوە هەمووی ڕاستە. سەرۆکی دادگا بە سەرسوڕمانەوە پرسیاری ئەوەی دەکرد کە ئایا دلێر چی خوێندووەتەوە. باسی ئەوەیان کرد کە ئەمان لە زیندانی مێردەکانیاندا... لە زیندانی باوکەکاندا... لە زیندانی برا گەورە و مام و خاڵدا خەریکە دەخنکێن. بەدەست

مــوبـەق و منداڵ بـەخــێــوکــردنی یـەک لەدوای یـەکــدا ژیانیــان پێش ئەوەی دەســتپــێـبکات تەواوبـووە... دلێـر لە چاومـاندا تەرمی سـاردەوەبووی دوارۆژی خـۆمـانی نیشـانداین. دەیانووت کـە ئێـمە ئەوە دەزانین کە ئەم قسـانەمـان زۆر لەســـەر دەکــەوێ بـەڵام تازە لە دادگــادا ســـوێندمـــان خـــواردووە و ناتـوانین درۆبکەین. حاکم بەو قسانە تەریق و مەست بووبوو. زووزوو بە دەستەسڕەکەی ئـارەقی شـــەرمـــەزاری نـاوچەوان و لامـلـی دەســـڕی. لـەدوای هـەر دێـڕێک لـەو دێڕانەوە بە کزییەکەوە دەیووت:

ـ من هیوادارم پیاوانی ئێمە ئێستا گوێیان لەم قسانە بێت و بەقووڵی بیری لێ بکەنەوە. بەڵام با ئەم دێڕانە لە مەسەلەی کوشتنی دلێر دوورمان نەخاتەوە. ئایا کـەسـتـان هەسـتـان بەوە کـرد کـە دلێـر باسـی ژیانی خـۆی و هـەڕەشــەی کوشتن و شتی وای کردبێت؟

ـ نەخێر... جەنابی حاکم! دلێر باسی خۆی نەدەکرد. هەرگیز... باسی خۆی نەدەکرد.

هەفتـەی یەکەم زۆر قورس تێپـەڕی. ئەم شـارە کپ و خـامـۆش بوو. کەس نەبوو بێـتـەدەرەوە. کـەس توانـای کـارکـردنی نەبـوو... کـەس تاقـەتی نـەمـابوو شـەڕبکات... کەس هێزی نەبوو پێبکەنێ. هەمـوو شـوێنێ داخـرابوو. هەمـوو لە کـونی ژوورەوە... لەبەردەمی شـاشـەی تـەلەڤیـزیۆنەکـانەوە دوای ئەنجـامی ئەو کارەساتە کەوتبوون.

دوای ئەو هەفتـەیە، بۆ مـاوەی سێ ڕۆژ، حـاکم پشـوویەکی ڕاگەیاند. لەو ماوەیەدا ئەو سێ کەسـەی کە لەگەڵ حاکمدا کاریاندەکرد، کەوتنە هەڵدانەوە و تاوتوێکردنی ئەو لاپەڕانەی کە لە شایەتەکانەوە ڕەشکرابوونەوە.

لەو مـاوەیـەدا مـقـۆمـقـۆیەک بڵاوبووەوە. بـاس و خـواسـی ئەوەی کـە چەند کـەسـێک وەک شـایەت و لەهەمـان کـاتدا تاوانبـار دەسـتنیشـانکراون. چەند

سیاسییەک بانگکران بۆ دادگا. چەند سیاسییەکی پایەداری چەند حیزبی جیاواز جیاوازی شار. ئەو کەسانە بوون کە بە جۆرێک لە جۆرەکان ڕێیان کەوتبووە لای دلێر بۆ خوێندنەوەی چاویان. لەڕاستیدا بانگکردنی ئەوانە زیاتر لەبەرئەوە بوو کە خەڵکی ئاگایان لێبوو کە کاتێ لای دلێری جنۆکە هاتوونەتە دەرەوە، نەیانتوانیووە تووڕەیی سیمایان بشارنەوە. بەڵام کەس نازانێ دلێر چی پێ وتوون. لە دادگاشدا هەر کەس نەیزانی چییان وتووە و سەرۆکی دادگاش چی لێ پرسیوون. چونکە چوونی ئەوان بۆ دادگا هەر بەتەواوی بەشێوەیەکی نهێنی تێپەڕی و لەو ماوەیەدا تەلەڤیزیۆن بۆی نەبوو پەخشیبکاتەوە و هیچ گوێگرێک و ڕۆژنامەنووسێکیش ڕێگەی پێ نەدرا ئامادەبێت. بەڵام لەملا و ئەولا بەدزییەوە، خەڵکی پێیان زانی کە ئەوانە کێ بوونە و لە دادگا چییان وتووە. خەڵکێکی زۆر دەیانووت: کە ئەو کەسانە کە چوونە بۆلای دلێر، دلێر پێی وتوون کە ئەگەر دەکرێ چەکەکانتان دابنێن. بەبێ چەک سەیری چاوتان دەکەم. ئەوانیش وتوویانە: قسەی قۆڕ، ئێمە بەبێ چەک وەک ڕووتوقووت بینەوە وایە. تۆ سەیری چەکەکانمان مەکە کوڕی باش! سەیری چاومان بکە.

دلێریش کە سەیری چاوی کردوون، هیچ شتێکی تیا نەبینیووە. پێی وتوون: خۆتان لە چاوەکانتاندا دەبینم... بەتەنیا خۆتان... سێبەری خۆتان... وێنەی خۆتان... تارمایی خۆتان. ئەوانیش بەتووڕەیی ژوورەکەی دلێریان جێهێشتووە. دەڵێن کە سەرۆکی دادگاش پرسیاری ئەوەی لێ کردوون کە ئایا ئێوە بەو قسانەی دلێری جنۆکە دڵگیربوونە و هەڕەشەتان لێ کردووە. هەموویان ئەو قسانەیان بەدرۆخستووەتەوە و وتوویانە کە ئێمە هەڕەشەمان لێ نەکردووە. جا گزگلی وا چییە ئێمە دەستی خۆمانی پێ سووربکەین. کە هیچیشی لە چاوماندا نەبینیووە، زیاتر هی ئەوە بووە کە ئێمە بە

چەکەکانمانەوە لەبەردەمیدا دانیشتووین و نەمانویستووە لە ناوقەدمانی بکەینەوە. سەرۆکی دادگاش هەموویانی ئیزن داوە و پێی وتوون: دەتوانن برۆن، ئێمە هیچ بەڵگەیەکمان بەدەستەوە نییە بۆ تاوانبارکردنی ئێوە. دوای سێ رۆژ دیسانەوە دەستکرایەوە بە پەخشکردن. دەرکەوتنی دایکی دلێر لە دادگادا وەک هەورەگرمە لە هەموولایەوە دەنگیدەدایەوە.

نا، کارەسات لەوە گەورەتر نابێت کە دایکێکی پیر و نەخۆش و پەککەوتە، وەک شایەت و لەهەمان کاتدا تاوانبار لەبەردەمی دادگادا سوێندبخوات کە کوڕەکەی خۆی نەکوشتووە.

حاکم، چاوتەڕ و دەم وشک و گەروو پڕ لە گریان بۆ ماوەیەکی درێژ لە دایکی دلێر راما. دوای قومە ئاوێک و چاو سڕینێک وتی: دایکم! من ناڵێم تۆ تاوانباری بە کوشتنی دلێر. تۆ وەک تاوانبار بانگ نەکراوی بۆ ئێرە. بەڵام من چەند پرسیارێکم هەیە، لە تۆ زیاتر کەس ناتوانێ وەڵامیان بداتەوە.

- تۆ لاڵ بوویت و نەتدەتوانی قسەبکەی. کەی چاکبوویتەوە؟

- گەورەم! هەر ئەو رۆژە... ئەو رۆژەی کە دلێری تیا کوژرا.

- پێش ئەوەی لاشەی دلێر ببینی، یان دوای ئەوە؟

- لاشەی چی جەنابی حاکم! لەو گوێنییەدا لاشە نەمابوو، بەڵام پێش ئەوەی بیبینم، هەر ئەوکاتەی کە لە کەروێشکە خەوێک راپەڕیم، دڵم خەبەریدا کە کوژراوە.

حاکم لەسەرخۆ وتی: من، دوێنێ و پێرێ، لەگەڵ چەند پزیشکێکی تایبەتیدا قسەم کردووە، کەسیان نەیانتوانیووە پەیوەندییەکی زانستی لەنێوان چاکبوونەوەی تۆ و کوشتنی کوڕەکەتدا بدۆزنەوە. بەس تەنها یەکێک لە دکتۆرەکان، کە دکتۆری دەروونی بوو باسی ئەوەی کرد کە ئەو بڕوای بەو مەسەلەیە دەبوو، ئەگەر دایکی دلێر لەوکاتەدا چاکببوایەتەوە کە تەرمی

کوڕەکەی بینیووە، بەڵام تۆ پێش ئەوە چاکبوویتەوە. پرسیارەکەم ئەوەیە چۆن؟ چۆن چاکبوویتەوە؟ چۆن دڵت خەبەریدا؟

ـ دڵی دایک... جەنابی حاکم! تۆ نازانی دڵی دایک چییە. دڵم خەبەریدا کە دلێر کوژراوە. هاوارێکی شێتانەم کرد و دەستم کرد بە خۆڵێدان و شیوەن و قژ ڕنین. چیم دەویست دەمتوانی بیڵێم. وەک تیر ڕامکردە دەرەوە. چووم بۆ ماڵی دلێر کە هەروا سێ دەقیقە لای منەوە دوورە. هەر لە دووری دوورەوە گوێنییەکەم لەبەردەمی دەرگاکەدا بینی، زانیم کە خۆیەتی و کە کردمەوە، چی ببینم جەنابی حاکم! هەر بەزەحمەت جگەرگۆشەکەی خۆم ناسییەوە.

حاکم وتی: لەڕاستییدا جێ پەنجەی تۆ بە هەموو شوێنێکی گوێنییەکەوە بوو، وە ئەوەی من بزانم ئەو گوێنییە کە بە خەتی لاتینی ژمارە سێی لەسەر نووسراوە. هی تۆیە.

ـ بەڵێ هی منە.

ـ ئەوەی من بزانم، لەم گوێنییانە چوار دانەت هەیە، وە کەسی تر لەم شار و وڵاتەدا لەم جۆرەی نییە، چونکە ئەمانە نەخشی سەیر سەیریان پێوەیە و هی شار و وڵاتانێک بووە کە لافاو نوقمی کردوون و لەسەر زەوی نەماوون. گوێنیی ژمارە یەک و دوو لەگەڵ چوار هەمیشە پڕبوون لە شت، بەڵام سێیەم هەمیشە بەتاڵ بوو. ئایا ئەمە ڕاستە؟

ـ بەڵێ ڕاستە... جەنابی حاکم! من هەرگیز دڵم نەهاتووە سێیەم دانە شتی تێ بکەم.

ـ ئەی ئەوانی تر چییان تیا بووە؟

ـ شتی تایبەتی خۆم، کە پێم خۆش نییە باسی بکەم.

ـ ئەی بۆ سێیەمیان بەتاڵ بووە و دڵت نەهاتووە شتی تێبکەی؟

ـ نازانم بۆ؟ خۆشەویستتر بوو! نازانم!

ـ ئەی ئەمانەت لەکوێوە دەستکەوتووە؟

ـ لە باوک و باپیرانمەوە بۆم ماوەتەوە.

ـ ئەی ڕاستە کە ئەو گوێنییانە دەکشان و هەمووشتێکیان تیا جێگە دەبووەوە؟

ـ بەڵێ گەورەم! هەموو ئەم هۆڵە... بە شتەکانییەوە لە دانەیەکدا بەئاسانی جێگەی دەبووەوە.

ـ بەڵام لێرەدا شتێک هەیە کە جێی سەرسووڕمانە. ئەو سێ گوێنییەی تر، هەرسێکیان کونی گەورە گەورەیان تیایە، مشک ڕەحمی پێ نەکردوون، ئەی سێیەمیان، کە هەمیشە لەتەنیشت ئەوانی ترەوە بووە، وا تازە و جوان ماوەتەوە؟

ـ خۆشم نازانم! خۆ هەرچواریان لەتەنیشت یەکەوە لەژووری گەنجینەکە بوون. نازانم... نازانم.

ـ لەڕاستیدا باس و خواسێک بڵاوبووەتەوە، ئەویش ئەوەیە کە تۆ، ئەو ڕۆژەی کە دلێری تیا کوژرا خەونێکت بینیووە، یەکێک هاتووەتە خەوت و پێی وتوویت کە دەبێ دلێر بکوژی بۆئەوەی چاکبیتەوە. ئایا ئەم قسەیە ڕاستە؟

ـ نەخێر جەنابی حاکم! شتەکە وا نەبوو. نیوەڕۆ بوو، من هەرگیز بەنیوەڕوان ناخەوم، کەمێک چاوم گەرمکرد، لەو چرکەیەدا یەکێ هاتە خەونم و چەقۆیەک و گوێنی ژمارە سێی نیشاندام و هیچی نەوت. داچڵەکیم و دڵم خەبەریدا شتێ قەوماوە. ڕامکردە ژووری گەنجینەکە، سەیرمکرد گوێنی ژمارە سێی لێ نەمابوو، ئیدی هاوارم کرد... زانیم کوڕەکەم کوژراوە.

ـ بەڵام دەبێ ببووری لە دوا پرسیارم. هەموو خەڵکی شار باسی ئەوە دەکەن کە دلێر کوڕی تۆ نەبووە، بەڵکو هەر بە منداڵی هەڵتگرتووەتەوە. ئایا دلێر کوڕی تۆ بوو؟

ـ بەڵێ کوڕی من بوو.

ـ دەتوانی بیسەلمێنیت؟

ـ چۆنی بسەلمێنم جەنابی حاکم. ئەوە شوناسنامەکەی... ئەوە کات و شوێنی لەدایکبوونی... ئەوەش ناوی باوکی... ئەوە ناوی من لەخوارەوە. ئەوە بیست و پێنج ساڵی ڕەبەقە ئەو کوڕە قەمبوورەم بەخێودەکەم. کوڕەکەم وەک دەزانن نەخۆش بوو، بیست و پێنج ساڵی تەواوە من، لە میز و گوو پاکیدەکەمەوە، لەوە زیاتر دەبێ دایکایەتی چۆن بسەلمێندرێت جەنابی حاکم!

لێپرسینەوەی دایکی دلێر لە دادگادا، کارێکی گەورەی کردە سەر حاکم و ئەو چەند کەسەش کە هاتبوون بۆ دادگا و ئەو ڕۆژنامەنووسانەش کە لەوێ بوون و چاوتەڕ... چاوتەڕ قسەکانیان دەنووسییەوە.

لەدەرەوەش باس، هەر باسی دایکی دلێر و قسەکانی بوو. لەدوای ئەو قسانەی کە لە دادگا کردنی، ئیتر کەس نەبوو خەیاڵی بۆ ئەوە بڕوات کە دایکی دلێر تاوانبار بێت. کە لە دادگا هاتە دەرەوە، بە هەزارەها کەس، لەسەر شەقام و شۆستەکان فریاکەوتبوون بە پرتاو بێنە دەرەوە بۆ بینینی دایکی دلێر. زۆربەیان هاواریان دەکرد: «تۆ دایکی ئێمەیت... ئێمەش بە دلێری خۆت بزانە».

لەو ماوەیەدا سەرۆکی دادگا، پشوویەکی سێ ڕۆژی ڕاگەیاند، پشوویەک بۆ خۆ کۆکردنەوە و خۆ ئامادەکردن بۆ لێپرسینەوەی دوا شایەت. شایەتێک کە هەموو خەڵکی شار بەتامەزرۆییەوە چاوەڕێی ئەو ساتە بوون کە بیبینن و چاویان پێ بکەوێتەوە و گوێیان لێی بێت.

دوا شایەت، پیاوێکی تەمەن مام ناوەندی، قژ کەستانی، گەنم ڕەنگ و خەیاڵ هەمیشە ڕۆشتوو، لە دادگا سوێندی خوارد کە چی ڕاست بێت دەیڵێت.

سـەرۆکی دادگـا پاش تێـڕامـانێکی قـووڵی لەو پیـاوە، بـە تامـەزرۆیی منداڵێکەوە وتی: من دەمێکە چاوەڕێی تۆ دەکەم، لە مێـژە حـەزدەکەم بتبـینم. تۆش یەکێکی وەک دلێری جنۆکە. ناسـراو و خۆشـەویست لەم شـارەدا. تۆش ناوت دلێرە، ناسـراوی بە دلێری عەبە خـەوخـۆش. توانـایەکی گەورەت هـەیە لە شـیکردنەوەی خـەوندا. خـەڵکی تۆ، بە جـۆرێک لە جـۆرەکـان تاوانبـار دەکەن بە کوشـتنـی دلێری جنۆکە. بەڵام من، تۆم وەک تاوانبار بانگ نەکردووە بۆ ئێرە، تۆ تەنیا شـایەتێکیت کە ڕەنگە بتوانی یارمەتیمـان بدەی لە دەستنیشـانکردنی تاوانبـاردا. دلێـری جنۆکـە دە سـاڵ دەبێ کـە ئەو ئـیشـەی دەکـرد، دەزانی مەبەستم چییە... تۆ دلێرت دەناسی؟

ـ بەڵێ.

ـ بینیووتە؟

ـ بەڵێ، ئەی چۆن، هەزار جار زیاتر، ئێمە هـاوڕێ بووین.

ـ ئەی ئەو قەت چاوی تۆی خوێندووەتەوە؟

ـ نەخێر.

ـ ئەی تۆ قەت خەونت بۆ ئەو شیکردووەتەوە؟

ـ بەڵێ تـەنهـا یـەک جـار. دە سـاڵ پێش ئـێسـتـا دایکی هێنـای بۆ لای من... ئەوە من بووم پێم ووت کـە دەبێ بەقسـەی ئەو کـەسە بکات کە هـاتووەتە خـەونی و دەبێ چاوی خـەڵکی بـخـوێنێـتـەوە. دایکیـشـی هـەمـان شـتـی پێ وتبـوو. ئەوەتا دایکی دانیشتووە، دەتوانن بەو بڵێن کە من ڕاست دەدوێم.

ـ هەر ئەو جارە بوو؟

ـ بـەڵێ... تـەنهـا یـەک جـار. دوای ئەوە بـووین بە هـاوڕێی یـەکـتـر... زۆر یەکـتـریمـان خـۆشـویسـت. بەڵام نە ئەو چاوی مـنی خـوێندووەتەوە و نە مـنیش خەونم بۆ شیکردووەتەوە.

ـ بۆ نا؟

ـ ئاخر نه ئەو بڕوای بە شیکردنەوەی خەون هەبوو... نه من بە خوێندنەوەی چاوان.

ـ خەڵکی دەڵێن کە گوایە، دە ساڵ پێش ئێستا، لەو ڕۆژەوەی کە دلێری جنۆکە ئەو کارەی دەکرد، ئیدی تۆ بێکار ماویتەوە.

ـ بەڵێ ڕاستە، خەڵکی هەر دەچوونە لای ئەو. لەوەتەی ئەو، ئەو ئیشەی دەستپێکرد، ئیتر کەس نەهاتووە بەلای مندا.

ـ خەڵکی تۆ تاوانبار دەکەن کە لەبەرئەوەی ئەو، تۆی بێئیش کردووە، ڕەنگە کوشتبێتت.

ـ ئەمە درۆیەکی گەورەیە. جەنابی حاکم.

ـ تۆ جاران ماڵەکەت، وەک دلێری جنۆکە، بە سەدەها کەس لەبەردەمیا وەستابوون، بۆئەوەی خەونەکانیان بۆ شیبکەیتەوە. ئەی تۆ پێم ناڵێی بۆ دوای دەرکەوتنی دلێری جنۆکە، کەس نەهاتەوە بەلاتا؟

ـ خۆشم نازانم قوربان! ڕەنگە هی ئەوە بێت کە جاران، دە ساڵ پێش ئێستا، خەڵکی خەونیان دەبینی، خەونی جوان. من بڕوا ناکەم ئێستا، وەک جاران، کەس خەون ببینێت. ئیتر بۆ بێن بۆلام. من دەرگام لەسەر کەس دانەخستووە، کە خەڵکی نەیەنە لام، خۆ من یەخەیان ناگرم. چەند گەنجێکی کەم نەبێ کە هاتوون، ئیتر کەسی تر نەهاتووە.

ـ ئەی تۆ بڕوات بە توانای دلێری جنۆکە هەبوو، لە خوێندنەوەی چاواندا؟

ـ نازانم چۆن وەڵامت بدەمەوە، بەڵام ئەوەی بە دڵنیاییەوە دەتوانم بیڵێم ئەوەیە، کە من بڕوایەکی تەواوم بە فەنتازیای ئەو هەبوو، بۆ جوانکردنی ژیان.

ـ ئەی بۆ وەک دەگێڕنەوە پێکەنینت بە کارەکەی هاتووە؟

ـ من هەمیشە بە دلێری جنۆکەم وتووە کە تۆ لە چاوی خەڵکیدا هیچ

نابینی، ئەوە هەمووی فەنتازیای جوانی تۆیە ئەو شتانە لە چاویاندا دروستدەکات. من بڕوای تەواوم بەوەیە کە خەڵکی چاویان هەیە، بەڵام هیچ نابینن، ئیتر دلێر چی خوێندووەتەوە، نازانم!

دوای ئەو قسانە، سەرۆکی دادگا، پشوویەکی ڕاگەیاند، تا بەیانی ڕۆژی سێ شەممە، سەعات سێی دوای نیوەڕۆ، کە دوا ڕۆژی لێپرسینەوە بوو.

دلێری عەبە خەوخۆش، هاتەوە بەردەمی سەرۆکی دادگا.

حاکم وتی: ئەمڕۆ، ئەم فایلە دادەخەین. من چەند پرسیارێکی کەمم ماوە، هیوادارم تۆ بتوانی وەڵامیان بدەیتەوە. تۆ هاوڕێی دلێری جنۆکە بوویت، ئایا دلێر هیچ دوژمنێکی هەبوو؟

ـ جەنابی حاکم! هەموو خەڵکی شار، بە گەورە و بچووکەوە دلێریان دەناسی. ئێستاش بە منەوە، بە هەزارەها کەس فرمێسکی بۆ هەڵدەڕێژن. بێگومان ئەو ناسراو بوو، خەڵکیش هەبوو کە درۆی گەورەی لە چاویاندا دەخوێندەوە و ڕقیان لێ هەڵگرتبوو، بەڵام بڕوا ناکەم گەیشتبێتە ئەو ئاستەی کە بیکوژن.

ـ ئەی ئەو هیچ شتێکی پێ وتوویت لەبارەی ئەو کەسانەوە کە ڕقیان لێیەتی؟ یان ڕقی لێیانە؟

ـ نەخێر گەورەم! دلێری جنۆکە وەک پەپوولە وابوو، پەپوولەیەکی گەورەی پشت کۆماوە... ڕق لە دڵیا نەبوو، هەرگیز باسی ئەو شتانەی نەکردووە.

ـ دوا پرسیارم ئەوەیە، خەڵکی دەڵێن کە توانایەکی سیحراویت هەیە لە شیکردنەوەی خەوندا. هەرچەندە ئەم پرسیارەم کەمتر پەیوەندی بە کوشتنی دلێرەوە هەیە، ئەوەش دەزانم کە ئێستا هەموو خەڵکی شار بە گەورە و بچووکەوە لەبەردەمی شاشەی تەلەڤیزیۆنەکانیاندا قوتبوونەتەوە و گوێیان لێمانە، بەڵام من ئەوە بۆ دە ساڵ دەچێ، هەموو شەوێ هەمان خەون

دەبینمـەوە. من ئێسـتـا پیـربووم و شـەرم لە خـەونەکانـی خـۆم ناکـەم، بەڵام دووبارەبوونـەوەی ئەم خـەونەم، هەمـوو شـەوێ لە مـاوەی دە سـاڵدا مـاندووی کردووم. من هەمـوو شـەوێ لە خـەونمدا کۆمـەڵێک دیوار، دیواری بەرز ـ بەرز، دێنـە سـەر ڕێگام و نـایەڵن بڕۆم. دیوارەکـان بـەرزن، هەندێ جـار دیارنین و شرخ... ناوچەوانم بەر یەکێکیان دەکەوێ. قڵیشێک و دووان، خوێنێکی سپی، وەک چۆڕی شـیر بـە سیـمامـدا دێتـەخـوارێ. چواردەورم پڕدەبێ لە پشـیلە... پشـیلەی خـڕپن و جـوان جـوان. پشـیلەی تووڕە و تڕۆ و دڕنـدە. لەدوورەوە پەیژەیەک دەبینم، تا دەگەمـە لای پەیژەکە خەبەرم دەبێتـەوە. تۆ دەتوانی ئەوەم بۆ شیبکەیتەوە؟ ئەوە چییە من دەیبینم؟

دلێری عەبە خـەوخۆش بۆ مـاوەی سێ چرکە، تەنها سێ چرکە بیریکردەوە و وتی: جـەنابی حـاکم! من دەتوانم پێت بڵێم، بەڵام حـەز دەکـەم بەس تەنـها بە خۆتی بڵێم، ڕێگەم بدە بێمە لاتەوە و بە گوێچکەتدا بچرپێنم.

خـەڵکی لەمـاڵەوە... لەبەردەمی شـاشـەی تەلەڤیزیۆنەکانیانەوە خـەریکبوون شێتبن. بە هـەزارەها جنێویان بە دلێری عەبە خەوخۆش دا... بە سەرۆکی دادگا دا.

دلێـر بـۆمـاوەی سێ دەقـیـقـە، بە گـوێی سـەرۆکی دادگـادا چرپـاندی. کـە تەواوبوو، حاکم سێ جاران سوپاسی کرد و ڕووی کردە هەمووان و وتی:

ـ لەڕاسـتیدا مـن پیربووم. پەنجـا سـاڵ دەبێ ئەم کـارە دەکەم و هێـزم پێ نەماوە. ئەوە بۆ دە سـاڵ دەچێ، ئەو هەموو تاوانە لەم شـارەدا دەکرێن و من تا ئێسـتـاش تاوانبارێک چییە بۆم نادۆزرێتەوە. لەم مینبـەرەوە ڕایدەگەیەنم، کە ئیتر واز لەم ئیشـەم دێنم و خۆم خـانەنشـین دەکەم. ئەوەی دلێریش بە منی وت حـەز دەکـەم بەس تەنیـا لەبەینی خـۆمـاندا بمێنێتـەوە. ئەم جـارەش هـیچ. با ئەمەیان دوا فایل بێت، من ئیمزای بکەم و دایبخەم. یان هەموومان تاوانبارین

له كوشتنی دلێری جنۆكەدا، یان هیچ كەس تاوانبار نییە. تاوانبار دیار نییە، ڕەنگە یەكێ بێ ئێستا لەسەر شەقامەكان پیاسەبكات، هەرچەندە لەم كاتەدا بڕوا ناكەم كەس بەدەرەوە بێ، یان لەماڵەوە لەبەردەمی تەلەڤیزیۆنەكەیدا دانیشتبێت و گوێی لێمبێ. تاوانبار یەكێكە لە ئێوە، یەكێكی دڵڕەق كە تا ئێستا تامی ژیانی نەكردووە و بەداخەوە من بۆم نەدۆزرایەوە.

چاوانی پڕبوون لە فرمێسك. دایكی دلێر دایە پرمەی گریان... دلێری عەبەخەوخۆش گریا... ڕۆژنامەنووسەكان گریان... خەڵكی شاری بەردەمی تەلەڤزیۆنەكان گریان... پۆلیسەكانی ناو دادگا گریان... شۆفێرەكانی ڕێگاوبان كە بەهۆی ڕادیۆكەیانەوە گوێیان دەگرت گریان... ئاسمان گریا... درەختەكان... باڵندەكان گریان... ئێمەش گریاین و سەرۆكی دادگاش چەكووشە دارینەكەی بەرزكردەوە و كێشای بە مێزەكەی بەردەمیدا.

مارت ـ ٢٠٠٢

پێرست


وێنەکان دووبارە دەبنەوە ........................................................ ٧
سێوە لاسوورەی دڵ بەشی قەپاڵێک ناکات .................................. ٣٣
کۆڵانی تەنیاکان ................................................................ ٤٧
خەونی زێوان .................................................................... ٧٥
فرمێسکی شارێک .............................................................. ٨٣

له بەرهەمە بڵاوکراوەکانی نووسەر:

١ـ زێراب ـ کۆمەڵە چیرۆک، چاپی یەکەم، سوید ١٩٩١ .

٢ـ چاوەڕوانی ـ ڕۆمان، چاپی یەکەم، سوید ١٩٩٢ .

٣ـ بەیازی گوڵفرۆشێک، کۆمەڵە چیرۆک، چاپی یەکەم، سوید ١٩٩٨ .

٤ـ وێنەکان دووبارە دەبنەوە، کۆمەڵە چیرۆک، چاپی یەکەم، سلێمانی ٢٠٠٣ .

سوپاس و پێزانین:
بۆ هاوڕێم کاک عەبدوڵا قادر دانساز کە تایپ و مۆنتاژی ئەم کۆمەڵە چیرۆکەی گرتە ئەستۆی خۆی.

**ARAM KAKAYFALLAH**

# BILDERNA UPPREPAS

**NOVELLER**

## KURDISTAN 2003